ئامادە  کردنی:

# ناوەندی کوردeکا

بۆکان:
محەمەد ئەمین شاسەنەم: ٦٢٢١٣٤٠
عەلی جەوشەنی: ٦٢٤٢٩٢١

E-mail: nawendikurdika@yahoo.com



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# بڵێند و نەوی

نەسرین جەعفەری

ڕۆمان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

من تەشی ڕێسێکی وەک شیرنی وەفاییم بۆچی‌یە؟
کیژی وریای چاو کراوەی فیرە زانینم دەوێ
« هێمن »

پــێشــەکــی:

چیرۆک، چ کورت، چ درێژ، مایەی ژیانە، نیازی ئینسانی‌یـە و خـۆراکی رووح. بەشەر بەدرێژایی مێژوو بە شوێن ئەم ویست و داخازەی‌دا رۆیـشتووە. بە پێی هەل و مەرج و کات‌و سات دۆزیویەتەوە، سازی کـردووە، تیفتیفـەی داوە، رازاندوویەتەوە و پێشکەشی بارەگای‌ئەدەب و فەرهەنگی گەلی کردووە. شکی تێدا نیە هەموو میللەتێک لە ئەدەبی شفاهی‌یەوەبەرەو نووسراوە چۆتە پێش، بەرە بە بەرە سەبک و شێوازی بـۆ دۆزیوەتـەوە، بـە پێـی پلەوپایـەی فیکری ئاڵ و گۆڕی بە سەر هێناوە.

یەکێک لە هۆیە هـەرە گرینگـەکان بـۆ چوونـە پـێش و کـامڵ بـوونی چیرۆک، ئازادی‌قەڵەمە. کۆمەلی ئازاد، ئەسپی خۆش بەزی خۆی دەمەیدانی بەر بـلاوی ئـەدەب دا لینـگ‌داوە، میللـەتی ژێـر چەپۆکـەش یـا یـەگجاری گردەنشین بووە یا بە دەوری بازنەیەکی چووکەداخولاوەتەوە.

لە بیرمە مناڵ بووم، زۆربـەی شـەوان دایکـم حەکایـەتی بـۆ دەگـوتم، حەکایەتی فلان‌پاشا، فیسار کوڕە پاشا، نەخشی سەرەکی ئەو کورتە چیرۆکانە هەر بە پادشا و پادشازادەکان‌بوو. جارجار کوڕە کەچەلێک مایەیەکی دەدرایە، ئەویش ئەوتۆ نەبوو. ئەحمەد پاشا بە گژدێوی سپی دا دەهات، مەحموود پاشا دێوی رەشی دوو قاش دەکرد، دەم و لووتیـان دەبـڕین،دە دەسـرەیانەوە دە پێچان و دەگەڕانەوە کۆشک و تەلاری خۆیان.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئێستێ کە تەمەنێکم رابواردووە، لێم روونە پاشا و گەورەکانی ئێمە هیچ دێویێکیاندووقاش نەکردووە و هـیچ درنجێکیـان بـە جەهەنـەم موشـەڕڕەف نەفەرمووە.

قورسایی ژیان لە سەر شـانی کۆمەڵـی فـەقیر و هـەژاربووە، هـەر ئـەو هەژارانەیبەدیهێنەری مێژوون لە هیچ شوێنێک باسیان لێ نەکراوە.

دە چیرۆکە شفاهی‌یەکانی سەردەمی غەزنەویان دا، باس باسی سولتان مەحموود،هەیاسی خاس و حەسەن مەمێندی‌یە، ئەو پیاوە بە روالەت باشانە خەریکی عەدڵ ویەکسانین. بەلام حەکایەت لە زمان پیـسۆزەوە دەگـوترێ، چیرۆک بێژ روو دەپیسۆز دەکا:

« ئەی پیسۆز، ئەی عەمری من، ئەی چاوی من، میـوانم و خەسـتەم و بەرێ داهاتووم،نەقلێک، سەرگوزەشتەیەکی هەتە بۆم وەگێرە».

حەکایەت لە زمان پیسۆزەوە دەست پێـدەکا: جوولەکەیـەکی کووتـاڵ فرۆش تەما دەژنێکی موسولمان دەکا. کەبابچی‌یـەک بـە گۆشـتی بنیـادەم کەباب دەبرژێنێ و دەیفرۆشێ،جۆلایەک هـەر چەنـدی مەکووکـەی داوێ و شەپیتەی پێوە دەدا دەڵێ: زمان ئامان. رێبوارێکلە دەرکی گەورەی شـاری غەزنین دەدا، دەرکەوان بۆی ناکاتـەوە، رێبـوار کیـسەیەکی دراو لەکـەلێنی دەرگاوە دەداتێ، دەرکەوان وەری دەگرێ و دەڵێ: «سـولتان مـەحموود بـە قوربانیئەو کیسە دراوە بێ دە باخەڵی خۆم دایە»

هەر دە چیرۆکەکاندا وەزعی نالەباری ئـەو سـەردەمە وەدەر دەکـەون، بەلام بۆ ئەوەیدیزە بە دەرخۆنەیەک بۆو کارەساتانە کرابێ، دە ئاخری هەموو چیرۆکـەکان دا خەتاکاردەکەوێتـە بەرشـیری عەدالـەتی سـولتان و تـەمبێ دەکرێ. ولات دەبێتەوە بەهەشتی بەرین،گوڵ بانایبا، گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە، تەشتی زێڕ لە سەر سەرت دانێ بۆ کوێدەچی بچۆ.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەگەر عەدڵ و دادەکەی سولتان مەحموودیشمان باوەڕ کردبێ، ئەدی حەکایەت لەزمان پیسۆزەوە چ لێبکەین؟

وەوەی دەچێ سانسۆڕ دە ئەدەبیاتی شیفاهیش دابووبێ، حەکایەت بێژ لە ترسی دوارۆژی خۆی وەبالی دابێتە ئەستۆی پیسۆزی مردوو کە هەر شەوی چیرۆکەکە ئاخر فرمێسکیهەلوەراندووە و پێش ئەوەی بگاتە بەیانێکی روون کووژاوەتەوە.

سولتان مەحموودی لەچەری سیلدار، ئەو هەموو تالانەی لە هیندووستان را هێنا، بەناوی ئیسلام هەزاران کەسی کوشت و بە کوشت دا، لە پەنا ئەو ناز و نێعمەتانەی بە خۆڕاییوەگیری کەوتبوون، هەر دەو سەردەمەدا مەزنە پیاوی وەک فیردەوسی لە داخان مرد.

ئەگەر قەلامبازێک باوێن، بێنە زەمانی «قاجارە»کانەوە، ئەوێ دەمێ کە هەموومیللەتێک دەستی کردبوو بە رۆماننووسی، لە بنەو پاڵەوەی ئێمە نووسەرانی «رووسییە»چەند شاکاری گەورەی رۆمانیان داوەتەوە دەرێ، ئینگلیس، فەڕانسە و زۆر شوێنیترئەوانیش گەورەترین کاریان لە سەر چیرۆک و رۆمان کردووە. بەلام ئێمە دەو سەردەمە داچمان هەیە، من نالێم ئێمەی کورد، ئێمەی کورد زمانەکەمان ئازاد نەبوو، ئەمما ئێمەیئێرانی دەزبانی فارسی دا چ رۆمانێکمان هەبووە؟

رانەگەیشتن بە فەرهەنگ، کۆمەڵ وەدوا دەخا، ئێستاش پێش کەوتنی جیهانی هێندەخێرایە کەس شوێنی ناشکێنێ.

سانسۆڕ، خۆ سانسۆڕی و ترس لە نووسین، مێشک لە کار دەخەن، بیرحەفس دەکرێ وئەسەر ناخوڵقێ.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ده هەل و مەرجی وەها ئەستەم دا شێعر بە هـاواری نیـازی بەشـەرەوە دێ، بەلام بەتەنیایی ناتوانێ ئەم ئەرکـە بـە جـێ بێنـێ، نەسـر بـە تایبـەتی چیرۆک مەیدانی هەست و چێژگەورەتر دەکا.

ڕۆمان نووسی دەزمانی کوردی دا تازە دەس پێکـراوە، هـەوەلی گـوڕ و گاڵ و دارەدارەیەتی. خەریکە شکڵ دەگرێ.

ماوەیەک بوو چاوەڕێ بووم، کەڵە پیاوێکی قەلەم بـە دەسـت، مـزگێنی ڕۆمانێکیتازەمان بداتێ، بەلکە چەند رۆژێکی پێوەی بژین.

بە شانازییەوە، شێرەژنێکی خاوەن هەسـتی کـورد «نەسـرین خـانمی جەعفەری» ئەوئەرکەی بە جێ هێناو چاوی چاوەڕێمی روون کردەوە.

ئەو بەڕێزە لە بنەماڵەی گەورەی  مـەلاجامی چـۆڕییـە و خوشـکەزای مامۆستا هێمنینەمرە.

دە ژنانی کورددا کەمتر چیرۆک نووسمان بووە، یا هەر نەبووە، شاعیری کچمان زۆرن، نەسرین خانمیش بـە شـێعر دەسـتی بـە خزمـەتی ئـەدەبی کردووە، ئێستا گەیشتۆتە نەسر وچیرۆک نووسـی، رەنگـە ئـەویش مەیـدانی شێعری پێ بەرتەسک بووبێ و خۆی لە دەس قافیەو وەزن شاردبێتەوە.

نەسرین خانم پێشتریش پێنج جلدی چیرۆک بۆ منالان نووسیوە کە لە لایەن ناوەندیبلاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردییەوە  چاپ کـراون، ئەوانیشی بە خزمەتێکیئەدەبی دەزانم، خوێندوومنەوە و بەدلمن.

ڕۆمانی" بلیند و نەوی" نەسرین خانمم خوێندەوە، بردمی دە دنیایەکی دیکەوە، دنیایرابردووی پڕ کارەسات و بەسەرهاتی سەردەمی «خـانی لـەپ زێڕین» رۆژگاری گورز ومەتاڵ و تیر و کـەوان، رۆژگـاری ئـەوین و دلـداری، خەبات و فیداکاری، ئـەو شـێعرەی مامۆسـتاحەقیقیم وەبـیر کەوتـەوە، کـە فەرموویەتی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەوری خەمان لە سەر سەری کردم کڕیوە
پێچبەرزی سەری بەفر گرە، مەڕوانە سەر سەری
نەمدی سەری لە بەردی نەدابێ خۆلی زەمان
تێیدا بێ هەر سەرێ سەروسەودای سەروەری

کاتێ لە خوێندنەوەی رۆمانەکە بوومەوە، وەک زەرەرێکی قورسم کردبێ وابوو،دەمەویست تەواوی نەکا، درێژە و دیسان درێژەی پێ بدا.

هەر چەند دەبارەی قەلای دمدم دا نووسراوەی دیشمان هەن، رۆمانەکەی نەسرین‌خانم تەنیامایەیەکی مێژووی لێدراوە، ئەوی تری خەیالە، خەیالەکەش خراپی بڕ نەکردووە.چیرۆکێکی پڕاوپڕ لە ئەوینداری‌یە، شیرن و مەزەدارە و پێم خۆش بوو.

مایەی بنەڕەتی رۆمانەکە ئەوینە، زۆربەی قارەمانی چیرۆکەکە ئەویندارن. ئەوینێکی‌بە ئەدەب وکوردانە. نووسەر توانیویەتی بە باشی پچێ دە قالبی قارەمانەکانیەوە،لە زۆرشوێنان چووە دەناخی بیر و خەیالی وانەوە،ئەو بەشەی بە بڕوای من زۆر بە قەوەتە.

تام وچێژی چیرۆکەکە کوردەواری‌یە، بە کوردی بیر کردۆتەوە و بە کوردی‌نووسیوە.ولاتەکە، داب و رەسم، شادی وشین وە...هەموو خۆمالین.

وشەی رەسەن، رستەی قولە،زمانی تەڕ وپاراو بە سەر سەرجەمی نووسراوەکەدا زالە.لە هێندێک شوێنان منیش ئەوەندەی لە توانام دابوو ئاڵ وگۆڕم پێ کردن، شتی جوانترم بۆدۆزینەوە،بە بێ ئەوەی دەست لە نێوەڕۆک بدەم.

هیوادارم" ئەوە بێ و هەزاری تر" زۆر چیرۆک و نووسراوەی دیکەشی بە شوێن دابێ،زۆر ئەسەری دیش بخولقێ و زۆر نەسرینی‌تریش هەلکەون.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تکایەکم هەیە لە خوێندەواری کورد،هەر نووسراوەیەک بە زمانی کوردی هاتەبازاڕبیکڕن، ئەم کارە لانی کەم خزمەتێکە بە ئەدەب وفەرهەنگی خۆمالی.

ئــەم ئەســەرانەی دێنــە دەرێ دەگــەڵ ئەســەرە گــەورەکانی دنیــا هەلیمەسەنگێنن، ئێمەهەوەلی کارمانە و کورد گوتەنی: «لــە پڕێکــەوە نابیــە کوڕێک».

بە ئارەزووی ئەو ڕۆژەم زمانی ئێمەش بە تەواوی بپشکوێ، لک و پۆپان دەرکا. تەڕوپاراوترببێ، تاس ولووستر بکرێ وسەرێک بێ لە نێو سەران.

فەتاح ئەمیری

بۆکان ٧٥/٨/٣٠



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

( ١ )

دەمەو ئێوارە بوو، چڵکە هەورێک بەرۆکی ئاسمانی گرتبــوو، کوێـستانی سەخت و ئەستەمی کوردەواری سەریان بە تەم بوو. تەپ و مژێکی سەخت و خەماوی ترۆپکی کێوە بەرزەکانی ئەنگاوتبوو. ولات کش و مات، چیا بێدەنگ. بەسام...

دوندی چیای هەرە بلیند رەگە هەورێکی نە سـوور نـە ئـالی بـە سـەر کشابوو. خۆری‌بەرە و ئاوا بوون لە تۆڕی هەوری بۆر و چڵکن دا کز دەسووتا. زەمان تۆز و تۆوی پەژارەی‌دەپرژاند.

ئێوارە بوو، ئێوارەیەکی درەنگ. چەند سەعاتێک بوو دوو سوار رکێفکوت و بێوچان یەکسمەکانیان بەرەو رۆژئاوا لینگ دەدا، هەوراز و لێژ و نێوە نێـوە دەشتیان تەخت‌دەبڕی، هەر دەتگوت ئاوریان پێیـە. وڵاخـەکانیان گـەرچی دەهەژان و دەفیان دەداوشەتلی ئارەقە بوون، بەلام باوی بازیان خۆشتر بـوو. پالیان دەگرت، گەرد و تۆز شوێنی لەدوو دەگێڕان...

تەم نارەویٚ! خەم و کەسەرێکی گران دڵ و دەروونی ئـازار دەدان. بـیٚ هومێد و هیوا،کۆست کەوتوو، ئازایەتی و جوامێری بە فێڵ و تەلەکە و دەهۆ لە ناو چووبوو.کاتێک‌رەشەبای شەڕ بە سەر ولاتی‌دا خوشی ژیان وەکـوو خـۆی نەما، شوێنەواری شەڕ هەمووقوژبنی داگرت. کـەس نـەبوو بـرینی دەگیـانی نەبوویٚ و داغی خۆشەویستێکی بە جەرگەوەنەنرابیٚ.

ئـەوا شـەو هـات و تـەواوی ولاتی داگـرت، خـەم و شـادی داپۆشـی، ئەستێرەترووسکانەوە، زەوی وئاسمان لێک نیزیـک بوونـەوە، وەهایـان پـاڵ



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

وێکـدا، درشـت و ورد،راوی ئەسـتێرەی پـێ دەکـرا. سـروەیەکی فێنـک سەروچاوی دەلاواندنەوە، بۆنی خۆشی گیاو گۆڵ تێکەلاوی بۆنی گـەز و دارە بووز و بناو، بۆنی بەهارێکی درەنگ وەخت، کەمێک‌ویشک و تـاڵ. جاروبـارە سریوەشی نەدەهات. تەنیا جریوە جریوی ئەستێران، زرمەی‌سمی ولاخەکان، تەنیایی و بێدەنگی.

خدر سەری هەلێنا، مات و بێدەنگ روانی. «زەوی ئێستا لە ژێر پەردەی خەوە، تەنیائەوی نەسرەوتووە بیرە، ئەوی بێ جێ و مەکانە خەیالە، نە هـاتن بە خۆتە و نەڕۆیشتن، نەژیان. بۆ دەژی؟! بۆ وەی هەوڵ بدەی و تێ بکۆشی و لەو ژیانە شەڕانخێوی‌یە دادەردببینی و داخ و کەسەر بچێژی، دێیە دنیا تەنیا بۆ جارێ بێ وەی بزانی بۆ؟!

ئەو جار بە جێی دێلـی وەک نـەبووبێ، قـەت نـەبووبێ. هەمیـشە تـای تەرازووی خەم ودەردەکان قورسترە لە خۆشی و شادێکان. بـەلام کێیـە لـە دنیا تەسەل بێ؟!».

خاتوون چاوەکانی دە تاریکایی بڕیبوو، بـێ هەسـت و خوسـت. چەنـد ئاواییان جێهێشتبوو کۆست کەوتوو، بێ هومێـد و هیـوا، بـە دلی بـە خـەم، بێدەنگ. دوور و نیزیکی‌ئاواییەک خدر گوتی:

– ئەم شەو لێرە دەبین، سبەینێ وەڕێ دەکەوین.

بێدەنگی، وەلامی نەداوە، وەک نەبووبێ، قەت نەبووبێ. گوێی لـێ نیـە، وەکوومردوو، لەشێکی بێ گیان، بۆ زنیدووە؟! ئێرە کوێیە؟! بۆ کوێ دەچن؟! بێ هەست وخوست چاوی بڕیبووە تاریکایی و نەیدەترووکاند، تەواو دەبـیران راچوو بوو.مێشەلانەکەی بەردەمی دەتگوت رووحی هەیە و بۆ لای دەخوشێ، بە سام و ترسێکی‌زۆرەوە دەیڕوانی. تارماییەکان بەرە بەرە زیاتر دەبوون، بـۆ لای دەهاتن...



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەروا دەهاتن بێ بڕانــەوە، زیــاتر دەبــوون. تارماییــەکان دم و چاویــان هەبوو، روون وئاشکرا. تا دەمێ لەمەوبەر گشتیان گیان لەبەر بوون و زیندوو. دەستە خوشکەکانی،هەوێکانی، خاتوونەکانی قەڵای دمدم، دەست و پێوەند، خــولام و نۆکــەر، چەکــدار، ژن وپیــاو، بچــووک و منــداڵ. ســەر و گــوێلاک خوێناوی، رەش و شین، شەتلانی خوێن، ونجڕونجڕ، پچڕ پچڕ، بۆ نەمامەوە؟!

بۆ منیش لە چل کەوانێ راخۆم هەلنەداشت، بۆ ترسام؟! بۆ ژیان ئەوەندە شیرینە؟!بۆ چی خاتوونەکانی قەلا پاش مێردەکانیان، برا و کەس و کاریان بە دیلی نەژیان و خۆیان‌وەدەست دوژمن نەدا و ئازایانە خۆیــان روو وە بــەردی شمشیر خانێ هەلداشت؟ بۆ من‌نەمکرد؟! بۆ من چم لەوان کەمتر بوو، منیش دەبوو لە چل کەوانێ رابەرەو لووتکەی‌شمشیر خانێ خۆ هەلدێرم، پاشی خان تازە ژیانم بۆ چی‌یە؟ بۆچی بە قسەی خانیم کرد،خوێنی من لە خــوێنی ئــەو هەمووە خاتوونە رەنگینترە؟!

بۆ نەمکرد، بۆ بە قسەم کرد؟ دەستی شکاوم تازە چوو ناگەڕێتەوە، هــەر من ماوم،دەبێ بژیم و ئەو هەموو دەرد و کەسەرە بچێژم، دەبێ هەتا هەتایــە هەر بگریم و بنالم.دیمەنی خوێن، هەراو غەلەبایی، بیگــرە، بیکــوژە. تەقــەی تۆپ و تفەنگان، بۆنی بارووت،لەشە بێ گیانەکان، تەپ و تۆز، هــەراو هوریــا، هات و هاوار، راکە راکی جەماوەری تێشکاو، هاواری گیــان دان و ئاویلکــەی مەرگ و نەمان.

تارماییەکان هەروا دەخوشین، دەهاتن، تم و تم بێ بڕانــەوە، چــاوی زە ببوو، مووی‌لێ ببوونە نەشتەر، ترس، سام گرتبووی. دەســتی شــل بوونــەوە، جڵەوی ماینەکەی بەردا،پەنا بۆ کوێ بەرێ؟! بۆ کوێ بچێ؟!

ماینەکە سەر بە خۆ ملی رێیەی گرتبوو، نەرم نەرم دەڕۆیــشت. دەور و پشتی دمدم‌گیراوە، دوژمن دوور و نیزیک هەلیداوە، ئەو قەلایەی سەری لــە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەوران دەدا و هێلانەی‌هەڵۆ بوو، ئێستە کوندی مەرگ و ماڵویرانی راوی لێدەکرد.

دوژمن بە قۆنداغە تفەنگان ، بە رنب و شیران وەنێو کەلاکان کەوتوون. جاروبارە بەقۆنداغ دەسەر و گۆێلاکی لەشە نیوە گیانەکان دەکوتن، ئاوەژوویان دەکەنەوە،دەیانپشکنن، رووتیان دەکەن.

ناڵەی گیان دان و مەرگ. لەشی نیوە گیانی دۆست و دوژمن لە ژێر پێی قۆرچی وقزلباش پێ شێل دەکرێ. لەشی بێ گیانیان، خوێن، هاوار، زیق و هۆڕ، بۆنی خوێن، دڵی‌تێک ئالا. زۆر کەس خوێن گرتوونی.

بۆنی خوێن و کەلاکی بۆگەن، مەیتی ئینسان و لاشی مردووی ئەسپ و ولاخان.ماینەکە چەقی، مێشەلانەکە بۆ لای خۆشی هەروا هات، بێ برانەوە، هەزاران تەرمی‌گیاندار، خوێناوی، شەلالی خوێن. یەک چاوی نی‌یە، یەک زگی دڕاوە، یەک دەستی‌پەڕیوە. هەزاران تەرمی گیاندار، لەت و پەت، چاو دەرپەڕیو، ردێن بە خوێن. بانگی‌دەکەن:

- وەرە.... ئەتۆش وەرە...

زریکاندی، یەک بە خۆی، دار و بەرد دەنگی داوە. خدر بە زیقەکە ئەغیار بۆوە،ئاوڕی داوە. خاتوون وەپاش کەوتبوو. سەری ئەسپەکەی وەر سووڕاند، گەڕاوە. گوتی:

- خاتوون بۆ هاوار دەکەی؟ چ بووە ؟!

وەلامی نەداوە. خدر زانی سام گرتوویەتی، دلخۆشی داوە:

- خاتوون چی وامان نەماوە، ئێستا لەو زینووە ئاوابین دەگەینە ئاوەدانێ. لە ئەسپەکەدابەزی، جلەوی ماینەکەی لە قەلپۆزی ئەسپەکەی خۆی بەست. جلەوی ولاخەکەی‌گرت و رەکێشی کرد. بێدەنگ جلەوی دەکێشا. چی پێ گوتبا، چۆنی دلداری داباوە؟! بۆئەو کۆستە ئەوەندە بچووکە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کە بتوانی بە ئاسانی باسی بکەی؟ دەتوانی چ بلێی؟ بێدەنگی.بەلام ئاخر ئەوە ژنــە، دەترســێ. دەســتی بــە فیتــوو لێــدان کــرد، پــاش قەننــە کێــشێک دیسانبێدەنگ بۆوە. خــاتوون بــێ هەســت و خوســت دەســتی بــەو لاو لادا کەوتبوو، چاویدەعەرزی بڕیبوو، بێدەنگ. ببوو بە تەرمێکی نیوە گیان.

ولات بێدەنگ و بەسام. چەنــد هــەوری کــوتکــوت و رەش، مــانگێکی تۆزاوی و کەت. ولاتێکی چۆل و هۆل، تەنیا دوو سوار، دنیایــەکی بــە ســام و داهاتوویەکی نادیار. هاشەی بابە نێو مێشەلانەکەدا دەتگوت بەشێک لە شەوە، دەگەڵ دار و بەرد تێکەلاوە. خوڕەیچۆمەکــە روونتــر دەهاتــە گــوێ. تــەنیا تەقەی سمی یەکسمەکان دەگــەڵ ئــەو دیمەنــە نــامۆ بــوو.جریــوە جریــوی ئەســتێران لــە ســەر ســەریان، تاریکــاییش لــە دەور و بــەریان. ئــەوانیش وەکووبەشێک لەو شەوە بوون. چارەگە ســەعاتێک رۆیــین. دوور و نیزیکــی ئاواییەک خدر گوتی:

- خاتوون گەیشتینێ.

چەند چرای بێ سۆمایی کز لە دوورەوە دەترووســکانەوە. لــە کۆلانێــک سەگێکهاتەدەر، چاوی وەکوو چرا تروسکەی دەهات. پێیان وەڕی. چەنــد سەگی دی بە چە ولوور جوابیان داوە بێدەنگی شکا. خدر خێرا لە دەرکێکی دا.

تاوێک پێ چــوو ســەگەل بــە دەوریــان وەرببــوون لــەو لاو لاوە لێیــان دەمڕاندن و پێیاندەوەڕین. کەس دەرکەی نەکردەوە. خدر دیسان دەرکەی کوتا. دەنگێکی زلی خەوالوو لەپشت دەرگا گوتی:

- کێیە بەو نیوە شەوە. چ قەوماوە؟!

خدر گوتی: کاکە رێبوارین، شەومان لێ درەنگ بووە، تازە ناگەینە هیچ کوێ. ئەمشەو ڕامانگرن.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تەقەی دەرکەکە هات، سەرێک لە کەلێنی دەرکە هاتەدەر و گوتی:

- بەو نیوەشەوە لە کۆێرا دێن؟!

- براڵــە نەقلەکــە دوورە، ئــەوە دوو شــەوە بــە رێــوەین، مانــدوو و شەکەتین،جارێوەختی ئەو قسانە نیە،لێی گەڕێ بۆ دوایە.

کابرا چۆلە چراکەی لێ نیزیک کردنەوە،بۆوەی باشیان ببینێ.گوتی:

- وەرنە ژوور میوان خۆشەویستی خوایە.

ئەوە دەنگی خانەخوێ بوو. ئاهێکیان هاتەوە بەر، ئێستا پەنایەکیان دەبێ تابەیانیتێیدا بحەسێنەوە. کــابرا دەرکــی خــستە ســەر پــشت. خــدر پیلــی خاتوونی گرت و دایبەزاند.

ئازای لەشیان کوترابوو، هێندە ماندوو بوون ئیدی هێــزی لــە ســەر پــێ راوەستانیاننەمابوو. خاتوون هەڵترووشکا. خدر بە بێوازی گوتی:

- کاکە ولاخەکان لە کوێ ببەستمەوە؟!

کابرا گوتی: هەر ئێستا تاقەتیان دەکەین. بانگی کرد.

- ئافرەت.... ئافرەت هەستە میوانمان هاتووە.

ژنە گوتی: میوان بە خێر بێ سەرچاوان.

ژنە هاتە دەر و بە خێرهاتنی کردن. پیلی خاتوونی گرت و بردیــە ژوور. لە حالیشــپڕێوی خــاتوون وا تێگــەیی نەخۆشــە. لــە لای ســەرێ لبــادێکی راخست. سەنیر ولێفەیەکی بۆ هێناو خاتوونی لە سەر رۆنیشاند. چوار منداڵی سەر و پێچکە لە قولینجکیماڵەکە خەوتبوون. لــە ژێــر نــووری کــزی چۆلــە چراکە سەر و گوێلاکیان وەدیار کەوتبوو. ژنەزۆری بــە خێــر هێنــا. خــاتوون نەیزانی چی گوت، چۆنی جواب داوە. خدر دەگەڵ کابرایخانەخوێ هاتنــە ژوور. کابرا گوتی:

- رەنگە زۆریش برسی بن؟!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

خددر گوتی: ئەرێ بە خودای. وەبیرمان نایــە کــەنگێ پاروێکمــان نــان خواردووە.

ژنە خێرا چوو بۆ لای هەرزالەکە، کەولێکی هێنــاو دەســتەوارێک نــان و هێندێک پێخۆر. تاسێکی دۆ تێکرد و کەوچکێکی دۆمانەی لە نێو نا. خدر چۆ پێش بێ وەی‌فەرمووی کەن، دەستی بە خــواردن کــرد. خــاتوون دەســتە و ئەژنۆ لە سەر جێیەکەدانیشتبوو، کز و داماو. خدر گوتی:

- خاتوون فەرموو، ئەوە بۆ دەلێی برسی نی، وەرە پاروێک نان بخۆ.

خاتوون چی نەگوت: هەر وا بێدەنگ دەیڕوانی. ژنی خانە خوێ گوتی:

- خوشکێ نانی خەجاڵەتێیە، قابیلی ئێوەی نی‌یە، پاروێکی بخۆن.

خاتوون گوتی: بە زیاد بێ، خودا نەیبڕێ، ماندووم، ئیشتیام نابا.

دەتگوت بە دیــتنی ئــەو ئینــسانانە وردە وردە گەڕاوەتــەوە نێــو دنیــای زنیدووان،سامی‌شکابوو. دیتنی ئەو زیندەوەرانە، دیــتنی ئــاوەدانی ئــەوی لــە دنیای خوێن وشەڕ و هەڵلاوەدوور خستبۆوە، خانەخوێ جامێکی دۆ تێکرد و بۆی هێنا. خاتوون دۆیەکەی وەرگرت.زۆر تینوو بوو، بە دەمێوە ناوتێر و پڕی خواردەوە. خدر بە پەلە پەل نانی دەخوارد.دەتگوت رەپێی دەنێن، زۆر برسی بوو. تا توانی خواردی ئەو جار کشاوە. دەستی بەردێنی داهێنا و گوتی:

- بە زیاد بێ خودا نەیبڕێ.

ژنە کەولەکەی خڕ کردەوە و لە ژێر پێرکێی ناوە. خدر گوتی:

- وا باشە ولاخەکان تاقەت کەم.

خانەخوێ چۆلە چرایەکی داگیرساند و دایە دەســتی. ژنی خانــەخوێش هێندێک‌نوێن و بانی هێنا و رایخست. نوێنەکان کۆن و شڕ بوون. خاتوون بە دیتنی نێو مالەکە زانی‌نەدارن.تاوێک پێ چوو، خدریش هاتــەوە ژوور. کــابرا گوتی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- کاکە ئێستا کاتی پرسیار نیە. شەو راشکاوە بنووین، سبەینێ وەخەبەر نایەین.

چوون دەجێیەوە، چراکەیان کوژاندەوە، چاو شل بوون. خەو هەموو شتێکی لە بیربردنەوە. دلی بە خەم و لەشی شەکەت لە یادان چۆوە. پرخ و هۆڕ هەستا، لەشی ماندووبادلیش بە خەم بێ، خەو دەچێتە جەستەی. خەو دنیای حەسانەوە، دنیای بێدەنگی،مردنێکی کورت، دنیای هێوری. گەرچی ئەم شەو وەکوو شەوان نەبوو، بە تایبەت، بۆخاتوون. بەلام هەر چاوی دەبیرە هۆش راچوو، زەلامێک دەستی لە ئەوکی نا، خەریکبوو بیخنکێنێ. هەرچی دەیکرد و دەیکراند بەری نەدەدا. چاوی هەلێنابوو، دەیدی لە نێومالە قورماویەکە راکشاوە. گەرووی پێکەوە نووسابوو، قسەی بۆ نەدەکرا. ویستی هاوارێبکا، نەیتوانی. دەیزانی مۆتە گرتوویەتی، نەیدەتوانی خۆی بجوولێنیتەوە، هەر چۆنی بووخۆی رزگار کرد، هێزی وەبەرە خۆ نا، دەستی وەبنە خۆی کەوتبوو. دیسان بیری خەم ودەردەکانی، بیری تەنیایی و سەرلێ شێواوی ئەوکیان گرت. گریانی تێکەڵ بە خەم و پەژارەگیانیان داگرت. بە دەم خەم و گریان خەوی لێ کەوت. بەلام ئەم خەوە زۆر سووک بوو،شتێک وەک بیرەخەو. بۆ زیندووە؟! پێش تر ژیاوە؟ لە خەو دا دەگەڕا بۆوەی بزانێزیندوویە یا مردوو. بەلام نەیدەزانی، نەیدەدۆزیەوە. ئەو قینەی لە ژین هەیبوو، ئەونەفرەتەی لە ژینی بێداری ئەویان لەشک داهێشتبۆوە. لە خەویش دا هەستی بە بوون ومان نەدەکرد. خەیالەکانی تێکەڵ و پێکەڵ، ئەو لاو لای دەکرد، نیوە خەو و بێدار، بۆئەوانی دی خەو تەنیا حەسانەوەیەک بوو بۆ لەش، بەلام بۆ ئەو مۆتەیەک بوو، خەو دێ،ئەو کاتەی گیان ماندوویە، لەش شەکەتە، نەویست. پشوودانی لەش، حەسانەوەی گیانچاولێک نانێک، چاوترووکانێک.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەستێرەکان وردە وردە بـزر بـوون، زەردە لـە سـەرانی دا. لـەش بـەو خەوەکەشەنگێکەی نەماوە، لە گوندەکان زۆر زوو شەو دادێ، ئـاواش زوو رۆژ دەبێتەوە. ئێستاکایەی رۆژە، دەنگی ژیان لە هەر کـەلێن و قوژبنێـک دێتـە گوێ، کاتی وەڕێ کەوتنە. بەیانیزوو بەرەو نێرگێ کەوتنە رێ. لەو جێیە بوو یەکەم جار پەریزاد خانی دیت و یەکەمگزینگی ئەوین لەو شوێنە دڵ و گیانی پێکا. ئەو کاتەی میرانی چـاوچنۆک زۆرە ملـی لێـدەکرد و ژیـنی لـێ تـاڵ کردبوو. ئەو دەم بوو دەگەڵ ئەمیرخان یەکتریان بینی. دەبـێ مـیرانئێـستا چۆن بێ؟! بلێی خانی نێرگێ بێلێ بگەڕێتەوە لای دایـک و بـابی؟ لەوانەیـە ئەوانیشبەویەوە دەرکا. بەلام لەوانەشە هەتا ئێستا رقەکەی نیشتبێتەوە. هەر چەند وێش ناچێ،خانی مێرگە زۆر رق ئەستوور و بەقینە، لەدڵ رەقی دا بـێ وێنەیە، کەی لە بیریدەچێتەوە؟!

پەریزاد ئەو دەمی دەتگوت قونچکە زێڕە، لە تەواوی ناوچەی تەرگـەوەڕ ومەرگەوەڕدا، نا هەر لە تەواوی ناوچەکانی کوردەواری جوانێکی وانەبوو. نەک هەر لەناوچەدا بەلکوو لە تەواوی ولاتانی دەور و پشتی، نێو بانگی جوانی بـێ وێنەی پەریزادبلاو ببۆوە، دەتگوت خوناوەی بارانە. جوانێکی وەک شەبەنگی هەتاو، هەر کەس بە لایداتێ پەڕیبا نەیدەتوانی چاوی لێ نەکا، بۆی نەدەکرا چاو بترووکێنێ و سەر بە خۆ دەکەوتەجەغزی سیحری پـڕ لـە رەمـز و راز و نەخش و نیگاری خوداوەندگار. ئەوەندە جوان بوو،چاوی لەبەر هەلنەدەهات. ژیانی هاوبەشی دەگەڵ خان و سات و کاتەکانی بەختەوەری وچی دی. ئێستا بەرەو داهاتوویەکی نادیار بەڕێوەیە و تـەنیا بـیری تۆلـە ئـەو بـەرەو ژیـان و مانرەکێش دەکا. وەیاد خەونەکەی کەوتەوە، شەو بـوو، ئەسـتێرەکان ورد و درشت لە ئاسمانیساو و سامال لە ژوور سەریان دەدروشانەوە. دنیـا کـش و مات. دەست لە ناو دەست لەقوللەی بورجی قەلا راوەستابوون. ئەستێرەکان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەو شەوە ساوە بە سەر چیا بەرزەکانەوەپرش و بڵاو ببوون. سۆزەی کزە بایەکیش نەدەهات، گوڵ ئەستێرەیەکی پڕ شنگدار وگەورە بە ئاسمان دا راخوشی. چاوی لێکرد، دیتی خان لە لای نەماوە. سەری هەلبڕی لەجێی ئەو گوڵ ئەستێرەیە، ئەستێرەیەکی پڕ گرشە و گەورە لە دایک بوو. ئەو جار خۆی لەدەشتێکی سەر سەوز دی پیاوێکی نوورانی و نوور و نەزەر پاک بە بزەوە بۆ لای هات،راوەستا، ئەوەندە نوورانی بوو، هەر شەبەقی لێ دەبۆوە. عەبایەکی قاوەیی سوور مەرەزیبە شانەوە، گۆچانێکی دار حەیزەران بە دەستەوە بە بزەوە گوتی:

- رۆلە بڕۆ.

پەریزاد حەبەسا، بۆ بڕوا؟! بۆ کوێ بچێ؟! هەرچی دەیکرد و دەیکراند قسەی بۆنەدەکرا، دەتگوت زاری قفڵ دراوە. گەرووی پێکەوە نووسابوو، زاری هەلنەدەپچڕا.دەنگێک لە غەیبەوە گوتی:

- ئەوە حەزرەتی خدرە.

پەریزاد موچوڕکی پێدا هات، لەرزی، مووی لێ بوونە نەشتەر.

خدری زیندە گوتی:

- بڕۆ بۆ کووکێ، خێرا بڕۆ.

گەرووی ویشک ببوو، قسەی بۆ نەدەکرا. دەخۆی نووسا، ویستی بلێ بۆ بچم؟!نەیتوانی. فەرمووی:

- بڕۆ بە دوای چارەنووس دا، تۆلە ئەستێنێ دمدم بپارێزە.

لە خەوەکە راپەڕی ئازای گیانی شەلالی ئارەقە بوو. خان ئێستا نەخەوتبوو.پیوسۆزەکە بە کاوەخۆ دەسووتا. خان باسکی وەبن سەری دابوو. بیری دەکردەوە. پەریزادخەونەکەی بۆ گێڕاوە. خان گوتی:

- هەر سبەینێ دەبێ بڕۆی.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

خاتوون گوتی: خان ئەوە تەنیا خەونە.

خان گـوتی: خـەون دەلیلـە. دلنیـام ئـەو گـوڵ ئەسـتیرە گەشـە کـە رادەخوشێ منم،دەکوژرێم. ئەوی دێتە دنیاش کوڕەکەی منە کە پاشی من لە دایک دەبێ. خاتوون دە خەیاڵدا نوقم ببوو. پیوسۆزەکە نەرم نەرم بە سپایی باوێشکی دەهاتێ. خان سەری وەدەستی‌کردبوو. گوتی:

- دیارە ئێمە لەو شەڕە دا دەشکێین، تەعبیری ئەو خەونە ئەوەیە. دیارە خدری‌زیندە، روحم بە قوربانی موژدەی داهاتووی داوینێ. خاتوون ئاگات لە کوڕەکەم بێ،باشی گەورەکە، بیپارێزە، ئەو تۆڵە ئەستێنە. خاتوون گوتی:

- خان ئینشاللا سەر دەکەوین، ئەو قسانە چی‌یە؟

خـان گـوتی: مـن دلنیـام زگەکـەت کـوڕە، کـوڕێکی سـەرخڕ. باشـی پەروەردەکە،بیعاملێنە، ئازا و بە جەرگ وەک برادۆستییەک.

چەند رۆژ تێپەڕی، خاتوون هەر ملـی نـەدەدا، خـان هـەرچی حـەولی دەگەڵ دا هەردەیگوت:

- ئەگەر بڕیار بێ ئێوە بمرن من بۆ بژیم؟! خان گەر تۆ نەبی من ژینم بۆ چی‌یە؟ خان‌دەیگوت: ئەتۆ زۆر گەنجی، زۆرت ماوە دنیا ببینی، حەیفە وا زوو بمری. هەر سبەینێبەڕێت دەکەم. هەرچی خودا بیهەوێ هەروا دەبێ.

خاتوون بەو بیر و خەیالانەوە چاوەکانی لێک نـا. چەنـد رۆژ بـوو شـەر قورستر ببوو.خان هەرچی دەیکرد خاتوون ملزەم نەدەبوو. خان لێـی کـردە تۆبزی و گوتی:

- خاتوون من زۆرم دڵ بە تۆوەیە. نامەوێ تۆ بمری، دەبێ بژی. منیش قـەلادەپارێزم، سـەر دەکـەوین. دەبـێ بـژین و بمێـنین و لـەو قەلایـە دا بەختەوەرانە بژین، تۆ بڕۆهەر بۆم بکرێ یا دێم لە دوات یا دەنێرم لـە دووت، هەرچی خودا بیەوێ هەروا دەبێ.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پەریزاد چاوە جوانەکانی داخست، فرمێسکەکانی بە ریز هاتنەخوار، کوڵ و کۆیخۆی رشت. خان دەستی بە سەر و زولفی داهێنا:

- مەگری ئەگەر مام دێم لە دووت. چ سەرکەوین و چ تێک بشکێین. دووری بۆماوەیەکی کورتە، خۆ ئەو ژینە ئەبەدی نیە رادەبرێ، دلنیا بە، رەنگە ئەو خەونە مزگێنیداهاتووبێ، جارێ زۆرمان ماوە. ژیان زۆری بە بەرەوەیە. راستە من عومرێکم رابواردووەو لە تۆ بە تەمەن ترم، لاوێک نیم.نەوەم هەیە بەلام تۆ گەنجی، کرچ و کالی زۆرت ماوە بژیو تال و سوێریان بچێژی.

پەریزاد گوتی: خان خودا نەکا چت بە سەر بێ، ئای خودایە نەیبینم. ئەویش دەیزانیخان راست ناکا، بەلام دەیویست وابێ. رۆژیک شۆڕە سوارەکەی بێت و بیهاوێتە پاشتەرکی و بەرەو دمدم بگەڕێنەوە و لە قەلادا بە یەکەوە بەختەوەرانە بژین.

ئەو خۆشەویستی خان بوو، هەوێکانی لە حەیفانی دەتگوت قەلشین. زۆریانئێرەیی پێ دەبرد. ئاخر ئەو ژنی بچووکی خان بوو، نازداری خان. شۆخ و شەنگ، بەژنباریک و خاو و لاو، خان لە هەرتک چاوی خۆی خۆشتر دەویست. بۆ زۆر کەسان جێیباوەڕ نەبوو پەریزادیش خانی خۆش بووێ. ئاخر کیژێکی تازە لاو کە چاوی هەر جوانیدەبینێ و هاوتەمەنی کوڕەکەی ئەمیرخانە بلیێ بتوانێ خانی خۆش بووێ؟ جێی لێ نەبێوەکوو بابیەتی رەنگە هەر ئەوەش با، ئاخر پەریزاد هەمیشە ئارەزووی بابێکی وای بوو،ئەوی لە ژینی ئاسایی خۆی نەیبوو. ئەو شانەی راگری خەمەکانی و پەنای ناهومێدێکانیوی بوو. لەو ماوەیەدا هەستی بە شتێکی نوێ کردبوو، دووگیانی. هەستێکی نوێ،ژینێکی نوێ، دەبوو وردە وردە خۆی بۆ داهاتوو تەیار کا. لە نێو قەلادا کاتێک، ژنێک ژاناندایاندەگرت، خێرا مامانیان لە سەر حازر دەکرد. ژنەکانی دی لێی دالان، هەر یەکەکارێکی وەستۆ دەگرت، یەک میوانی لێدەنا، ئەوی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دی پەڕۆ و پالی دێنا. لانک و لۆرکەهەر دوو سێ مانگ پێشتر ساز دەکرا و دەسرازەی نەخشین و سەر بە گولینگی بۆدەهۆندراوە. بالنج و بالیفە و سەر سینگەی ڕەنگاورەنگی بۆ دەکرا. بلوێر و ئاوەخانەش لەبیر نەکرا بوون. منداڵ کە دەبوو، ئەگەر کوڕ با مزگێنیان بۆ باوک و باپیرو خاڵ و مامی دەبرد.نێوکیان دەبڕی و دەیانهاویشتە سەر بێژینگ هەتا حەوتووی دەچوو. ژنی زەیستانیش لەجێیەکی گەرم و نەرم دا دەکەوت، مەلۆتکەیان لە تەنیشت دادەنا و بۆوەی شەوە نەیبا و ئاڵدایکە نەخنکێنێ، قورئانیان لە سەر دەخوێند و دوعایان دەکرد. هەر نەبا قورئانێکیان لە بنسەری منداڵەکە دەنا. پاش ئەوەی حەوتووی دەچوو ژنەیان حەمام لەمیش دەکرد وجلکی تازە و نوێیان دەبەر دەکرد. منداڵ چ کچ و چ کوڕ دەیانهاویشتە سەر پشتی لانکێ.ئاخ خان چەندەی پێ خۆش دەبێ مزگێنی کوڕی بدەنێ، ئەویش کوڕی من. ئاخۆ منداڵیهەتیو مزگێنی بۆ کێ دەبەن؟! کێ نێوی دەنێ؟ داخودا لە کوێ بە نامرادی بزێ. لە بن چبەردێک؟ لە پەنا چ دیوارێک؟ منداڵی بێ باب چۆن گەورە دەبێ. لە قوون دەرکان، بە بێبابی بە هەتیوی، داخوا چەند فرمێسکی نامرادی هەڵڕێژێ و چەندە چەرمەسەری ببینێبە بێ بابی بە هەتیوی....

فرمێسک بەری چاوی گرت. تازە دەهات تامی بەختەوەری بچێژێ کە وایبەسەرهات. دەبوو ژیانی خۆی، خۆشەویستی، دەستەخوشکەکانی، ژنەکانی قەڵایە.دراوبەردی قەڵا، هەموو هەمووی جێ بێڵێ. شەوێک لە شەوان چەند سەد کەس ژن وپیاوی کەفتە کار لە قەڵا چوونەدەر. هەر دەروازەیان کردەوە بە شلەژاوی خۆیان گەیاندەئاوێ. خان ئەوێ شەوێ ویستی ڕەگەڵ وانی خا. بەڵام پەریزاد بەقسەی نەکرد و گوتی:

– خان دەناسرێمەوە. لەوانەیە یەکێک بە چەند دراو بە دوژمنم بفرۆشێ.

خان کەوتە خەیالات دیتی ڕاست دەکا. کوتی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- باشە بە تەنێ بەرێت دەکەن. ئەگەر خۆشت بگۆڕی و بە نەناس بچیە دەر،مەترسی وەی هەیە یەکێک دەداوی دوژمنیت خا، یا بێ حورمەتیت پێ بکا.

ژیان بە پێچەوانە دەسووڕا، ژینی ئەو ماوەیەی هاوسەری دەگەڵ خـانی کەوتە بیر.خۆشی و ناخۆشییەکان هەموو هەمووی. فرمێسکەکان وەکوو بارانە هەلوەرین، خەریکبوو سەری بە هەنیسکانەوە هەلکەندرێ. خان لە باوەشی گرت وەک مندالێک هێدی و لەسەرەخۆ نەرم نەرم رایژاند، دلخۆشی داوە:

- گیانە مەگری، ژین هەر ئەو دوو رۆژە نیە، بە زوویەکی زوو دەگەینەوە یەک.دەستی بە سەر و پرچی داهێنا. وەهای چاو لێدەکرد دەتگـوت ئیـدی نایبینێتەوە بێچاوترووکاندن. دیسان ئەوین هــەموو شــتی لــە بــیر بردنــەوە. نەترسی شەڕ، نە بیری دەربازبوون، نە کۆچ. ئاسمان لە ژوور سـەریان روون، دنیا جوان و رەنگین، ئەوان بوون وبەختەوەری، ئەوان بوون و خۆش ویستن، گەڕانەوە نێو دونیای ئاسایی، گەڕانەوە نێودنیای دەردو خەم. خان تونـد لـە ئامێزی گرتبوو:

- سەبر بگرە، دێم لە دووت. گیانەکەم، هەر دەرفەتم بێ دێم لە دووت. ئەگە ئەجەلمهاتبێ دیارە کەس لە بەر قەلەمی قەزا و قەدەر دەرباز نابێ، چی لە چارەی نووسرابێهەروا دەبێ. دەنا دێم.... پێکەوە دەگەڕێینەوە.

خاتوون نەرم بوو. رەنگە دووری بۆ ماوەیـەکی کـورت بـێ و دوای ئـەو دوورییەداهاتوو روون بێ. کێ دەزانێ سبەینێ چۆن دەبێ، خۆ کەس لە لای خودای رانەهاتۆتەوە.گوتی:

- باشە خان هەرچی تۆ بتەوێ، هەر چی تۆ بتەوێ.

خان بە چاوی پڕ ئەوینــەوە دەبـەری هەلـدەروانی بـێ چاوترووکانـدن دەتگوت‌دەیەوێ هەر گۆشەی لە وجوودی و لە ناو دلی دابنەخـشێنێ و لـەو



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

مـاوه کورتـەی ماویانەئـەوینی تـەواوی دنیـای پێـشکەش بکـات. لەوبـەری تاریکستانی تەنگەوە دنیای روون وبەرفرەوان چاوەنوارپیان بوو. بیر و خەیالی پەردەی رەشی بە سەر کشا. ماوەیەکی کورتتاسا. داهاتوو تاریک و نادیـارە وەک ئەو شەوەزەنگە. پشتی ئەو تاریکایە ونە، پێوارە. هەرگۆشەیەکی بە سام و ترس ئاخنراوە. کوا ئەو بەختەوەرییەی لێی دەگەڕا. خان تا زارکـیدەرکـە دەگەلیان هات. چاوە خەمبارەکانی سیس دەیانڕوانی. نیگای پڕ لە حەسرەت وتاسە بوون، دەتگوت ئاخرین دیدارە و تازە نایبینێتەوە. خاتوونیش چاوی لە چاوەکانیخان بڕیبوو، دەدلی خۆیدا دەیگوت:

- ئای خودایە نەکا ئاخر دیدار بێ.

بەلام روانین هەر چەندیش کە بڕوانی هەر دەمێکە، لەحزەیەکـە، تـەنیا ساتێکە....خەیاڵ هەرتکیانی هەلگرتبوو، وەک ئەسپێکی تۆڕ لە گەرد و تۆز و غوبار دا، لە پر خدروەخۆی هێنانەوە و گوتی:

- خاتوون خێراکە، دەبێ بڕۆین، با وەدرەنگێ نەکەوین.

خان گوتی: خدر ئەوە خاتوون، یەکـەمین بـە خـوداو دوایـین بـە تـۆم ئەسپارد. ئاگات لێیبێ، زۆری قەدر بگرە. ئەگەر پـێم کـرا بـۆ خـۆم دێم لـە دووی، هەتا لێی خاترجەم نەبووی بەجێی مەهێلە. خدر گوتی:

بە سەر چاوان گەورەم.

خاتوون لاقی سست بوو، پێی رۆیشتنی نەبوو. ناعیلاج بوو چارە نـەبوو. دوو سێهەنگاوی هەلێنا و گەڕاوە:

- خان ئاگات لە خۆت بێ من ئەوا رۆیشتم.

خان ورتەیەکی لێوە هات، هـەر ئەوەنـدە دەبیـسترا و نەدەبیـسترا. بـۆ خۆشی نەیزانیچـی گـوت. بـە ماتـە ماتـە وەڕێ کـەوتن، وەکـی سـێبەرێ خوشین، بێ هەست و خوست. هەتاتارماییەکان لە پێش چاوان ون بوون خان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لەوێ ماوە. ئەوجار تاریکی ولاتی داگـرت،تارمـایی نـەما هـەر تـاریکی بـوو، تاریکی.

خان گەڕاوە دواوە و گوتی:

- زارکی بوودڕەکە بگرن.

وەستا دیوارەکەیان هەلچنیوە، خان بەرەو ژیان و داهاتوو بوو. قزلبـاش لە دەوریقەلا هەلیان داوە. بە تۆپی گران شەو و رۆژ قەلا دادەگرن. بێ نێوبڕ، بە تۆپە بەرد وەشێنەکانبن دیوار و شوورەی بورجەکان وەلەرزین کـەوتوون درز و کەلێنیان تێکەوتوون، هەرئەوڕۆو سبەیە قەلا بگیرێ.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

( ٢ )

دوو کـەس بـە ماتەماتـە وەکـوو نیـسێ خوشـین، لـە دوور و نیزیکـی سەنگەرەکان لە سەرزگ دەڕۆیشتن، هەر خشپە و خـشەیەک بـە هـەردەوە مەلاسی دەکردن. تارماییەکانیان لێدەبوو بە دێو و درنـج، تـەزوو و چـزووی ترس لە پشت گاشە بەردانی حەشار دەدان،هێندێک دەوەستان بێ هەست و خوست، سەر لە نوێ وەڕێ دەکەوتن. دیسان تاوێکرادەوەستان و خۆیان لە پالی گابەردێک مات دەدا. لە دوورەوە ئاگری قزلباشەکانترووسکە تروسکی بوو. مەشغەڵ و چۆلەچراکانیان کز دەهاتە بەرچاو. دەنگی تریقە وپێکەنینیان بێ دەنگی شەوی دەشکاند. پڕمەی کەحێلی رەسەن، تروسکەی ئاگر، شەو وتاریکایی.

چاویان بە تاریکایی راهاتبوو. بەر پێی خۆیان لێـک دەکـردەوە. دوور و نیزیک ئاگریشوانان جریوە جریوی بوو. ئەوجار ئەویش نەما، ئەوسا تاریکی و بێدەنگی. هەر لەودەور و پشتانە لە نێو ئەشکەوتێک دوو ولاخیـان بـۆ تـەیار کرابوو. دوو شەو بوو پیاوێکچاوەڕێیان بوو. بەرەو ئەشکەوتەکە تێهەڵ بوون، پڕمەی ولاخەکان دەهاتە گوێ، بەرەوئەشکەوت هەلکشان، پاش پـشوویەکی کورت، ئەوجار بەرەو کووکێ کەوتنە ڕێ. ژیانکەلافێکی بێ سەروبنە، کێیە؟ چی بە سەر هاتووە؟ ئێستا کێیە خاتوونی قەلای دمدم یاکچی وسوو شوان؟!

لۆ خۆشی نازانێ، لەوەتا لە یادی بـوو ژیـان دەرد و کەسـەر، ناکـامی و چارەرەشی بوو.تەنیا ئەو سات و کاتانەی هاوژینی دەگەڵخان بۆوی ژیان بوو. بە هەستێک پڕبەختەوەری، خەون، خەیاڵ. وەکوو زێڕی بن خۆلـەمێش کـە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ژەنگ و ژواری لێشۆرابێتەوە، بـە تڕووسـکە، جـوان، پـڕ لـە ئـاگری ئـەوین، سەراسەر خۆشەویستی وبەختەوەری ئەو کاتـەی بەرغـەلی دەبـردە لـەوەڕ، سروشت هەستی رادەکێشا. چلە گیایەکی‌خۆرسک، پەلکە گولێـک، دەنگـی دۆڵ و بنار، لووزەوی بەفراو، هاژەی قەلبەزەی رووبار،ویژەی ئـاوێر، قاسـپەی کەو، چریکەی بولبول، هەموو شت جوان و دلگر بـوو. شـەقەی‌بـالی کـۆترە شینکە و گمەگمیان لە دەشت و چیا ئەویان بـەرەو دنیایـەکی سـیحراوی و جوان‌دەبرد، ئـەویش سـیحراوی دەیـڕوانی وەک شـەیداییەک، لـە ئاسمـان رادەما، ئاسمانی ساووسـاماڵ، ئاسمـانی هـەور و سـاو. جـاری وابـوو رەوەی کەشەور و گەوالەی سـپی هـەر یەکـە بەشـێوەی پەلـەوەرێک، ئینـسانێک، گولێک، کێوێک، دەهاتنە بەر چاوی. دەیڕوانی قوول ومەنگ. دنیایەکی نوێ، جیا لە ژینی ئاسایی وی. کە دەیـانگوت بەهەشـتێک هەیـە،دەیگوت: ئـەوە هەوە، ئەو دیمەنە، ئەو جوانیانە.

جاری وابوو دەستی دەکرد بە گۆرانی و باڵۆرە. ئەو گۆرانی و باڵۆرانـەی لەوەتا چاوی‌پشکووتبوو بیستبوونی و گوێی پێ راهاتبوون. رۆژ دەبڕاوە، ئێوارە دادەهات. دەبوو بەرەوماڵ بێ، خەفەت هەلیدەگرت. دەبوو بچێتەوە مالـێ و گوێی لە قسەی رە و تووڕەیی بابی‌بێ. گوێی لە هات و هاوار بێ. ئەو کاتەی بابی ماندوو شەکەت دەگەڕاوە ماڵ، پاش‌رۆژێک مانـدوویی و سـووڕانەوە بـە دوای کەرکە مەڕ و بزن دا، ماندوو و مردوو، لەدوورەوە هاواری دەکرد:

- ئافرەت... ئافرەت!

هەر دایکی تاوێک درەنگ جوابی داباوە بیانووی دەکەوتە دەستێ. هەر کەسێوەبەر دەست هاتبا، نوقرچکێکی دەگەیاندێیە، شەڕگەورە دەبووە و بـە لێدان و گریانی‌دایکی دوایی دەهات. هەمیشە هەر وابوو، خەجێی بەستەزمان لە بەر خاتری ئەومنالانەی نەبایـە قـەت سـەعاتێکی لـە لای دانەدەنیـشت.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پەریزادیش لە قوژبنێک خۆی مـاتدەدا و بـێ هەسـت و خوسـت، بێـدەنگ دەگریا.چاوەڕوان بوو شەڕەکە دوایی بێ. بەلام زۆرجاریش لـەو شـەڕانە بـێ بەش نەدەبوو، بابی تێی رادەخوڕی.

- کچەتیوە سەیە، ئەوە بۆ دەگری؟!

خەجێ منداڵەکانی لە باوەش دەگرت و بـە سـەریان دادەگریـا. جـاری واش بوو شەڕهەر نەدەبڕاوە، نەنک و بـاپیری دەهاتنـە نێـوبژی و بەسـەریان دەڕۆیشتن. بابی متەقی لەخۆی دەبڕی. جاری واش بوو دەر هەڵدەبوو:

- بەدبەختوو کردم، قوڕ و وەسەر کردم، ئـەوە ژن نیـە، حەزیایـە. مـاڵ وێرانی کردووم.رەببی بە زیاد نەبێ. بە زۆری ژنتان بۆ هێنام. خودا چاکە و بۆ نەکا. دایکی ئاکامی ژنبەژنەیەکی بە زۆری بوو. حەمـەدی بـاپیری ژنی بـە زۆری بۆ وسوو هێنا بوو. ئێستاش پاشئەو هەموو ساڵە بە بوونی پێنج شەش منداڵی سەر وپێچکە هەموو رۆژێ تاوانی ئەوکارەی لەخـەجێی بەسـتەزمان دەستاندەوە. رۆژ نەبوو شەڕیان نـەبێ. ئـەو کاتـەی لاو بووئاشـقی کچێکـی دراوسێیان بوو. شیلان کیژێکی لەبار و تەرز بوو. دەتگوت لاولاوەهـەلچووە. چاو و برۆ رەش، موو قەترانی، سوور و سپی، کەڵەگەت، قەد باریـک و بـەژن وبالا جوان. لە مێژ بوو دڵیان پێکەوە بوو، شـەوێک حەسـەنی بـرای شـیلان گیشەی ماڵە کاکحەمەدی ئاگردا. گیـشە سـووتاندن لای خـەلکی دێ لـە ریزی پیاو کوشتن و ژن هەلگرتنە.ئاخر تفاق بۆ ئاژەڵ و بۆ گوندی وەک یەک وایە. نەبوونی گیا و گزرە یانی نەبوونی ئاژەڵ،رسـق و پێخـۆر. حەسـەن بـە کەینە و بەینەی شیلان و وسووی زانیبوو. لە نێو دێ پێشی بەوسوو گـرت و پاش قوونە شەڕێک، گیشەی ماڵە کا حەمەدی ئاگردا. هەموو خەلکیگوندێ دەیانزانی کارکاری حەسـەنە. کـا حەمـەد و ژن و منداڵیـشی وەکـوو رۆژی روون‌دەیانزانی لە حەسەن رانەبوردووە. کا حەمەدیش چۆ لای مام رەحیمی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بابی حەسەن ولێیان بوو بە نێوان ناخۆشی، کارەکە گەورە بۆوە، نێوان ناخۆشی دوایی نەهات. هەر رۆژەدمەقالە و نێوان ناخۆشی یەکی دی. مام رەحیم و ئەوانیش لە حەیفی وسوو شەوێکی بەزۆری شیلانیان لە کوڕی مامی مارە کرد. وسوو چی لە دەست دەهات، چی کردبا؟!هەلیگرتبا؟! ژنی بە مێرد بوو. ئەوە هات و مەسلەتیان نەکرد. خۆ هەرتکیان دەکوشتن،شەو و رۆژ وەک شێتان دەخولاوە. کا حەمەدیش بە پەلەپەل دەگەڵ بابی خەجێ رێککەوت و بەلێنی ژن بە ژنەی بۆ وسوو لێ ئەستاند، خەجێ کچێکی زۆر ئاسایی، وەکووتەواوی ژنانی دی، مالدار، کابان، داوێن پاک، بە حەیا و شەرم، هێدی و لە سەرەخۆ بوو.هاتنی بۆ مالە کا حەمەد و رووخانی کۆشکی ئاواتی یەک بوو. ئێستا بە خۆی ومنداڵەکانیەوە تاوانی ئەو کارە چەوتەی باب و باپیرانیان دەداوە. خات زلێخای خەسووی‌زۆری نسحەت دەکرد و دلخۆشی دەداوە. دەیگوت:

– رۆلە ژن دەتوانێ پیاو بگۆڕێ، ئەگەر شوبریش بێ. بە سەبر و خۆ راگری دەیکاتەمەلاییکە. قسەی خۆش بەردی نەرم دەکا، ژنی چاک پیاو دەکاتە پیاو. ژنی باش پیاودلمەند ناکا وای بە دەور دادێ نایەلێ پیر بێ. ژنی خراپ مێرد دەبەتلێنێ، بێ جەوهەری‌دەکا، ناهێلێ شایی بە خۆ بێ، شەوقی جەوانیی دەکووژێ. باسی هەر شتێکی کردبادەستەو بەجێ نەقلێکیشی لە سەر دەگێڕاوە. پوورە زلێخا زۆر جار ئەو نەزیلەیەی‌گێڕابۆوە:

بەلێ دەگێڕنەوە رۆژێک سولتان مەحموود و هەیاسی خاس پێکەوە دانیشتبوون.باسی ژنی چاک و خراپیان دەکرد. سولتان گوتی:

– هەیاس باشترین ژنی دنیایە کێیە؟!

هەیاس گوتی: ژنێک دز بێ، درۆزن بێ.

سولتان هەرچی کردی لەو قسەیە نەگەیی. هەیاس گوتی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

با سبەینێ بچینە نێو شاری جا بۆت روون دەبێتەوە ئـەوە یـانی چـی. سبەینێ ئێوارێسولتان مەحموود و هەیاسی خاس بەرگی دەروێشییان پۆشی و لە قەلایە چوونە دەر.هەیاس لە دەرکی مالێکی دا. کابرایەکی پیری پـەک کەوتە دەرکەی لێ کردنەوە، لە بەرپیریان پشتی چەما بـۆوە. بەکۆمـە کـۆم دەڕۆیی، لەرز ببوو. گوتیان مامە ئەم شەو میوانیتۆین چ جێمان نیە بچینێ. کابرا زۆری بەخێر هاتن کردن پاش تۆ خۆش و من خۆشپرسیان:

- مامە چەند ساڵ دەبی؟!

گوتی: وەللا چل ساڵ دەبم.

زۆریان پێ سەیر بوو، پیاوێکی چل سالان بـۆ دەبـێ وا پـیر و کەنـەفت بووبێ؟!

گوتیان:

- لەبەر چی وا زوو پیر بووی و ئاوات بە سەر هاتووە؟!

گوتی: سبەینێ بچنە مالە برای گەورەترم جا ئەو جار دەزانن بـۆ وایـە. ژنەکەی بانگکرد:

- ئافرەت..... ئافرەت.

ژنە قیژاندی: چت لە گیانم دەوێ؟ خودا بتباتەوە پیرە سەگ.

کابرا لە سەرەخۆ گوتی:

- ئاخر هەستە شتێکمان بۆ لێنێ، میوانمان هەیە.

ژنە گوتی: جا چتان بۆ لێنێم؟ خۆ لەو بە قوڕێ گیراوە دا چ نیە.

هەرچی پیرە گوتی ژنە بە زمانی شڕ بەبێ حـەیایی جـوابی داوە. کـابرا پیرە هەستا، نانو پێخۆرێکی هێنا. نان و چایان خوارد وەختی خەوێ گوتی:

- ژنێ هەستە نوێن و بانەکە بێنە.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ژنە گوتی: مەگە دەدەمی بابت...... دەنا جێت بۆ راناخەم، جێ و بـانی چی؟!

کابرا هەستا جێـی راخـست و نووسـتن. بـەیانی دەروێـش هەسـتان و وەڕێکەوتن،چوون بۆ مالە برا گەورەی کابرا و لە دەرکێیان دا. کابرایەکی سەر و ردێن سپی دەرکەی‌کردەوە. ئەویان بە قەت براکەی پیر و کەنەفت نـەبوو. هەر هەموو سەر و ردێنی سپی ببوو.کابرا گوتی:

- چتان دەوێ؟!

گوتی: کاکە دەروێشین چ جێمان نیە ئەم شەو بچینێ، میوانی تۆین.

گوتی: میوان بە خێر بێ سەر چاوی من.

شەوێ لەوێ بوون هەر تۆ خۆش و من خۆش سولتان گوتی:

- کاکە ببوورە چەند سالٚ دەبی؟!

گوتی: پێم وایە شێست سالٚ دەبم.

گوتیان: ئەدی بۆ چی براکەت کە لە تۆ کەم تەمەنترە ئاوا پیر بووە؟!

گوتی: ئەم شەو لێرە بن سبەینێ بچنە مالە کاکم ئەو سا دەزانن بۆ چی وایە؟ شەوێلەوێ بوون، دیتیان ژنەکە جاروبارە زۆر ژنی چاکە، جـاری واشـە تووڕە و تۆسنە و قسەی‌ناحەز دەکا. دیار بوو ژنێکی خراپ نیە، تەنیا هێندێک بە پرتە و بۆلەیە. ئەگەر کابرادەیگوت شتێک بێنە و یا کارێک بکە، بـە پرتـە پرت هەلدەستا و دەیکرد. بەیانی مالٚئاواییان خواست و بەرەو مالە برا گەورە کەوتنە رێ. لە دەرکێیان دا. کابرایەکی ئازا و بەگورد دەرکی لـێ کردنـەوە، وەپێشیان کەوت و بردنی ژوور. هەر تۆ خۆش و من خۆش‌گوتی:

- کاکە ئەم شەو میوانی تۆین، میوان رادەگری؟!

گوتی: میوان بە خێر بێ سەرچاوی من، سەر عەمری من، یـا خـودا بـە خێر بێن.هێندێک دانیشتن و هەمان پرسیاریان لەویش کرد:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- براله تۆ چەند ساڵ دەبی؟!

گوتی: وەک بزانم ئەم ساڵ هەشتا سالم.

گوتیان ئەدی براکانت کە لە تۆ کەم تەمەنترن بۆ وا پیر بوون و ئـەتۆ وا باش ماوی؟!

گوتی: ئەم شەو لێرە بن سبەینێ پێو دەلێم.

کابرا بانگی کرد:

- ئافرەت شتێکمان بۆ بێنە چمان هەیە؟!

ژنە گوتی: لە خودای بە زیاد بێ هەموو شتێکمان هەیـە. جـا لـە چلـە پیوازێکی بگرەهەتا روحی بەشەری...

بێ وەی پرتە و بۆلەیەکی بکا. هەر بلێی یەک و دوو هەموو شتێکی ساز کرد وخواردەمەنی هێنا و لە پێشی رۆنان.

نان و چایان خوارد بە کاوەخۆ، قەنەیان کێشا. ژنەکە هێندێکی مێـوژ و گـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــویز بۆ هێنان. شەوچەلەیان خوارد بـەتلێک لـە شـەو چـوو بـوو. خـەو لابـەلای کردبـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــوون

کابرا بانگی کرد:

- ئافرەت جێگا و بانەکەشمان بۆ بێنە.

ژنە  چۆ دەر، دوو سـێ دەسـتی نـوێن و بـانی پـاک و خـاوێن هێنـا و رایخست. شەوێلەوێ بوون بەیانی کە لە خەو هەستان سولتان گوتی:

- باشترین ژنی دنیایە کێیە؟!

گوتی: ژنەکەی من. لەولاو لاوە شتم لێ دەشێرێتەوە، وەخـڕی دەکـا. ئەو کاتەیمیوانمان دێ بە رووی سوور بەرێی دەکا. نوێن و بانمان نیە تـەنیا ئەو دوو دەستە نەبێ،بەلام بە سەرم دا ناگوڕێنێ هیچت نیە ئەمن دەبـێ لـە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ماڵی جیران نوێن و بان وەرگرم، درۆمپێ دەڵـێ، دزیم لێـدەکا. بـۆو ڕۆژەی، قەت شەڕم دەگەڵ ناکا. پیاو دەگەڵ ژنی وا کوا پیردەبێ؟!

سولتان مەحموود و هەیاس خۆیـان ئاشـکرا کـرد. پاداشـێکی باشـیان دایە، کابرا ساماندار بوو. برا چووکەی بانگ کرد و ژنەی پێ تەڵاق دا، ژنێکـی باشی بۆ هێنا.

ئەتۆش سەبرت بێ، قەلس و تووڕە مەبە. هەم خـۆت دەبـەتلێنی هـەم ئەویش، لەقەلس و تووڕەیی تۆ ئەویش تووڕەتر دەبێ و شـەڕەکەتان گـەورە دەبێتەوە. سەبرت بێ،ڕۆژێک لە بەر و بووی ژن چاکی خۆت دەخۆی، ئەودەم ئەویش تێ دەگا، خەتای کردووەوئەتۆ چەند باشی، ئەودەم دەحەسێیەوە. بـا منداڵەکانت گەورە بن و گۆپالیان لە خیزی بێتەدەر، بتوانن بەڕەی خۆیان لە قوڕێ دەرکێشن و تەبـەکتان پـر بـێ ئـەودەمی ئێـوەش تـامیبەختـەوەری دەچێژن. ئادی کچـم تەبـەکی پـڕ تـەبایی ماڵێیـە. ئەوانـەی هـەر لـە بـیر بوو،نەبوونی و نەداریش سەرباری دەردان. کە دەڵێن نـەبوونی گـولی‌یـە بـە ڕاستی وایە. هیچدوور نەبوو ئەگـەر سـاماندار بـان و خـەمی نـەبوونی و زگ نەبایە، بابیشی هێندە تووڕە وتۆشن نەدەبوو. هەر بە حاڵ وەبـیری دەهـات، هـەر لاقـی عـەرزی گـرت منـداڵێکیان لـە کـۆلیبەسـت، زۆر چـووک بـوو سەوەیەکیان لە کۆلی دەبەست و دەیانناردە شـیوێ. بـەو چـەنگ ونینۆکـە چکۆلانەی پەڕۆ و پالی دەشوشت. جاری وابوو دەوروبەری کانی دەیبەسـت. هەربن پلووسکەکە ئاوەکەی بە حاڵ تەشقی دەشکاو نەدەشکا. لـە سـەرمان ددانی نەدەگرت.قامکی دەتەزی هەر وەخت دەبوو، فرێی دا، ڕووت و قـووت بێ جل و جۆرێکی ویشک وخاوێن. پەڕۆ و پالی دەسەوەتەی دادێناوە ماڵێ. تا دەهاتەوە چە و چۆی دەهاتێیـە.هێنـدێک گـەورە ببـوو دەیاننـاردە بـەر بەرغەل. قاچ و قـوول باریـک و ڕووت. تەنانـەت گـەزەجاوێک نـەبوو لاق و



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لەتــەری داپۆشــێ. کەچــە کەلاشــێک و کراســێکی قولــە، کەوایــەکی خامیشین،تیتۆڵ تیتۆڵ. نەختە پێخورێکیان دەگەڵ دوو کوللێرەی جـۆ بـۆ دەپرێسکەیەکدەبەست و وەبەندەنێیان دەخست. گەورە بـوو هەلیـدا وەک خاشخاشــکی نێــو درک و داڵ،دوور لــە ژیــانێکی خــۆش و هــێمن و پــڕ خۆشەویستی. داوێنێک نەبوو سەری وێکا،دەستێک نەبوو بە ســەر و زولفــی دابخشێ و بیلاوێنێتــەوە. بـاب و دایکــی لەبــەر دەردیخۆیـان ئاگایـان لــە مندالــەکانیان نــەبوو. منــداڵ گــەورە دەبــوون وەکــوو چلــە گیایــەکی خۆرسک،هەلیان دەدا. ئەویش گەورە بوو. ئێستا چاردە سالان بوو هەستی بە شتێکی نوێ کرد.هەلتۆقینێک، گۆڕانێک، شتێکی نوێ، جیا لە دنیای منالی، رەنگ و رووی گۆڕابوو، بالایکردبوو، تەواو بە خۆی دا دەهات و پێــی خــۆش بوو جوان بێ. بەختەوەرێکی قووڵ ونەهێنی و هەست بە گۆڕان ئەویان ئــەم دیو ئەو دیو کردبوو. بە نیگایەکی سیحراویدەیڕوانی. رۆژێک دۆمە ژن بە نێو دێ وەر ببوون. بە زمانی لووس و گفتی شیرینخــەریکی فرۆشــتنی کــەو و بێژینگ و تەشی و شانە و خولخولە و بنێشت و دمکانــە و ئەوشــڕو شــالاتانە بوون ئەویش هاتە لای دایکی و گوتی:

- دایە دۆم هاتوون شانەیەکم بۆ بکڕە.

دایکی گوتی: رۆلە چ دراوم پێ نیە، شانەت بۆ بکڕم. بزانم بــەو کەشــکە رەقانەدەمدەنێ، گەورە و مندالی ئەو دێیەیان لــێ هــالابوو، خــەلکی ئــاوایی خەریکی کڕینی وردەوالە و مت و مووروو بوون. دۆم وەک بزنــە کێــوی وان، تەواو دۆڵ و دەران دەکــەن، بــە کێــو وبەنــدەنان هەلــدەچن بــۆوەی چەنــد خولخولە و تەشــی و شــانە و چەنــد زار جــوو بنێــشت وهێنــدێک شــیلان و مووروەی شین و شتی وا بفرۆشن چەند هەتیوی رووتەلەی قۆشمە لەدەوریان ەخولانەوە بۆوەی لە دۆمەژنان رەبــادەن. ئــاخر دەیــانگوت هــەر کــەس لــە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دۆمەژنانڕەبادا چەقۆی زوو بە دەستی تیژ دەبێ. دایکی شانەیەکی دۆمانەی بە هێندێک کەشکەرەقە بۆ گۆڕیەوە. لە پڕ قیژە لە ژنە دۆم هەستا، دەستی بە جنێوان کرد. دم رووتەکانیش بەقاقا و پێکەنین دوور کەوتنەوە. ئێستاش وەکوو رۆژ لە بیری بوو کە دەچۆ سەر ئاوێ بەوشانە دۆمانەیە سەر و زولفی دادێنا، لە ئاوەکەی دەڕوانی. جوان بوو، زۆر جوان. بەژنباریک و نەرمۆلە، ئێسک سووک. وێنەی نێو ئاوەکە پێیان دەگوت چەند جوانە، هەر چەندجلکی شڕۆلە. جل و بەرگەکە هەر نێویان جلک بوو. بەلام ئەو کراس و کەوا شڕ وکۆنانەشی زۆر زوو زوو وەبەر شەقی ئەسپۆن دەدا. هەستی جوانی و پاک و خاوێنی.وەکوو خونچە دەپشکووت، گەورە دەبوو، هەلیدەدا. کوڕ و کالی ئاوایی هەستیان بەجوانی ئەو کردبوو، دەوریان دەدا. ئێستا حەفدە سالان بوو کە نێو بانگی بە ولات داگەڕا.بەژن باریک و خاو و لاو، لەبار و تەرز، کەپۆ کورت و چەنە قووڵ، لێوی دەتگوت یاقووتیسوورن. جار و بارە بە خەندەیەکی شیرین ددانە سپێکانی وەدیار دەکەوتن دەتگوت،ڕیزەی موارین و دەوریان یاقووتە. چاوی ترووسکەیان دەهات، روون و بریقەدارچەشنی ئاوێنەی سیحر و ناز، بەلام هەمیشە مەستی شەپۆلی شەرم بوون. پەریزادی بێوێنە و حۆری و پەری حەکایەتان بوو. پەریزادی چین و ماچینێ بە گەردی پێی نەبوون.کوڕ و کاڵ شێت و چەواشە ڕێبازیان لێدەگرت. هەر بۆوەی چاویان پێی بکەوێ و ئەویشجاروبار سیلە چاوێکیان داتێ. کەس لە خۆی رانەدەدی چیتری لێ بوێ، جگە لە نیونیگایەک. بەلام ئەو خۆشەویستی نەدەناسی، هەر وایدەزانی پیاو هەموو قەلس و تووڕە وتۆسن و بێ بەزە و دڵرەفن. بە خەیالی دانەدەهات پیاو میهرەبان و هێدی و لە سەرەخۆ ودلپاک و نەرم بن. ئەگەر یەکێک باسی بابی دەکرد و لە میهرەبانی و هێمنی ئەو دەدوا زۆر بەسەیرەوە چاوی لێدەکرد: راست دەکا؟! یانی پیاوی واش هەیە؟!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کاتێک کوڕە جحێلە گوێسوانەیان دەگرت و راوێچکەیان دەکرد. وەکوو داروبەرد سەری دادەخست و چاوێکیشی لێ نەدەکردن. راست بوو لە دەروونی دا دەیویست نیگاکانی بە دواوە بێ. ئەوەش شتێکی‌سروشتیە، کێیە پێی ناخۆش بێ پێی دا هەڵ بلێن و تاریفی بکەن. بەلام سەرەرای پێخۆش بوونیش هەر شەرمی دەکرد. زۆر کەس رایان ئەسپارد بوو جوابی کەسی نەدابۆوە.هەمیشە گوێی لەو وشە جوانانە دەبوو: حۆرییە، پەرییە، مەلاییکە دم و چاویان شوشتووە.شایی بە خۆی دەبوو، وەکوو کۆتر قنەی دەکرد و خۆی دەلەنگاند، تێدەپەڕی دەتگوت‌لەو دنیایە دانی‌یە. زۆر دوورە، لەو خەلکە لەو دنیایە. کاتێک کوڕە حەیران گوێسوانەی‌مالە گراوییەکانیان دەگرت و یاری نازدار بە تاسکە تاسک ئاوڕیان بۆ دەدانەوە، دەستەخوشکەکانی بە سەرهاتی دلداری خۆیان بۆ دەگێڕاوە، پەریزاد سەری دادەخست.کیژەکان گالتەیان پێدەکرد و پێیان دەگوت:

- درۆ دەکەی؟! یانی تۆ کەست خۆش ناوێ؟!

- بۆ ئەتۆ دار و بەردی؟ ئینسان نی؟

هەر چی دەیکرد و دەیکراند کەس بڕوای پێ نەدەکرد. ئاخر چۆن شتی وا دەبێ؟یانی کەس هەیە ئەوین نەناسێ؟! ئەویش تەنیا گوێی بۆ دادەخستن و چی نەدەگوت. بلێی‌رۆژیک بێ ئەویش دلدارێکی بێ، یەکێکی خۆش بووێ؟! بزەی شیرینی لێوێک و نیگای‌مەستی چاوێک رایچلەکێنێ و وە دلە خورپەی خا؟! ئاخر کچان ئەوینیان ئاوا پێ ناساندبوو. عەلی لە هەموو کەس ئەویندارتر بووە زۆری راسپاردە ناردە بۆ لای، کەچی پەریزادهەر جوابی نەدابۆوە. هەرچی دەیکرد نەیدەتوانی جێیەک لە دلی پەریزاد دا بکاتەوە. لەقەدیمەوە گوتوویانە: «من بۆ تۆ مردوو تۆ بۆ من هیچ نەکردوو» پەریزاد بە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کنی دا تێپەڕدەبوو ئەو سەری دایدەخست هەلی نەدێنا. ئەویش شێت دەبوو، چەواشە دەبوو:

– ئەو بابان وێرانە بۆ چی قەت چاوێکم لێ ناکا، بزەیەکیشی نایەتێ، دەلێی دار وبەردە. ئەوین تا مۆخی ئێسکانی تەنیبوو، ئازای لەشی. کوڕە شەر مێونەکەی جاران ئەوەیهەر دەگەڵ پیاوێکیشی قسە کردبا سوور هەلدەگەڕا. ئێستا ئەوین وای لێ کردبوو، ئەگەرتووشی دەهات، ئەیویست لە پڕ ئامێزی پێدا بکا. جاری وابوو بە سەری دادەهات بچتەپێش هەرتک دەستی بگرێ و رایتلەکێنێ، سەری پێ هەلێنێ و چاوی لە چاوی بکا. عەلیلاوێکی ناشیرین و دزێو نەبوو. یەکی زۆر ئاسایی بە هەیبەتێکی پیاوانە، بەرز و بلیند وبەشان و باهۆ، پیاوێکی رەش ئەسمەر کەپۆی نێرانی هەلکەوتبوو. چاوی دەتگوت چاویهەلۆن، برۆ پان و سمێڵ گەورە. شەیدابیەکەی وەکوو گری نێو مێشەلان هەر دەهات وپەرەی دەستاند، هەراو دەبوو. رۆژ دەگەڵ رۆژ شەیداتر. چاوەکانی وەکوو پشکۆی گڕبوون و لە ژێر سێبەری مژۆلیدا بە تین‌تر و گەشتر دەبرووسکانەوە. ماوەیەک بوو، پەریزادهەستی دەکرد ئەگەر عەلی نابینێ دەلێی شتێکی لێ ون بووە، رۆژ دوایی نەدەهات. سەرەگێژەی دەگرت، بۆ چی وایە؟! زۆری لە خۆی دەپرسی نەکا؟! بەلام نابێ، ئەو بیرەی لەخۆی دوور دەکردەوە. نانابێ دڵ بداتە کەس: ئەوە درۆیە من کەسم خۆش ناوێ. بۆخۆشی دەیزانی راست ناکا. وردە وردە خۆشەویستی بە سپایی جێی خۆی دە دلیداکردبۆوە، هێلانەی تەنی بوو. تاخودا و راستان لە سەر چاکی تووشی یەکتر بوون. رۆژیچوارشەممە داوەت دەگەڕا، رەشبەلەک گیرابوو، زەرد و سوور تێکەل ببوو، هەوایگۆرانییەکە گۆڕا، داوەتەکەش بوو بە سێ پێیی. پەریزاد تاوێک بوو، هەلدەپەڕی چەندکەس چوونە دەر، عەلی تا ئەو



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەم لەولای داوەتەکە هەلدەپەڕی لێی نیزیک کەوتەوە.کەژاڵ کەوتە دەستی عەلی، دەستی ئەو لای کەژاڵ پەریزاد بوو. عەلی بە گوێی داچرپاند:

- کەژاڵ گیان بچۆ دەرێ، هەرچی بتەوێ دەتدەمێ.

کەژال پێکەنینی دەهاتێ:

- کا عەلی بەرمووریێکی شیلانم بۆ نەکڕی ناچمە دەر.

عەلی گوتی:

جا هەر ئەتۆ و بەرموور ئەی بە هەرتک چاوان.

کەژاڵ چۆ دەر، عەلی کەوتە دەستی پـەریزاد ئـەویش ویـستی بچێتـە دەرێ. بەلامدەست نەگرتن لە لای کیژ و لاوان کـارێکی دزێـو و ناشـیرینە. کیژەکە دەستی دەگـرێ، ئەگـەرپێی خـۆش نـەبوو گـەڕێک هەلدەپـەرێ و دەچێتە دەر. پەریزاد بە شەرمەوە دەستی گرت،عەلی سوور هەلگەڕابوو، دلی دەیکوتـا، دەتگـوت لـە قەفـەزی سـینەی هاتـە دەر. چـاویلێـدەکرد، لـە خۆشییەکی بـێ بڕانـەوەدا نـوقم ببـوو. بـە بزەیـەکی شـیرینەوە دەیـڕوانی چاوەکانیبە بەختەوەرێکی قووڵ دەبرووسکانەوە. ئاخر ئەوە عەلییە، دەستی پەریزادیخۆشەویستی لە دەستی دایە، راسـتە یـا خـەونێ دەبینـێ؟! ئـەوە هێندە بەختەوەر، هێندەخۆشبەخت هەلدەپەرێ؟! ئەو جـار نـامرێ، ئـاواتی ئەوە بوو هەر نەبێ گەڕێکیدەدەستیدا هەلپەڕێ دەتگوت پەریزادیش لەوەی دە دەستی عەلی دا پێی ناخۆش نیە،وێ دەچێ پێشی خـۆش بـێ. مـستەفا شەشە دەنگی هەلێنا.

چاوت ئەستێرەکەی روژێهەلدێ دەگەڵ گەلاوێژێ
قەستیە بە چاوان بمکوژێچاوت ئەستێرەی سەحەرێ
هەلدی لە بێژینگ بە سەرێکوشتمی قەتارەکەی سەرێ



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

مستەفا شەشە هەوای داوەتەکەی گۆڕی دیتی پەریزاد کەوتۆتە دەستی عـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــەلی، مرخی لێ خۆش کرد. دلنیا بوو عەلی هــەرچی دەگیرفــانی دایــە دەیـداتێ. دەستی پێکرد:

دەگەڵ تۆمە عەلی لاوەلە بەژنت دەکەم سلاوە
لفک و سۆرانیت بلاوەدە دەستت دابەلەک چاوە
بەلەک چاوە خاو و لاوەپەریزادە و پەری ناوە
بسکی لوولە وەک لاولاوەخەدەنگی لە دلان داوە
بەژنت دلان دەبزوێنێکولمت یاقووتی دەنوێنێ
چاوت وەک چاوی شەهێنێنەکا عەلی بتڕەنجێنێ
عەلی ئەوڕو بەختت یارەدە دەستتدا شەدە لارە
زولفی میسالی رەشمارەخودا بنووسێ لێت چارە
خودا بۆ یەکی داناونلەبەر چاوانی راناون
هەر دوو شلک و تازە لاونهەر بۆ خۆی رەسمی کێشاون
دەنگی دەهۆڵ نەوکابابیدەگەڵ دۆستان نەکەن لایی
مبارەک هەلهەلە و شایینالێم بەندان بە خۆڕایی
خۆ بخورێنە لە منت کەوێلەوەی زیاتر چت لێم دەوێ
دەقاسپێنم وەکوو کەوێماندوو نابم هەتا شەوێ

عەلی دەستی دە گیرفانی نا، چەند دراوی لە گیرفــانی دابـوو هــەمووی دەرێنا و بۆیهاویشت، شایەر دراوەکانی هەلگرتەوە و لە باخەلی نا. کوڕگەل لە حەیفی عەلی دەتگوتقەلشین کیژەکان بە چاوی پــڕ مانــا چاویــان لێــک دەکرد، لاوەکان بە حەسرەتەوە دەیانڕوانی،بــەلام ئــەوان ئاگایــان لــە کــەس نەبوو. دلیان بە ئاهەنگێکی هاوبەش دەیکوتا، خوێنی گەرمیانپڕ تین و تاو لە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەماران دەگەڕا. لە پڕ گەڕی داوەت بـەربوو، دەسـتیان لێـک هەلبـڕا هـەر یەکەبۆ لایەک ڕۆیشتن. خەونی عەلیش دوایی هـات وەک هـەموو شـتێک. هیچ شتێک ئەبەدی‌نیە. خۆشی و ناخۆشی، لەززەت و دەرد، جوانی و جحێلی تەنانەت ناحەزیش. ڕۆژێک‌دێ ئەو هەموو جوانیەی پەریزاد لـە نـاو دەچـێ. ئەویش وەکوو ناحەزەکان پیر دەبێ، جوان‌و ناحەز وەک یەک دێنەوە، زەمان هەمووان وەک یەک لێدەکا. بەلام عەلی باوەڕی نەدەکردپەریزاد ناحەز بـێ، پیر بێ. ژیان ئەبـەدی نیـە، وەرزەکـانی ژیـن یـەک بـە دوای یەکـدا دێـن ورادەبوورن. مەبەست ئەوەیە بژی و بزانی بۆ. کێ دەزانێ لە پشتی ئەو ساتە کورت ودرێژانە چ چاوەنوارە؟! تەنیا دەبێ خـۆ نـەدۆڕێنی و تاقـەت بـێنی و مەبەستێکت هەبێ و پێبە پێی تالاییەکان، دەردەکان، خۆشی و ناخۆشی بژی و دەوام بـێنی. عـەلی وەک شـێتێک‌سەرسـام دەیـڕوانی. بـەرەو پیاوەکـان هەلکشا. پەریزادیش بەرەو هاوالانی بوو. بۆ خۆشی‌نەیزانی بۆ چی پێی خۆش بوو چەند سەعاتی دی هەلپەڕیبا، بێ بڕانەوە دەستی لە ناودەستی عەلی با و داوەتەکە دوایی نەهاتبا.

کورد لە هەموو ڕۆژی حەوتوو دا دەچێتە سەر قەبران، دەگـری و شـین دەگێڕێ،سەردانی مردووەکانی خۆی دەکا. تەنیا چوارشەممۆ ڕۆژی شـایی و شادی و چل دانەگرتنەوە و چوونە سەر گۆر و چاک و پیرانە.

لە بەیانی را دەچنە سەر قەبران و شادمانی دەکەن بە تەقەی دەهۆل و زوڕناو بلوێر وشمشاڵ هەتا ئێواریێ ڕۆژ درەنگان، ئەو سا بەرەو ماڵ دەبن، تـا چوار شەممۆیەکی دی وسەرچاکێکی دی.

چاکی کللۆرەدار جێی داخواز و مرادان بوو. هەر کەس دەردێکی با، یان مرادێک،دەچۆ سەری و داوای خۆی پێ رادەگەیاند و مرادی لێ دەخواسـت. بۆیەش پێیان دەگوت‌چاکی کللۆرەدار چونکی دارێکی بووزی گەورەی لە سەر



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بوو لەبەر پیریان بەژنی کللۆرببوو. دارەکە هێندە ئەستوور بوو، چوار کـەس دەستیان پێک گرتبا لێی نەدەگەیشتنەوە. لەبەر پیریان لک و پۆپی زۆرتریان ویشک ببوون، بەلام هێشتا هێندێک لە سەر لک وچلووکی زینـدوو بـوون و گیانیان لەبەر دابوو. لە سەر لقێکی تەڕ و شینی دوو کۆترە باریکەهێلانـەیان کردبوو. هەمیشە ئەو دەمانەی جووچکەیان هەلدەفڕانـد هـەر بـە تـەنیٚ بـە جووتدەمانەوە. ئەوانی دی پـەرەوازە دەبـوون و دەڕۆیـشتن. خـەلکی ئـەو جووتە کۆترەیان وەکوودارەکە لاپیرۆز و موبارەک بوو. قەت لە بەر خەلکەکە هەلنەدەفـــڕین و ســـلەیان نەدەکرد،کەســـیش دەســـتی نـــەدەکردنیٚ و هەلینەدەفڕانـدن. خـەلکی لـە قـەدی دارەکـە توێکلیـانلێـدەکردەوە و بـۆ موتفەڕک دەنێو سەنیر و بالنجیان دەخست. عەلی چەند جاریٚ چووبوەسەری و نیازی لیٚ خواستبوو بەلام پیر خدر تا ئێستا چ ولامێکی نـەدابۆوە. راسـتە چاکو پیر جێی نیازن بەلام تا خودا شتێکی نەویٚ، کیٚ دەستەلاتی هەیـە!؟ خەلکی ئاوایی وردەوردە بەرەو مالان بوون. عـەلی بـۆ لایـان هـات و لـەبن دارێکی دوور و نیزیکی پەریزادراوەستا. پەریزاد دیتی عەلی لەویٚ راوەستاوە. دیسان سەری داخست لە خۆی دا نوقمببـوو. خـەلک بـە سـواری عارەبـە و گوێدرێژ و یەکسمان بەرەو دیٚ بوون، عـەلی ماوەیـەکیدوور و درێـژ لـەویٚ ماوە.

مانگ وردە وردە لە دوندی شاخە بەرزەکە هەلکشا. جوانی دەهـات لـە ژێر تاریکاییەون بیٚ و جـوانێکی دی دنیـا دابگـریٚ. شـەو،دنیای تاریکـایی و تریفەی مانگ، تارمایی وسام. لە مێژ بوو لەویٚ راوەستا بوو، گەورە و بچووک بەرەو مالان ببوون. تاق و لۆ چرایئاوەدانیٚ گرشە گرشیان دەهاتە چـاو. بـە خەم و شادی تێکەلاوەوە بەرەو نێو دیٚ کەوتنەریٚ.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

( ٣ )



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

چاوەی دیدار، کانی قولقولە جێی دیداری کیژ و لاوان، ژوانگەی گـراوی و کوڕەحەیرانان. کچ جەڕەی سوور لە سەر شانی بە لەنجە و لار بەرەو کانی تێهەڵ دەبوون ودلداریان لە خوار رێیە چاوەنوار کە هەر نەبیّ چاوێکیان پێک بکەویّ، یا تاوێک پێکەوەبدوێن. پەریزاد ماوەیـەک بـوو عـەلی نـەدیبوو، بـۆ خۆشی پێی سەیر بوو، بۆ چی لە بەرزەینی وەلاناچیّ؟ نیاز بە دیتنی، هەست پێکردنی، جێی هەموو شتی بۆ گرتبۆوە. بەهیوای دیتنی جەڕێکی هەلگرت و بەرەو کانی بوو. عەلی لە مێژ بوو لەویّ چاوەڕوان بـوو.دیـتی پۆلـە کچێـک وەکوو کۆتر بە گمەگم و لەنجە و لار بەرە وکانی دێن. پەریزادییش دەگەڵوان بوو، دەتگوت خەرمانی گولانە. هێندێک هەلکشا. کیژەکان لە زارکـی کـانی خەریکی‌گالتە و گەمە بوون. قریشکە و زایەلەی پێکـەنین و شـلپ و هـۆڕی شــەڕەئاو تێکـەل ببـوو.عـەلیش دوور بـە دوور دەیـڕوانی. بـە بیـانووی ئـاو خواردنەوە بەرەو کانی چوو. بە دیتنی‌عەلی کیژان بێـدەنگ بـوون. سـلاو و ماندوو نەبینی کرد. کچان بە گەرمی جوابیان داوە.گوتی:

- چۆڕێکم ئاو نادەنیّ؟!

کەژاڵ جامێکی ئاو پـڕ کـرد و دایـە دەسـتی. عـەلی بـە بیـانووی ئـاو خواردنەوە خۆی‌مەحتەڵ دەکرد. تا بتوانيٍ بە سیلەی چاو تەماشای پـەریزاد بکا. کیژەکان تێگەیشتن، بـوو بەفیـشق و هـۆڕ و پێکـەنین. پـەریزاد خێـرا جەڕەکەی پڕ کرد و وەڕێکەوت. کەژالی دەستەخوشکی وەدوای کەوت:

- کچیّ ئەوە بۆ بە جێم دێلی؟

عەلی هەر هەنگاوی رۆیشتنی نەبوو. دیـتی پـەریزاد لـە بـەروی وا زوو رۆیی. بەشەرمەوە دوور و نیزیک بە دوایان داچوو. کەژاڵ:

- پەریزاد عەلی هەر بە دوومانەوە.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پەریزاد جوابی نەداوە، تەنیا سەری هەلێنا و ئاورێکی لێ داوە. عەلی بەو ئاوڕەدلخۆش بوو. هەنگاوی توندتر بوون، لێیان نیزیک بۆوە. لـە بیانوویـەک دەگەڕا سـەری قـسانبکاتـەوە و داخوازەکـەی بلـێ. پـەریزاد تێگەیـشتبوو، ئارەزووی لەوە بوو لە پەنایەک، لەپەسیوێک دەگەلی بە تەنیا بێ. ئێستا لەبەر کەژاڵ شـەرمی دەکـرد. دوور و نیزیکـی دێ بەپڕمـەی کـەحێلێک ئـەغیار بوونەوە، دیتیان میرانی کوڕی مووساخان بە خۆی و ئەسپەکۆێتەکەیەوە دوور و نیزیکیان دێ. پەریزاد دەیزانی ئەگەر بێت و میران بزانـێ عـەلی بـەدووی وانەوە و لەبەروی هاتووە وا بە سانی لە کۆلی نابێتەوە و تووشی تەشقەلەیەکی دەکا.بە کەژالی گوت:

- بچۆ دواوە و بە عەلی بلێ دوور کەوێتەوە.

کەژاڵ سێ چوار هەنگاو چۆوە دواوە گوتی:

- کا عەلی بگەڕێوە. میران بگاتە ئێرە دەیکاتە هەللا.

عەلی گوتی:

- من چ ترسم لە میران نیە.

کەژاڵ گوتی:

- تو خودا وەگەڕێ، پەریزاد نایەوێ تۆ چت بە سەر بێ.

بە بیستنی نێوی پەریزاد عەلی دوو سێ هـەنگاو هەلکـشا و بـەرەو لای خوارێ چوو.میران گەیبە لایان، دیتی کەژاڵ و عەلی پێکەوە قسان دەکـەن، وایزانی کەژاڵ و عەلیدۆستی یەکترن و بۆیەش دلی چ ختۆکەی نەکرد. لـە مێژ بوو میران مرخی لە پەریزادخۆش کردبوو. لە دەرفەتێک دەگەڕا بە تەنێی وەگیر کەوێ. ئەویشی وەکوو ئاو و گڵ وبەندەنی مێرگە بە ئی خۆی دەزانی. نەک هەر پەریزاد تەواوی کیژ و ژنی ئاوایی، تەواویخەڵکی ئاوایی، گـەورە و بچووک. هەموو ئی وی بوون. کوشتبانی، بڕیبانی، کێ دەیوێرابلێ لەل. چەند



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جـاری دایکــه دەلاڵ لــێ راســپارد بــوو، پــەریزاد هــەر جــوابی نــەدابۆوە. چەندجاریش سەر رێی لێ گرتبوو. بەلام پەریزاد هەموو جارێ هەر دەیگوت: نا. ئەورۆش‌دەیزانی داواکەی هەر ئەوەیە، لەوەی دەترسا بـە دیـتنی عـەلی وەشک کەوێ و ئەوبەستەزمانەش تووشی گۆنگەلێک بکات. مـیران لاوێکـی کەلەگەت و لاواز، چاوی مەڕی،برژانگی کاڵ، کەپۆی کورت و رەنـگ و رووی سوور و سپی و مووکاڵ بوو. لاوێکی‌ناشیرین نەبوو، لە مێژ بـوو ئیـشتیای لـە پەریزاد بوو، دەیویست بە هەر فێلێک بێ دەداوی‌خا. ئێستا دەیدی پـەریزاد ئاوا بێ مەیلە، رقی لێ هەلگرتبوو. رەنـگ بـوو ئـەویش وەکووبـابی حـەرەم سەرای دانابـا، لەوانـەش بـوو بیکاتـە خـاتوونی نێرگـێ یـان وەک یـەکێک لەژنەکانی ئەندەروونێ بۆ ماوەیەک رایبگرێ. ئێستا قەلس و تووڕە لە پێـشی راوەستا بوو، لەهەلێک دەگەڕا ژەهری خۆی بڕێژێ، لـە بیانوویـەک دەگـەڕا. وەقسە هات.

- کیژێ ماندوو نەبی.

پەریزاد سەری داخـستبوو، وەلامــی نـەدەداوە. مـیران رووی تێکـرد و گوتی:

- هەتا کەنگێ جوابم نادەیەوە؟ بۆ چی راسپاردەکانم هەروا دەنێریەوە؟

پەریزاد رەنگی بە روانەوە نەمابوو. زەرد هەلگەڕا وەکوو بەهێی پاییزێ، سەری‌هەلێنا و چاوێکی لێکرد و سەری داخستەوە، بــێ هەسـت و خوسـت. خان گوتی:

- بۆ لە من زیاتر مێرد بە کێ دەکەی؟! ها بۆ چی متەقت لە خۆ بڕیوە؟! بۆ چی‌دەنگێ ناکەی؟! دەتکەم بە خـاتوونی نێرگـێ، دەتکـەم بــە خـاتوونی تەواوی ناوچەی‌مەرگەوەر. هەر چی زێر و زێوە دەیخەمە ژێر پێت. چ جوانـە لەو دنیایە بۆت دێنم. دەلێم‌کێها ئاوریشم و کیمخوایە لە تاران و ئەسـتانبوڵ



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

رابۆت بێنن. دەتکەمە خاتوونی تەواوی‌ژنانی ئەو ئاوایانە. ها بـۆ چـی دەنـگ ناکەی؟! دەبلێ. زمان هەلپچڕە. پەریزاد گوتی:

- خان ئەمن قابیل بە تۆ نیم، «کەنگر و قوماش نابنــە یۆلـداش» ئـەمن کچــە شــوانێکم،ئــەتۆ بــەگ و خــانی. ئــەمن دەبــێ مێــرد بــە گوندییــەک، شوانەوێلەیەک، وەرزێرێک بکەم، ئەمن‌چی و تالار و بالەخانەی بەگ و خانان چی.

میران گوتی:

- ئەو قسانە پووچن. تۆ قابیل بە دەرکی شایانی، لەو ناوچەیەدا کێ لـە تۆ جوانترە،کێ لە تۆ تەرزترە، ئەتۆ قابیلی مالە شای.

میران هەر نەرمی دەکێشا تا قسەیەکی لێ بزانێ، جارێ خۆی پیاو چاک کردبوو.پەریزاد گوتی:

- خان ئەمن بۆ تۆ نابم «سوار و پیادە نابنە ئاوالی رێیە»

میران گوتی:

- نا یانی چی؟ من دەلێم، ئەگەر بە خۆشی جوابم دەدەیەوە، ئەوە باش، دەنادەستوور دەدەم پیلت بگرن و بە زۆری رەوانەی قەلایەت کـەن. بەسـە، ئیدی خۆ سازکەچەند کەسان دەنێرمە لای بابت، هەر ئەورۆ و سبەی. وا باشە دەست لەو کەلەوەکێشییەت هەلگری و چی دی جوابە جەنگێم نەکەی.

پەریزاد گوتی:

مەگەر کەلاکم بەرنە قەلایە. دەنا قەت بە زیندوویی و بە دلخوازی خۆم پێم تێ نانێم.

میران گوتی:

ئەوە قسەی ئاخریتە.

گوتی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- هەر ئەوەیە پێم گوتی:

میران قەمچیەکەی بە هەموو دەمایە خۆی دا هێنایە و دەگەڵ ویـڕەی قەمچیێ پەریزادکەوتە عەرزی. کە دیسان قەمچیەکەی داهێنایەوە لە پـڕ لـە پشتەوەڕا یەکێک قەمچیەکەی گرت. ئاوڕی داوە دیتی عەلی‌یە. قـەمچی لـە دەستی راپسکاند، دیسان دایهێنایەوە. عەلی‌قەمچێکەی گرت و لـە دەسـتی دەرێنا. میران گوتی:

- بە تۆ چی سەگ باب، نەکا تۆ کەلەگای ئەو کچەتیوەی؟ ئـەوە لەبـەر تۆیە جوابی من‌ناداتەوە.

عەلی گوتی:

- خان ئەوە ئەتۆی کەلەگایەتی دەکەی نەک من.

- هەتیوە دم رووتە، خوێڕی وەکوو تۆ قسەی وا دەکا.

- خان بۆ ئێمە بەشەر نین؟!

پەریزاد گوتی:

- عەلی تۆ بڕۆ کارت بەو قسانە نەبێ.

میران:

چاو لە سەریشی دەکاتەوە. زۆرت خەمە؟ جا بزانە چۆنت داخ بە دلێـوە دەنێم.شەرت بێ بە پەندی سیاتان هەلێنم. دەبێ بۆ حەوت پـشتوو تـەنبێ کەم.

عەلی سوور وشین هەلگەڕابوو، پەریزادیش بـە ترسـەوە دەیڕوانیـە ئـەو دیمەنە. لەترسان و لە تاوی عـەلی ئاگـای لـە ژانی پـشتی نـەمابوو. کـەژاڵ هێندێک لەولاتر راوەستا بوو،بە خەمبارییە دەیڕوانیە پەریزاد. میران رکێفـی لە ئەسپەکەی داو بە غار رۆیی. عەلی‌قەمچێکەی فڕێدا و گوتی:

- پەریزاد ئێستا دەلێی چی؟



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پەریزاد گوتی:

- کا عەلی من کارم بە تۆ نیە، بۆ چی خۆت لەو کارە وەردا؟

عەلی گوتی:

- پەریزاد بۆ چی بیر ناکەیەوە ئەو خوێرییە نە تەنیا تۆ، باب و کەس و کارت ناپارێزێ و ناهێلێ. هەر چەند ئێستا کاتی ئەو قسانە نیە، بەلام ئەو ناپیاوە بێ کارراناوەستێ. لە وانەیە تووشی کێشەمان کا. ئەمن لە مێژە تۆم خۆش دەوێ. ئەگەر هەر لەگۆشەیەکی دلت دا جێم هەبێ هەر ئەوەندە قوژبنێکی بچووک، بەختەوەرترین ئینسانیسەر زەویم و گیانم لە رێت دا بەخت دەکەم. ها دەلێی چی؟! سەرت هەلێنە روحم بەقوربانت بێ.

پەریزاد سەری هەلێنا. خۆشەویستی و خەم و پەژارە و نائومێدی لە چاوەکانیهەلدەرژا. دەیزانی خانی نێرگێ وا بە سانی دەست هەلناگرێ و لەوانەیە عەلیش لەوتۆلەیە بێبەش نەبێ.

لەوانەیە هەلکوتنە سەری و بیکوژن. بەلام ئەگەر بێتوو عەلی هەر ئەم شەوهەلیگرێ و بچن بۆ ولاتێکی دی خۆ چی پێ ناکرێ. ئەودەم چی لە دەست نایە بەشەرمەوە گوتی:

- عەلی منیش تۆم خۆش دەوێ.

عەلی لە خۆشیان، لە سوێ و حەز و تامەزرۆیی دا، بەو پەری خۆشەویستیەوە گیانیکەوتە بەر شەپۆلی شەیداییەوە بۆ خۆشی نەیزانی دەلێ چی:

- هەی روحم بە قوربانت بێ، هەی لە سەرت گەرێم. ئەم شەو بابم دەنێرم، نا هەرئەم شەو مارەت دەکەم، سبەینێ بار دەکەین، دەرۆین.

پەریزاد گوتی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- عەلی دەترسێم بەلایەکت بەسەر بێنێ. ئەو پیاوە دڵرە و بێ بەزەییە. خۆ خودا وپێغەمبەر ناناسێ، شەرمیشی بە عەبدان نیە. بە یاسای خحەنجەر و شیری دەکا. لەوانەیەبتکوژێ،و تۆلەمان لێ بکاتەوە. من نامەوێ تۆ لـە رێـی مندا بکوژرێی. ئەگەر مارەشم کەیلەوانەیە بتکوژێ، بۆ کێهە مـەلا دەوێـرێ مارەمان کا. منیش ئەوە بە باش دەزانم ئەو شەولێرە بـڕۆین دەترسـێم، زۆر دەترسێم. واباشە هەر ئێستا بە باب و دایکم بلێین ئەوانیشئاگادار بن.

عەلی گوتی:

- منیش ئەم شەو بابم دەنێرم، هەر چی پێیان باش بێ وا دەکەین.

پەریزاد گوتی:

- ئەگەر باب و دایکم دایانم ئەوە باش، ئەگینا دەگەلت دێم بۆ هەر کوێ بمبەی، دێم.

عەلی گوتی:

- وا باشە سوێند بۆ یەکتر بخۆین، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ لێکمان کا.

کەژاڵ کە تا ئەو دەم بێدەنگ راوەستا بوو خێرا چوو بۆ مزگەوتێ قورئانی بێنێ.

عەلی و پەریزادیش چوونە سەر کانێ و دەستنوێژیان هەلگرت. کـەژاڵ قورئانەکەیهێنا. عەلی و پەریزاد سێ جاریان دەست پێدادا. ئەگەر بژین ئی یەکتر بن و ئەگەر مردن ئیگلی.

ئێستا یەکتریان دەدی، بە شەرمەوە چاویـان لێـک دەکـرد. دەسـتیان وەکوو پشکۆیەکتری گرت. بە نیگا هەزاران قسەی نە گوتراویان پێکتر گوت. رازی دلیان بۆ یەکدرکاند. کەژاڵ وەخۆی هێنانەوە:

- رۆژ درەنگ بووە خێراکەن.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لێک هەلبڕان. عەلی بەرەو نێو دێ و کیژەکان بۆ مالێ. یەکەم تەمەنی دلداریان لە چاوترووکانێک دا و لە چەند دەمی کەم خایەن رابوارد. رۆژ درەنگان بەرەو شەوێکی پڕرووداو هەلکشا، شەو هات. وسوو شوان گۆچان لە سەر شانی سە گورگەکانی دەگەڵچەند سەر مەڕ و بزن بەرەو ماڵ هێناوە، لە دەرکێ را هاواری کرد:

- ئافرەت..... ئافرەت.

ژنەکەی دەرپەڕیە دەر، حەیوانەکانی دە ئاغەلێ کرد. وسووش دەست و دم و چاوی‌شوشت و کەلاشەکانی لە دەرکێ را داکەند و لە سەر لبادەکە دانیشت. هەرای کرد:

- پەریزاد هێندێک ئاوی خواردنەوە بێنە.

پەریزاد تاسێکی پڕ کرد لە ئاو و بۆی هێنا. خەجێ هاتەوە ژوور، شلەژا بوو. وسووزانی شتێک قەوماوە، گوتی:

- ژنێ ئەوە چ بووە، بۆ چی وا بزرکاوی؟!

خەجێ بە سپایی لێی نیزیک بۆوە و لە لای دانیشت. بە دەنگێکی نەرم هەر هێندەدەبیسترا و نەدەبیسترا گوتی:

- پیاوەکە خراپمان بە سەر هاتووە. ئەگەر شتێکی نەکەی ئابڕوو حەیاشمانی تێدادەچێ.

وسوو گوتی:

- دا دەنگ هەلێنە و جوان قسان بکە بزانم چی بووە.

خەجێ دەنگی هەلێنا:

- جا چ بووە میران ئەورۆ پێشی بە پەریزاد گرتووە، ئەگەر عەلی مام عەولای نەبایە،پەریزادیشی دەکوشت و پەندێکی بە سەر دێنا.

وسوو گوتی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

– دا مەیکە هەللا. پەریزاد وەرە بزانم، چۆن بووە ئاوام بۆ بگێڕەوە.

پەریزاد سەر لە بەر رووداوەکەی بۆ گێڕاوە. وسوو شوان هێندێک رامـاو ئەو جارگوتی:

– جا چارەمان چیە؟ خۆ ئەگەر ئـەو کچـەتیوەی بـە مێـردیش بـدەین میران دەستهەلگر نیە.

خەجێ گوتی:

– عەلی لە مێژە داوای پەریزاد دەکا. ئەگەر تۆ رازی بی دەیدەین بەوی با ژنی خۆیبەرێ و بڕوا، هەر کوێ دەچێ با بچێ.

گوتی:

– خۆ عەلی کوڕێکی خراپ نیە، بەلام ئەگەر میران دەسـت هەلنـەگرێ هەر تکیانبکوژێ و پەندێکیان بە سەر بێنێ چی؟ دیارە ئێمـەش بـێ بـەش نابین.

خەجێ گوتی:

– ئەم شەو قەولە مام عەولا بێتە خوازبێنی پـەریزادێ. ئەگـەر کچـەی دەدەیەی ئەوەدەگەڵ وی تەگبیری لێدەکەین، رێیەک دەدۆزینـەوە. ئێـستا شیوێ دێنم. پاروویەک ناندەخۆین، لە وانەیە زوو بێن.

بانگی خەوتنانی تازە دابوو، مام عەولا وەژوور کەوت. پاش من خـۆش و تۆ خۆشداخوازەکەی راگەیاند. وسووش گوتی:

– وەللا من عەلیم پێ کوڕێکی خراپ نیە. وەکوو ئەولادی خۆم خۆشـم دەوێ. بەلامئەو میرانەی من دەیناسم خۆ وا بە سانی دەست بەردار نیە. بێت و بزانێ پەریزادم داوەتێخۆم و خاو و خێزانم لە دەستانی ناحەسێینەوە. ئەگەر پەریزادیشی بدەمێ پاش یەک دووسالان بەرەللای دەکا. هەر ئەوەندە تا لێی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تێر دەبێ. خودا دەزانێ دوایی چی بە سەر ێنێ،نازانم وەللا نازانم بلێم چی و چارەمان چیە؟

مام عەولا گوتی: ئەگەر پەریزادی بدەیە عەلی هەر سبەینێ بە دزی مارەی دەکەین بەشەویش دەیگوێزینەوە، هەر بە دزی با کەس نەزانێ، بڕۆن بۆ هەر کوێ دەچن با بچن،خودایان دەگەڵ ئەگەر دیتمان هەر دەس بەرداری ئێمەش نیە، لە دوای وان ئێمەش باردەکەین و دەچین بۆ ولاتێکی دی. خۆ ئێمە رسقمان بە کۆلەوەیە. قەرە و رەشایی خۆزەوی و داهاتی نیە لەو خاکە نا لە جێیەکی دی. ها کاک وسوو بە رای تۆش وا نیە؟

وسووش ئەو قسانەی پەسند کرد. خەجێ هاتە ژوور. هێندێکی مێوژ و گوێز بۆدانان، ئەوان خەریکی خواردن بوون. یەکێک لە پڕرا وەژوور کەوت و گوتی:

- مام عەولا بگەیە مالت وێران بوو.

مام عەولا رەنگی بە رۆوە نەما زانی شتێکیان لێ قەوماوە، گوتی:

- ماڵ وێران قسان بکە بزانم چ قەوماوە؟

کابرا گوتی: جا چ نەبووە. بە چەند کەسان عەلیان وەبەر خەنجەران داوە. ئەوە لەکۆلانێ کەوتووە.

مام عەولا بە هەر تک دەستان بە خۆی دادا:

- هەک سەلاو قەت کەسم نەما، کوێنت دەبەر کردم عەلی، پشتت شکاندم، ماڵوێران خۆم، کوڕە میران کاری خۆی کرد.

عەلی لە کۆڵان کەوتبوو، چەند کەسی تێهالا بوو. غەلەبایی هەستا، خەلک لە مالان‌هاتنە دەر بەرەو کۆلانەکە هاتن، هەمووی بەو رووداوەیان زانیبوو و خێرا خۆیان‌گەیاندبۆوە وێ. لەشی شەلالی خوێنی یەک بە مەیدانێ کەوتبوو. مام عەولاش لە تاوان‌پشتی چەماوە بە کۆمەکۆم بەرەو مەیتەکە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

چوو. وسوو شوان گرتبووی تا نەکەوێتە عەرزی.عەلی ئێستا روحــی لــە بــەر دابوو بە دیتنی بابی گوتی:

- بابە پەریزادیان دامێ؟

مام عەولا لە گابۆڕی دا، خۆی گەیاندە عەلی و لە ئامێزێی گرت:

- رۆلە گیان، کەس و کارم، پەریزاد ئی تۆیە، تۆ نابی بمری. هەر ئەورۆ و سبەیبووکی سوورت بۆ دادەبەزێنم.

بە بیستنی ئەو قسە عەلی بزەیەکی هاتێ، سەری بەلا دا کەوت و گیانی دەرچوو. مامعەولا بە دەستی خۆی چاوەکانی لێک نا. خەلکەکەش بە چاوی پڕ گریانەوە دەیانڕوانیەئەو دیمەنە. ژن و کیژی ئاوایی کــە ئــەوەیان زانیبــوو خۆیان گەیاندبۆوە سەر مەیتەکە. بوو بەقوڕ پێوان، باب ئاگای لە کوڕی خۆی نەما. پەریزاد ئەو کاتەی مام عەولا و بابیوەدەرکەوتن حۆل ببوو، عەلی چــی بە سەر هاتووە؟ ئەوە پرسیارێک بوو لە خۆی کرد.میران کــاری خــۆی کــرد، هەڕەشەکانی لە خۆڕایی نەبوو.بەلام خۆ ئێستا شــەوێکی بــە ســەردانەهاتووە چۆن؟! لە گابۆڕی دا، دایکی هاتە لای و دەستۆی کرد:

- کچم ئینشاللا چی لێ نەهاتووە، مەترســێ، رۆلــە نامرادەکــەم، کیــژە چارە رەشەکەم.

پەریزاد ئیدی گوێی لەو قسانە نەبوو خۆی دەدیت لە سەر مەیتی عەلی قژیدەڕنێتەوە، عەلیش بۆ هەمیشە چاوی لێک نــاوە. فرمێــسکەکانی رژانــە سەر گۆنای وەکبارانە، ئەوینی ماوەیەکی دوور و درێژی وا بە ســانی لــە نــاو چوو، دلداری دەخوێن گەوزیو لەبەر چاوی لە ناو چوو. هەر چەندی دایکــی دلخۆشی دەداوە پتر دەگریا. بە هاتنەوەیبابی قسەکەی لێ وەڕاست گــەڕا. عەلیان کە شوشت هەر چــی کردیــان خــوێنی رانەدەوەســتا،بە خەنجــەران تەواوی گیانیــان ئــەنجن ئــەنجن کردبــوو. لۆکــەیان دەکــەلێنی برینــەکانی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ناوکفنیان کرد. پەریزاد چۆ سەر مەیتەکەی، بۆ وەی بۆ ئـاخر جـار بیبینـێ. رەنگی وەکـوو بـەهێزەرد هەلگـەڕابوو. لێوەکـانی شـین شـین بـوون. قـژە تەڕەکانی رژابۆوە نێو چاوانی،نەیانهێشت بۆ لای بچـێ. لـە پـڕ بـێ هـۆش و ئیختیار کەوت. بە چەند کەسان هەلیانگرتەوە وبردیانە ژوور. پرسەی عـەلی تەواو بوو. تاق و لۆ سەرەخۆشیکەر دەهاتن. کەسنەیدەوێرا چ بلێ، مەگـەر نێر و مێ، گەورە و بچووک ملکی خان نەبوو. دیارە کەس ناتوانێچ بلێ. خان خانـە و سـاحیبی هـەموو شـتێک و هـەموو کـەس. قـەدەرێک بـوو دنیـا بێدەنگبوو. میرانیش جارێ خۆی لێ بـێ سـاحێب کردبـوو. وسـوو شـوان پەریزادی راگوێزتبوو بۆماله خزمێکی دووری خۆی، ئێستا چەنـد مانـگ بـوو لەوێ بوو. شەوێک خەجێ گوتی:

- کابرا هەتا کەنگێ پەریزاد لەوێ بێ، بۆ ناچی لەدووی؟ بچۆ لە دووی.

وسوو شوان گوتی:

- بلێی دیسان میران وەخۆ نەکەوێ؟ دەترسێم ئـەو کچـەتیوە بێتـەوە ئەویش دیساندەست پێ بکا و لێمان وەخۆ کەوێ.

خەجێ رازی کرد بچێ لە دووی کچەکەی. ئێستا مانگێک دەبوو پەریزاد گەڕابۆوەمالێ و کەس نەیدیبوو، بەلام خۆ نەدەکرا تا ئاخری عومری هـەر لـە ژووری دابێ، خۆبەندی نەبوو. وردە وردە دەستی بە هات و چۆ کـرد. دەچـۆ لای دەستە خوشکەکانی،دەچۆ سەر کانی. میران بـە هاتنـەوەی پـەریزادی زانیبوو، بەلام خۆی مات کردبوو، لە هەلدەگەڕا. رۆژێک پەریزاد خەریک بوو دەوە و وردەی لە نێو قەلاغ دەردێنا، کەللارەی پڕکرد لە وردە و هێنایـەدەر. میران دوور و نیزیک بۆ لای دەهات. پەریزاد خـەجلا بەشـلەژاوی خـۆی دە ژووری هاویـشتەوە، سـەعاتێک دوایـەش دلی هـەر دەیکوتـا ونەدەهاتـەوە سەرەخۆ، میرانیش بە دیتنی پەریزاد دیسان ئاگری گرت. رۆژێ هەر لە دەور



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

وبەری ماله وسوو شوان دەخولاوە. وسوو شوان کە بە وەیزانی، دیسان کەوتە بیریبارکردن و راکردن لە نێرگێ، شەوێک وسوو و خەجێ قسەیان دەکرد. دیسان باسی بارکردن و راکردن لە نێرگێ بوو. قەراریان دانا سێ شەوی دی بار کەن. پەریزاد گوێی لەهەموو قسەکان بوو. پاش مەرگی عەلی هەمیشە بێدەنگ و مات دادەنیشت. ئیدی کیژەشاد و بێ خەیالەکەی جاران نەبوو، غەمی مەرگی عەلی ئەویان ئەو دیو ئەو دیو کردبوو.بیری داهاتوو، بیری دلدارێکی ناکام و کەم تەمەن، ئەوینێکی بێ ئەنجام. هەر چەند لەوماوەیە دا دەتگوت هێمنییەک، هێورێک بە گیانی وەر بووە، وەکوو جاران نەماوە، دەلێیبە خەمەکە راهاتووە. وردە وردە گەرد و تۆزی فەرامۆشی بە دلی وەربووە. یاد و بیرەوەریتاڵ و ناخۆشەکان لە ناو ناچن، تەنیا وردە وردە گەرد و تۆز دەگرن، هەر دەمێنن بەلام کالترنەوەکوو هەوەلێ.

شەو راشکا. ئەستێرە بە ترووسکە ترووسک لە سەر سەری دەزرووقانەوە، مانگبەرەو نێوەڕاستی ئاسمان هەلکشا، چاوەکانی قورس بوون. لە دەلاقەکەوە مانگ لە پێشچاوی ون بوو، خۆی دیت. لە نێو مێشەلانەکەی دم چۆمی بێ خەم و خەیاڵ هەلدەکشا وبە بەستێنی چەمەکە دا دەڕۆیی. لە پڕ میران بەرەو رووی هات، خۆی لێ لادا. بەلام ئەوهەر دەهات هەتا خۆی گەیاندێ. میران لە پێشی چەقی بوو و پێدەکەنی. پەریزاد بیورێکیپێ بوو، هەلی هێناو بە هەموو دەمایە خۆی دایهێنایە سەر و سەکوتی میران. خوێنی بەسەر و گوێلاکی دا دەهاتە خوار بەلام نەدەمرد، پێدەکەنی و قاقای لێدەدا. دیسان هێرشیبۆ دێنا. پەریزاد چەند جاری دی بیورەکەی داهێنایە، کەچی نەدەمرد. لە ترسان لە خەوراپەڕی هەموو گیانی شەلالی ئارەقە بوو. لای بەیانی بوو، نە میران لەوێ بوو نەمێشەلانەکە، زۆری شوکری خودای کرد.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

چەند رۆژ بوو دەستە خوشکەکانی دەهاتن ودەیانگوت: با بچینە پووشـکان. ئەویش قەولی پێدان دەگەڵیان بچێ. بەیانی کیژ هاتن وگوتیان:

- ئەدی تۆ نایەی؟!

دایکی بە سرتە پێی گوت:

- رۆلە بچۆ باشکێ نەکەن، نە وەک ئەو پیاوکوژە پێ بزانێ.

ئەویش دیتی راست دەکا، با ئەو دوو رۆژەش کەس شکێ نەکا، هەتا بار دەکەن،پەریزاد دەستی دا کەندر و بیورێک و رەگەڵیان کەوت. خەونەکـەی دوێنی شەوێیی هەر لەبیر نەمابوو. لە رێیە هـەر خـودا خـودای بـوو مـیران نـەیبینێ. پـاییزان رۆژ کـورتن و شـەو درێژخـەلکی گونـدەکان ئازووقـە و ئاوردووی زستانیان دادەخەن. هەر چەندە بەرەو زستان‌دەکشێن، ئـاوردوو و ئیشکەڵ خڕ دەکەنەوە، گوێنی و تەپالە و کێویلکە، پووشکە و چر وچۆپی، گیا و گۆڵ و کا و تفاق. ئازووقەی بنەماڵە دادەخەن بۆ ئەوەی زسـتان بـە گـەرم وروونی دوایی بێ، بە تێر و تەسەلی. کەچی زۆر کەم وا هەیە، سالێک سەرما و سۆڵ‌لێگەڕێ بە تەسەلی بگەنە بەهار. ئێستا بەرەو مێشەکە بەڕێوە بـوون و بە تریق و هۆڕ وپێکەنین. دەستە خوشکەکانی پـەریزاد لـەو کاتـەوە منـداڵ بوون، هاواڵ بوون و وەخت و بێوەخت پێکەوە بوون. خات زلێخا بێوەژنەکەی وەستا قادر لە پێشدا دەگەڵیان نەبوو. بەلامئەو کاتەی لەوێ دەهاتنـە دەرێ، خۆی گەیاندنێ. پەریزاد بە دیتنی ئەو دلی ختەی کـرد.ئـاخر خـات زلێخـا دایکـە دەلالی مـیران بـوو، چەنـد جـاری بـۆ مـیران پـێ گوتبـوو. بلێـی هاتنی‌دەگەڵ وان لە خۆڕایی بێ؟ ویستی بگەڕێتەوە، بەلام نـا، ناگەڕێمـەوە. دلخۆشی خۆی داوە:ئەو هەموو کیژەت دەگەلە لە چی دەترسێی؟ خۆ دەست و لاقیان نەبەستووی لە دیوێکت‌کـەن. ئەگـەر هـات و شـتێک بـوو دەسـت دەکەیەوە، غیرەتێ بەرمەدە. میران کە لە پەریزاددەخـەفتا چـاوەڕوان بـوو،



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەلێکی بۆ بڕەخسێ و لە کەلێنێک وەگیری کەوێ. بەلام بواری‌نەبوو، ئـارا و قارای لـێ هـەلگیرا بـوو. وەکـوو شـێتان هـەر دەهـات و دەچـوو. جنێـوی دەداوەکوو ماری بریندار هەر جینگلی دەدا. لە پڕ شتێکی گەییـە مێـشکی. زلێخا. چۆ لای‌بێوەژنی وەستا قادر و فێری کرد، بە فێلێک پەریزادی بکێشێتە قـەراغ چـۆمی. زلێخانەیـدەتوانی بـۆ خـۆی بچێتـە لای پـەریزاد، دەسـتە خوشکەکانی دیت و دەگەڵ وان باسی‌چوونـە پووشـکانی کـرد. ئـەوان بـەو فێلەیان نەدەزانی گوتیان:

- باشە سبەینێ پێکەوە دەچین.

دەهاتن لە دێ ئاوا بن خۆی گەیاندنێ. ئێستا لە دم چۆمەکە خـەریکی کۆلەداروەخـڕکردن بـوون. خـات زلێخـاش بێکـار رانەوەسـتا. وردە وردە کیژەکانی لێ وەدوورخستەوە. پەریزاد سەری هەلێنا کەسـی لـە لا نـەمابوو، سامی رێنیشت. چیان بەسەر هات بۆکوێ چوون؟ بەرەو خوار چۆمەکە رۆیی. ولاتێکی بێدەنگ و بە سام. دیمەنەکـە گـۆڕا، هـیچ‌دەنگێـک نـەدەهات نـە تریقەی پێکەنین و نە قیژ و هۆڕ و گالتەی کچەکان. کەس دیار نەبوو،میران دیتی پۆلە کیژەکە تێهەڵ بوون داگەڕا بەرەوە. زلێخا بە کـاری خـۆی بـاش دەزانی،مەیدانی بۆ چۆل کرد. دەبوو بێ ئەوەی بیبینێ لە پڕ رایبگـرێ یـان پێشەبڕکەی بدا. پەریزادهەستی بەو بێـدەنگی‌یـە کـرد. روحـی نەسـرەوتی ئارامی نـەدەگرت، هـەلچوو هەسـتی بەوفێلـە کـرد. بـەرەو دێ بـوو. کۆلـە پووشـکەی دانـا، کۆلێـک پووشـکە چ بـە هایـەکی هەیـە؟! چەندهـەنگاو نەڕۆیشتبوو، دیتی میران بەرەو رووی دێ. پەریزاد بەرەو چۆمەکـە داخـزی، ئەگەرهەر نەیتوانی رزگاری بـێ خـۆی بـە ئاوەکـە دادەدا. مـیران تێگـەیی پێشەبڕکەی داوە. ویستی‌خۆی بە ئاوەکـە دابـدا. بـەلام بـیری تۆلـە پێـشی پێگرت. بەرەو مێشەکە هەلکشان. دەبووماندووی کـا. بـەلام دەتوانـێ وا بـە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سانی رزگاری بێ؟ ئەو پیاوە، هێـزی زۆرە، ئەگەروەدەسـتی کـەوێ ئـەتکی دەکا. پەژیوان بۆوە. ئای خودایە چ بکەم؟ زۆر ترسا بە هەناسـەبڕکە لەبـەری هەلات، ئەدی ئەو هەموو کچە چوونە کوێ!؟ خۆ عەرز قووتی نەدان وئاسمان هەلی نەلووشین؟! بیورەکەی هەر پێ مابوو، خەونەکەی هاتەوە بـیر. ئەگـەر هەردەستم پێ رابگا بیورێکی لێ بدەم هەر باشە. دەلێن ئەگەر مارت دی هەر نەبێگاشەبەردێکی پێدا دە، دەنا ئەو پێوەت دەدا. لە پڕ کراسـەکەی دە لکـە دارێک گیرسا،کراسەکەی داتلیشاند و هەلات. بەو کارە مـیران لێـی نیزیـک کەوتەوە؟ ئاوڕی داوە. دیساندەلکە دارێک گیرسا و سەرەنگرێ بوو. مـیران بە هانکە هانک گەییە سەری. پەڕەکانی کەپۆی دەلەرزی بـە هەناسـە بڕکـە پشووی هەلدەمشت، گوتی:

- لە ئاسمان لێت دەگەڕام لە عـەرزیم وەچـەنگ کـەوتی، دەی ئێـستا دەلێی چی خاتپەریزاد؟ پەریزاد ئەوەندەی دی بزرکا. ئەو ئافرەتێکە هێـزی کوا بە قەت پیاوێکە بلێیدەرەقەتی بێ؟ سامی رێنیشت، پێی هەلبڕی خـۆی دەرباز کا. میران پڕی بە دەستی داکردو گوتی:

- دەی ئێستا روح بۆ کوێ دەبەی؟ خـۆ عـەلی دلداریـشت لـە سـەرت ناکاتەوە.

پەریزاد بە بیستی نێوی عەلی خوێنی کەوتە جۆش، دەبوو سەبر بگرێ میرانهۆشی لە خۆی نەمێنێ واباشە جارێ وا بزانێ خۆی بە دەسـتەوە دەدا، میران گوتی:

- ئاخر هەتا کەنگێ جـوابم نادەیـەوە. بـۆ لـە عـەلی رەش و رووتـیش کەمترم یا لەویشناشیرینترم. کیژێ ئاقڵ بە ئەگەر خۆتم بە دەستەوە بدەی هەرچی بتەوێ وا دەکەم.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هــەوەس چاوەکــانی کــوێر کردبــوو. دەســتی دەڵــەرزی هێــزی پتــر بووو.پەریزاد بیورەکەی‌شاردبۆوە تا ئەگەر بێوو میران خەیالی پیــسی هــەبی لەت و پەتی کا.میران لێی نیزیک بۆوە.پەریزاد ترسی رێنیــشت و بیــورێکی داوەشاند. میران خۆی کشاندەوە. پەریزاد یــەکی دی‌داهێنایــە. بــەلام وێــی نەکەوت. گوتی:

– ئەوە کچەتیوە سەیە بەو تەمایە بووی؟ هەر ئێستا حەیاتی رەشت لێ دەستێنم.

میران بۆ گرتنی بیورەکە رۆبۆوە دەستی و لە دەستی دەرێنــا. پــەریزاد کەوتبۆ عەرزی ودەگریا. ئەو جار دەیزانی رزگار بوونی نیە و ئــەو ناپاکــە بــە ویستی خۆی دەگا. ئیدی هێزی لەئەژنۆیدا نەمابوو، پەنا بۆ کێ بەرێ؟ بەلام نا دەبێ بمکوژێ جا دەستی وێم رابگا. دەبێهەلێم، غیرەتی وەبــەر خــۆی نــا و هەلات. تەواوی بەندەنی دێشا، دە لکەداران دەگیرا، بەلامهــەر هەلــدەهات. میران هەر بە دوویــەوە بــوو، دەســتی بــە هــاوار هــاواری کــرد. بــەلام کــێ گوێی‌لێدەبوو لەو چۆلگەیە؟ ئیدی بە یەگجاری شەکەت ببوو، پرزەی لێ بــڕا بوو. میرانیش بەهێزتر لە پێشوو گرتیەوە. پەریزاد بە جارێ برســتی لــێ بــڕا بوو. هەر تک دەستی گرت،پەریزاد شل ببوو، نانە دەبــوو. حــەیا و نامووســی خۆی وا بە سانی لە دەست بدا. دەستی بــەهاوارێ کــرد، نــەدەبوو بێلــێ بــە ئاکامی خۆی بگا. دەخۆی نووسا، دەســتی لــە چــەنگی‌دەرێنــا. هــەر کــوێی وەچەنگ کەوتبا دەیڕنی، بە چەنگ، بە ددان، بە نینۆک، لە خۆی‌دەپچڕیەوە. میران دووسێ مستی لێدا، پەریزاد ملزەم نەدەبوو مــیران جــل و بــەرگی لــە بەرداشڕشڕ کردبوو. پەریزاد هاواری دەکرد و دەگریا. چەند کەس بــە قــەراغ چۆمی داتێدەپــەڕین. قیــژە و هەراکــەیان بیــست. بــەرەو دەنگەکــە بــوون. سوارەکان ئەو دیمەنەیان دی‌بە غار خۆیان گەیاندێ. یەکیان نەڕاندی.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- بیگرن ئەو خوێرییەی.

دوو سێ کەس دابەزین. میران ئەغیار بۆوە. زانی ئیدی بە مراد ناگا، دەستی لێهەلگرت. تەواوی جلەکانی دەبەر دا تیتۆڵ تیتۆڵ کردبوو. پەریزاد خۆی وێک هێنا بۆوەی کەس لەشی بینێ یەکیان کەولەکەی خۆی پێدادا. بە سێ چوارێکان میرانیان گرت ووەبەر مست و پێلاقانیان دا. میران بەو حالەش دەیگوت.

- ئەگەر پیاون بەرم دەن.

یەکیان گوتی: چاو! ناپیاوی وا باس لە پیاوەتی دەکا. کوڕینە بەری دەن با بزانم چەندەپیاوە.

پیاوەکان دەستیان لێ هەلگرت و بەریان دا. میران هەلیکوتا سەر ئەوی وای گوت.میران دیتی دەستێکی لە ئانیشکەوە زێڕە، زانی ئەوە کێیە.

ئاخر نێو بانگی خانی لەپ زێڕین هەموو ولاتی داگرتبوو. دەیزانی خان پیاوێکی ئازاو بە جەرگە، سامی ڕێنیشت. بەلام دەبوو لە پێشی ڕاوەستێ. خان وەکوو شێر کەوتەسەری و لە عەرزێی دا. لەو حالەدا میران دەیەویست خەنجەرێکی لێ بدا. خان دەستی گرت، دەستەکەی وەبنە خۆی کەوت، خەنجەرەکەی لە خالیگەی ڕاچوو. ئیدی میران کەوت، نەیتوانی دەست بکاتەوە. میرانی چاو چنۆک بە شەرمەزارییەوە کەوت. خانی لەپ ڕێڕین هاتە لای ئافرەتەکە، دیتی بەستەزمانە دەگری، خۆی وێک هێناوە و سەری دەبەرە خۆی ناوە. زۆری زگ پێ سووتا. کیژەکە سەری هەلێنا و دیتی خان لە لای ڕاوەستاوە. نیگایان تێک ئالقا، چاوی کیژەکە وێنەی چزووی مار پێوەی دەدا، پیاوی دەسووتاند. خان غەیری چاوەکانی هیچ کوێی نەدیت. شتێک نەرم و هێدی خزێ گیانی،هەستی کرد ناتوانێ چاوی لێکا. سوور هەلگەڕا



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دلی لەرزی، چاوی لێ وەرگێڕا. پیاوی وائازا و بە جەرگ نەتوانێ چاو لە چاوی کیژۆلەیەک کا؟ سەری داخست و گوتی:

– کیژێ ئەو کابرایە کێیە؟

پەریزاد سەری داخستبوو، هەلی نەدێنا، بە شەرمەوە گوتی:

– ئەوە میرانی کوڕی مووساخانی نێرگێیە. ئەو بێ نامووسە، ئەو ناپیاوە چەندوەختە ژینی لێ تاڵ کردووم. ئەگەر بێت و بـابی بزانـێ برینـدار بـووە، هەمووتان دەکووژێ،من هەر ناهێلێ و ئـاگر لـە گونـد بـەردەدا. نێـر و مـێ دەکووژێ، کەس ناپارێزێ.

خان گوتی:

– زۆری پووچ کرد. بۆ دەنا ئێمەش رەعیەتی بێ دەستەلاتی ئـەو دێ و دێهاتەین؟ئێمەش خاوەن عێل و عێلاتین، برادۆستین، کێ دەتوانێ چاومـان پێ هەلێنێ.

پەریزاد دیتی جل و جۆری پیاوەکـان وەئـی پیـاوی گـەورە و مـاقووڵ دەچێ. هەمووی‌پەستە و رانک و چۆخەی بووزویـان لەبـەر دابـوو. پـشتێنی گرێ چن و کالە و پێتاوی‌ئاوریشمیان لەپێ، هەمووی چەکدار بوون و تفەنگی قەرە بنیا و خەنجەری میسریان پێبوو. گوتی:

– ئیوە کێن؟ با بزانم کێ لەو تەنگانەی رزگار کردووم؟

گوتی:

– من ئەمیرم، ئەمیری برادۆست «خانی لەپ زێڕین» ئەدی ئەتۆ کێی؟

– ئەمن کچی وسوو شوانیم و نێوم پەریزادە.

خان ئەوجار تێگەیی ئەو کیژە کێیە. ئـاخر نێوبـانگی پـەریزادی وسـوو شوانی گەیبۆوەویش. کێ بوو نەیناسـێ. خـان دیـتی ئەلحـە جـوانێکی بـێ وێنەیە. هەرچی لە بارەی دادەلـێن راسـتە و ئەوەنـدە جوانـە چـاوی لەبـەر



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەلنایە، ئەو کە خانێک بـوو، ئـەمیرێکنەیـدەتوانی چـاوی لـە چـاوی بکـا. نەخوازە خەلکی ئاسایی. پەریزاد دیتی بە دووان کەلاکیبرینـداری میرانیـان هاویشتە سەر پشتی ئەسپێک و لە دەوەنە جاڕەکە هەلکشان. خانگوتی:

- ئەدی ئەتۆ چ دەکەی؟!

- خان من ناوێرم بچمەوە نێو دێ. باش دەزانم مووساخان نە تەنیا من، کەس وکاریشم دەکووژێ، هەر گوندەکە ئاگر دەدا، هەمووان دەکووژێ.

خان گوتی:

ئەدی چ دەکەی؟

- جا چووزانم خان. منی قەلەندەری بابان وێران چ بکەم و کوێوە بچم؟

خان گوتی:

- دەگەڵ خۆمانت دەبەین، بەلام دایکت و بابت چی؟

پەیزاد گوتی:

- من تا دەمرم قەرەواشی کەوشەکانت دەکەم. قەتم ئەو پیاوەتیە لە بیر ناچێ. دەگەڵخۆتانم بەرن کارکەری دەکەم، جل شۆری و قەرەواشـی. هـەر چی پێم بکەن. بەلام باب ودایکم بـا بـزانن دەگـەل ئێـوە دێم، دەنـا دلیـان دەتۆقێ.

خان گوتی:

- ئەگەر دەگەڵ خۆمانـت بـەرین دەزانم مووسـاخان داوات دەکاتـەوە منیش ناچاردەبێ بتدەمەوە. بەلام بۆ وەی رزگاریت بێ رێیەک هەیە.

هێندێک راما. پەریزاد چاوی دەزاریەوە بڕیبوو. خان چاوی لێکرد:

- ئەویش ئەوەیە نێـوی منـت بـە سـەرەوە بـێ. خـۆ ژن لـە مێـردان ناستێننەوە. ئەمنمووساخان باش دەناسم، دەزانم چ دڕندەیەکە. ئەگەر باب و دایکیشت هاتن دەیانبەین.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- خان هەرچی ئێوە بلێن من وا دەکەم.

خان گوتی:

- رەنگە دوو شێر لە رووی یەکدا باشتر راوەستن تا ئاسکێکی بێ دەستەلاتی وەکووتۆ و دڕندەیەکی وەک مووساخان. هەتا ئەو کاتەی بتەوێ وەکوو کچی منی، لەوێ بە.ئەگینا ئازادی بۆ هەر کۆێ دەچی بچۆ.

پەریزاد نەیزانی چی دە قسەکانی دا هەیە ئەو ناتوانێ هەر دم هەلپچڕێ.لە هەیبەتو شان و باهۆی خان سەری سوڕما. لە گفت و لفتی را زانی ورەی وەی هەیە لە پێش زولمو زۆری مووساخان راوەستێ و بیپارێزێ. خۆی ئەسپاردە دەستی بە هێز و پیاوانەی خانو قەزا و قەدەری خودا.

خان گوتی:

- هەر ئەم شەو خوازبێنی دەنێرم بۆ لای بابت. وا باشە ئەویش نەزانێ. با هەر بەینیمن و تۆ بێ و کەس بەو قسە نەزانێ. سبەینێ چەند کەسان دەنێرم سوارت کەن و بتهێنن بۆدمدم. ئەگەر باب و دایکیشت بێن ئەوە باش، ئەگینا هەر چۆنی پێیان باشە با وا بکەن.

پەریزاد تەسلیم بوو، هەر چی دەبێ با ببێ. میرانیان لە سەر پشتی ئەسپ بەرەو نێودێ بردەوە. خان پەریزادی هاویشتە پاش تەرکی خۆی و لە دەرکی مالە بابی دایبەزاند.دایکی بە دیتنی وی بەم جۆرە پەشۆکا: «ئەوە بۆ وا شپرێوە؟ بۆ وا بزرکاوە، ئەو کەولەچییە بە شانیەوە؟!» گوتی:

- رۆلە بۆ وات لێهاتووە، چ بووە بابان وێران، چت لێ قەوماوە؟

پەریزاد رووداوەکەی سەر لە بەر بۆ گێڕاوە، بابی ئێوارێ هاتەوە، خەجێ ئەوی بەسەر کیژەکەی هاتبوو بۆی نەقل کرد و پێی گوت:

- ئەم شەو پیاوی ئەمیرخان دێن بۆ خوازبێنی پەریزاد.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

وسوو شوانیش نێو بانگی پیـاوەتی، ئازایـەتی و مەردایـەتی ئـەمیرخانی بیستبوو.دەیزانی خان لەوانە نیە لە یەکی وەکوو مووساخان بترسێ. هەر لـە خودا بەدەر لە کەس‌نەدەترسا. ئەدی کێ لەو باشـتر پـشتی پـێ ببەسـتێ و پەریزادی بداتێ. هەر مووساخان لەبەروی ناوێرێ لە گوڵ کالتریان پێ بلـێ، ئەگەر دیتی خان خۆی و بنەماڵەی ئازار دەدا ئەوانیش‌دەچنە قەڵای دمـدم. بەڵام ئەو خەزووری خانی لەپ زێڕینە کێ دەتوانێ کاری پێـی بێ؟خـان لـە سەر خەزووری هەر تاق لە نێرگەیان دەبڕێ.

مووساخان بە دیتنی تەرمی خوێناوی کوڕەکەی شێت و هار ببوو. زمانی رە عەرزی‌دەخست کێ توانیویە تاقە کـوڕی وی برینـدار کـا، بـەو پەنـدەی بەرێ؟ کێ وێراویە ئاوا بەشپڕێوی بۆی وەژوور ماڵێ نێ؟ حەکیم و لوقمانیان هێنا سەری، خەریکی هەتوانی‌برینەکەی بوون، کـەس نـەیزانی کـێ بـوون؟ چۆن هاتن و چۆن رۆیشتن؟ تەنیا چەند سوار لەدەرکی دیوەخانێ میرانیـان دابەزاند و رۆیشتن. کوێخا دەرک و نۆکەر و خولام هاتن وکەلاکی برینـداری میرانیان بردە ژوور. دایکی بە دیتنی کوڕە قـوڕی وەسـەر کـرد.مووسـاخان عەبەسا. کوڕی جوان و جحێل بەیانی دەهات و دەچوو، گرمەی پێی قـەڵات وباڵەخانەی دەلەرزاند، ئێستا لە بەر دمی کەوتووە. بەڵام بە پەکوو پەکوو کار پێک نایە.حەکیمیان هێنا سەری. چا بوو خەنجەرەکـە وە جێـی ئەسـتەمی نەکەوتبوو، تەنیا چەرمی‌زگی دڕیبوو. بـەڵام هـەر بـە دیـتنی خـوێن زراوی چووبوو. ئاوا بێ حاڵ کەوتبوو. ئاگای لـەخۆی نـەمابوو. حـەکیم برینەکـەی درۆوە و هەتوانی لە سەر دانا. شەو هات. کەس لەدیوەخان و نێو ماڵ خەوی لێ نەکەوت. شەو هات، ئەو رۆژە چۆن رابوارد کەس نەیزانی.شەوێ تا بەیانی خان لە ژوور سەری دانیشت، نەبزووت. وەکوو مار جینگلی دەدا. بیری‌تۆڵـە هەر بۆ ساتێک نەیدەهێشت بحەسێتەوە. دەهات و دەچوو، دەبـێ بکـووژێ،



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ببڕێ،بیاندۆزێتەوە. ئەوە کێیە توانیویە تاقە کوڕەی مووساخان، دەستەلاتداری ناوچە بەومەرەدە بەرێ و ئاوا لە خوێنی بگەوزێنێ؟ شەو رابوارد، رۆژ هەلات. خان چۆ دیوەخانێو بانگی کوێخا و گزیری کرد:

- ئەو خوێڕییەم بۆ بدۆزنەوە، کێ توانیویە ئەوەم بە سەر بێنێ؟ کێ توانیویە رۆلەی‌تاقانەم بەو مەرەدەی بەرێ؟ هەر کەس بۆم بدۆزێتەوە خەلاتی دەکەم. لە مالی دنیای بێنیاز دەکەم.

کوێخا و گزیر گوتیان:

- خان دەیدۆزینەوە.

کوێخا و گزیر وەکوو رێوی بە دەرکان وەربوون، بۆنیان دەکێشا، تا شوێنێکبدۆزنەوە. کەوتنە پرسیاران:

- کێ میرانی هێناوە نێو دێ، کێ وای کرد؟

چەند کەس لەو کیژ و ژنانەی چووبوونە پووشکان، دیتبوویان کەلاکی میرانیان لەسەر پشتی ئەسپ بە چەند کەسان لە مێشەکە هێنادەر. خات زلێخاش کە بۆ خۆی ئەوژوانە نەویستەی بۆ پەریزاد پێک هێنابوو. دیتبووی پەریزاد لە پاش تەرکی سوارێک لەدەرکی مالە بابی دابەزی. خێرا خۆی گەیاندە کوێخا خدر و بەسەرهاتەکەی پێگوت.کوێخا خدر چۆ دەرکی مالە وسوو شوان و گوتی:

- خات خەجێ ئەو کچەتیوەی بانگ کە دەرێ.

خەجێ گوتی:

- کوێخا چ قەوماوە؟ پەریزادت بۆ چیە؟

گوتی:

- لە خۆت مەگۆڕە، زوو بانگی کە بێ، دەنا دێم بە پرچان رایدەکێشم و دەیهێنمەدەر.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پەریزاد گوێی لەو هات و هاوارە بوو، هاتە دەر:

- دایە ئەوە چیە؟ ئەو هات و هاوارە چیە؟!

- ڕۆلە کوێخا خدر کاری پێتە.

پەریزاد هات و لەبەر دەمی ڕاوەستا. کوێخا خدر بە دیتنی پەریزاد پێی لە بەندەوەچوو، سەری سوڕما.و خودایە ئەوە فریشتەیە؟ ئینسانە، چیە؟ ئەوە مەلاییکەیە. حەقی‌میرانە لە تاوانی شێت و هار بێ. ئێستا چی پێ بلێم؟ دلم نایە خۆ ئازاری بدەم. ئەگەر بێتو ئازاریشی بدەم لە وانەیە میران سبەینێ چابێتەوە ئەو جار ئەوی نەبووە بە سەرم دێنێ.ئێستا چ بکەم؟ وا باشە هێندێکی پرسیار لێ بکەم و کارم پێی نەبێ. ئەودەم هەرچی‌مووساخان گوتی وا دەکەم.

گوتی:

- پەریزاد دوێنێ کەست نەدی؟ ئەودەمی لە پووشکان دەهاتیەوە، لە مێشەی‌تووشی کەس نەهاتی؟

پەریزاد چاوی لە چاوی بڕی و گوتی:

- کوێخا بۆ چ قەوماوە؟ ناوەللا من کەسم نەدی.

کوێخا گوتی:

- ئەدی بۆ خات زلێخا دەڵێ تۆی بە چاوی خۆی دەگەڵ چەند سواران دیوە کە لەپاش تەرکی یەکیان  سوار بووی و لە دەرکی ماڵێ دایبەزاندووی، هەر ئەو دەمیش میرانیان‌بە برینداری لە دەرکی دیوەخانێ دابەزاندووە. لەو بابەتەوە دەڵێی چی؟ یانی تۆ کەست‌نەدیوە؟!

پەریزاد خۆی نەدۆڕاند و قورس و قایم جوابی داوە:

- کوێخا من نازانم ئەو قسانە چن؟ کیژەکان منیان جێ هێشتبوو و منیش بە تەنێگەڕامەوە. کەس منی نەهێناوەتەوە ماڵێ.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- ئەدی زلێخا بۆ چی وا دەڵێ؟

- کوێخا ئەتۆ پیاوێکی تێگەیشتووی و دونیات دیوە. زلێخا ژنێکی نەمام و درۆزنە،ئەو رقی لە منە. دەنا کەی منی دیوە لە پاش تەرکی کەس کە ئێستا وا دەڵێ.

کوێخا گوتی:

- پەریزاد ئەگەر بێت و راست بکا. خان بە پەندی سیاتان هەڵدێنێ و کات دەپێستێسەری داخنێ. ئەگەر شتێک دەزانی پێم بڵێ، من ناهێڵم خان چ لە تۆ و دایک وبابت بکا.

- کوێخا من چ نازانم تا چ بڵێم.

- ئیدی بۆ خۆت دەزانی، حەیفە جوانی وەکوو تۆ بکەوێتە بەر دەستی خان وپیاوەکانی.

پەریزاد دەیزانی قسەکانی کوێخا هەمووی هەڕەشەن. هەروا بێدەنگ ماوە چاوی لەچاوی کوێخا نەترووکاند. کوێخا پاکی و ساکاری، بێ گوناهی لە چاوەکانی دا دیت. سەری‌هەڵبڕی و بەرەو نێو دی کەوتە رێ. ئاوڕێکی داوە: بڵێی ئەو کیژە جوان و پاکە شتێکی‌دەباران دابێ؟!

دەزانم لە مێژە میران تەمای تێکردووە. ئاخر کێیە لەو ناوچەیە بە ئاواتی ئەوحۆرییەوە نەبێ؟ خۆ میران شتێکی لێ بێ، مووساخان دەیکوژێ، حەیاتی رەشی‌لێدەبڕێ، هەر ئەو نا تەواوی خەڵکی ئەو دێیە دەکوژێ، بە نێر و مێوە. سەگ و ئینسان‌لێک دەبەستێ. چار چیە؟

کوێخا دەتگوت بارێکی گرانی لە سەر دڵە. بە خەم و پەژارەوە هەڵکشا. بەرەودیوەخان بوو. ئەو پیاوی خان بوو، دەبوو هەر واش بێ، هەر چی دەیزانی بۆی گێڕاوە.خان گوتی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- یەکێک بنێرە شتێک لەو کچەتیوە بزانێ و لە بن زمـانی دەرکێـشێ. بزانێ ئەوسوارانە کێ بوون و چ پێوەندێکیان دەگـەڵ وی‌یـە. ئـەو جـار مـن دەزانم و ئەو، پەندێکی بەسەر بێنم بـە داسـتان بیگێڕنـەوە. خێراکـە خـدر، رامەوەستە.

کوێخا جیفرکی لە خۆی دا و چۆ ماڵە زلێخا و کەوتنە تەگبیران. زلێخـا گوتی:

- وا باشە کەژاڵی دەستە خوشکی بدۆزم. ئەگەر هیچی نەزانی دەینێرم بۆ لای‌پەریزاد بزانێ چ بووە، کێ لە کەژاڵ باشتر، کچێکی ساویلکە و سـاکار، زوو فریو دەخوا، بەسانی هەلدەفریوێ.

کوێخا گەراوە دیوەخان و زلێخا بە پەلە چۆ ماڵە مـام حەسـەنی، دیـتی کەژاڵ خەریکی‌مەشکە ژاندنە، خێرا ئەولای مەشـکەی گـرت و دەسـتی بـە ژاندن کرد. گورمی وای لێدەدا،شلقی دەگەییە ئەولای ماڵان. دەستی پێکرد:

- کەژاڵ گیان چۆنی، چ دەکەی؟

- بە خودای خەراپ نیم دادە زلێخا، رۆژ دێ رادەبورێ، هەر شەو دێ و رۆژدەبێتەوە.

- جا گولم ئەتۆ وا بلێی خـەلکی دی دەبـێ چـۆن بـن. ئـەتۆ جـوانی، جحێلی ئێستا تازەهەوەلی عومرتە. دەبێ یەکی وەکوو مـن قـسەی وا بکـا. ئەدی داخوا پەریزاد چۆنە؟ جەرگی‌خوشکی خەرا بێ، بەستەزمانە.

- ئەوە دەلێی چی دادە زلێخا؟ بۆ پەریزاد چی لـێ هـاتووە؟ ئـەمن لـە دوێنێـوە نەمدیوە،هەرلـە پووشـکان لێـک دابـڕاین. مـن گـەلێکی لێگـەڕام نەمدۆزییەوە. چ بووە تو خودا چت‌بیستووە؟

- وەللا ئێوارێ بە چاوی خۆم دیتم. چارە رەشە زۆر شـپرزە ببـوو، لـە دەرکی ماڵە بابی‌لە پاش تەرکی سوارێک دابەزی. خۆ ئەمن ژنێکی بە چاپ و



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

گوپ و دووزمان و درۆزن‌نیم. کارم بە کاری کـەس نیـە. بۆیـەش نەچوومـە مالیان نەوەک وەبزانی خوای نەخواستەکارم بە کاریەتی.

کەژاڵ گوتی:

ئەیەڕۆ خودا نەکا. بلێی چـی بەسـەر هاتبـێ؟ هـەر ئێـستا دەچـم تـۆ خوداکەی دادە زلێخادلم راناوەستێ، چ بکەم؟

زلێخا گوتی:

رۆلە گیان ئەمن مەشکەکە دەژێنم و رۆیدەکەم و رۆنەکەی دەگرم. ئەتۆ بچۆ بزانە چبووە ئەوە لێرەم تا دێیەوە.

کەژالی ساویلکە و گەوجیش هەستی بەو فێڵ و مـەکرە نـەکرد. خێـرا بەرەو مالە وسووشوان بوو. پەریزاد بە دیتنی رەنگ و رووی کـەژاڵ وەیـزانی شتێک قەوماوە. گوتی:

- کەژاڵ گیان، ئەوە چ بووە بۆ وا دەکەی؟ بۆ ئاوای؟

- پەریزاد چت بە سەر هاتووە؟ من باشم تۆ چـت لـێ قـەوماوە. ئـەمن دوێنێ بەستۆی‌شکاوم لێت هەلبڕام، چ بووە؟

پەریزاد سەر لە بەربۆی گێڕاوە. باسی دیتنی ئەمیرخان و شووکردنەکەی خۆی سەرلەبەر بۆ کرد. هەروەها باسی میرانی خوێـڕی کـرد و سـوێندی دا لای کەس باس نەکا.کەژاڵ زۆری پێ سەیر بوو، زۆریـشی پـێ خـۆش بـوو. دەستە خوشکەکەی ئاخری خێربووە و مێردی وای کردووە. زۆریـشی خـەم بوو لێی دوور دەبۆوە. هێندێک دە باوەشی‌یەکدا گریان ئەو جار کەژاڵ گەڕاوە مالە بابی.

زلێخا هەر لەوێ بوو، خەریکی حاجەت و حوجەت وەخرکردن و قـاپ و مەنجەڵشوشتنەوە بوو بەرەو پیری چوو:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- ها کەژەگیان. تو خودا پەریزاد چۆنە؟ ئەم شەو لــە تــاوان خــەوم لــێ نەکەوتووە.

کــەژالی ســاویلکەش فریــوی زمــانی لووســی زلێخــای خــوارد و باســی خوازبێنی ومێردکردنی پەریزادی بۆ کرد و گوتی:

- دادە زلێخا تو خودا لای کەس باسی مەکە ئەم شەو بە بووکی دەبەن.

زلێخا بە غار خۆی گەیاندە کوێخا و دەست خۆشانەی خــۆی وەرگــرت. کوێخا خدرتا دووسێ سەعاتان لە تاوی پەریزاد حەجمینی نەبوو:

- بە خودای خان دەیکووژێ، لەت و پەتی دەکــا، پێــستی دەگــورویێ و دەیهاوێتە پێش‌سەگان. چ بکەم؟ هەر لە نێو دێ هات و چوو، ئارا و قارای لێ هەلگیرابوو. چەند سوار لــەنێرگی خــوارێ را رووە مێرگــە دەهــاتن. خــەلک سوارەکانیان دیت. کوێخاش زانی ئەوە دێن‌پەریزادی بەرن. چۆ دیوەخانێ و بەسەرهاتەکەی بۆ خان گێڕاوە. خان دەرهەڵ بوو:

- ئەو کچەتیوە ئەو ئاواتە دەباتە بن گلی. خێرا پیاوان سوارکەن، چەک و چۆلان بێنن‌و بچنە سەر رێی سواران و بووکیان لێ بستێننەوە و ئــەتکیان کەن. لــە دوو کێلانــێ چاوەرێیــان‌بــن تــا دەگەنــە وێ، تاقیــان لــێ ببــڕن. کچەتیوەکەشم بۆ بێننە ئێرە. ئەوە کەلەگای وای هەبوو،بۆیە ئەوەی بە ســەر میران هێنا. تاقیان لێ دەبڕم. ئەمیرە چۆلاق کوڕی من بریندار دەکا.ئــەوی خۆشی دەوێ مارەی دەکــا. هــەر لــە تەرگــەوەر و مەرگــەوەڕ راوی دەنــێم، دەیکەمەپووشی بەر رۆژێ، بۆ سۆ و بەدناوی دەکەم. خێراکەن برۆن ئــەتکی کەن و بووکی لێبستێننەوە.

کۆشک و سەرا لە ژێر پێی رمبەی دەهات و دەلەرزی، سوارە ساز بوون و چوونەدوو کێلانێ و چاوەڕێی بووکنیان بوون. بووکنی چوونە دەرکــی وســوو شوان. چل سواری‌ئازا بــە تفــەنگ و شــیر و خەنجــەران، کــۆک و پۆشــتە و



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پەرداخ، بە چەک و قۆڕەوە. دەیانزانیخانی مێرگە پێشیان پێدەگرێ، بە سازی هاتبوون، چەندیان دیاری و زێڕ و زێوی بە نرخ وگران هێنا بوو. پیاوی ماقووڵ و گەورە گەورە. کچەیان مارە کرد. خەجێ لە خۆشیان خەنیببوو. قوماش و تاقمی جوان و رەنگاو رەنگی ئاوریشم و کیمخوا، جل و بەرگی نایاب، زێڕو زێوی بە قیمەت. بووکیان رازاندەوە، بەرگی جوانیان لەبەر کرد. چاویان رشت و بسکیان‌سێ بەنگی کرد. گێل گێلە و هەوریان لە سەرنا. پاشە سەر و پێشە سەریان لە سەری دا.ئاشق بەندێکی جەواهێریان لە سینگی دا. گەردەنی و خرخاڵ و بازن، تۆ و گوارە،بووکیان رازاندەوە. تارایەکی سووریان پێدادا. بووک دەتکوت کیژی ئاسمانە. بووکیان لەکەژاوەی نا. دایکی بە گریانەوە وەدوای کەوت، بابی لە لینگی دەرکەی راوەستا بوو،چاوی پڕ ببوو لە ئاو. دەهۆڵ و زوڕنا لە پێش بووکێ دەیکوتا. سوارە سوار بوون و بەرەودمدم کەوتنە رێ. هەر بووکنچی لەدێ وەدەر کەوتن پیاوەکانی مووساخان دیتیانن،خۆیان حەشاردا. هەتا دوور و نیزیکی دوو کێلانێ پێشیان پێگرتن. بە دوو سواران‌کەژاوەیان دەپاراست، ئەوانی دی دەستیان دەکردەوە.سوارەکان ئازایانە بەرەنگاریپیاوەکانی مووساخان بوون و تێکیان شکاندن. سوارە رایان کرد و کشانەوە. چەندکەسیشیان بریندار بوون و کووژران ئەوانی دیش بە شەرمەزاری گەڕانەوە نێرگە. دەهۆڵ وزوڕنا، کە تا ئەودەم بێدەنگ بوو دەستی بە لێدانی هۆرە و گۆرانییەکی خۆش کرد. لە رێیەتووشی خان هاتن کە دەگەڕاوە دمدم. ئەویش رەگەلیان کەوت و بەرەو دمدم کەوتنە رێ.خەبەر گەییە قەلا، ژن و پیاو بەرەو پیری بووکن چیان هاتن. ژنەکانی خان بە بیستنی ئەوخەبەرە پەشۆکان، بەلام چیان لە دەست دەهات؟ تازە ژنە هاتووە، کێ دەتوانێ چ بلێ.بەلام ئاخر دەلێن کچە شوانێکە، کێ شتی وای دیوە، کچە شوانێک بە سەر کچە بەگ وخانان بێ. شتی وا



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دیتراوە، هەر بیستراوە؟ بەلام قسەی خان یەکە و نابێ بە دوو. هەرچیویستی وییە هەروا دەبێ. نارین، ژنی گەورەی خان خزمی خـۆی بـوو. ئـەو کاتـەی گولبەریبە سەر هێنا زۆر دلگران بوو. بەلام ئێستا کـە ژن بـە سـەر گولبـەر هاتووە هێندە نارەحەت نیە.بلێی نەلێی پێی خۆشە. گولبەر ژنی دووهـەمی خان، ئامۆزای شێخ حەیدەر بوو. ئێستا کچەشوانێک هاتووە و بە سەر ژیـنی وان هەلوێستاوە، دلی خانی هەستاندووە و خانمەتێدەکا. گولبەر وەکـوو ژان کردووان دەهات و دەچوو. بە بیستنی ئەو خەبـەرە بـە جارێـکپـرزەی لـێ بـڕابوو. گولبـەری خـانم و خـاتوونی قەلایـە، نـازداری خـان، دەهـەژا، هەدادانینەبوو:

- چۆن من کە خۆشەویستی خـان بـووم، ژنی بـە سـەر هێنـام و ئـەو ئەتکەی پێ کردم،بۆ من دزێو و ناشیرینم؟!

چۆ سەر حەوزە گەورەی قەلایە، لە بالای خۆی روانی. دیتی زۆر بەژن و بالا رێک وپێکە. نە لە دم و چاودا، نە لە بەژن و بالا دا ناشیرین نیە، دەتوانین بلێین جوانە. بلێی ئەو ژنەلەو جوانتر بێ؟ کە خان ئەوەی دەگەڵ ئەو کردووە، گولبەر کەزی شۆڕ و بـەرز و بلینـد بوو،سـەروچاو پـان، کـەپۆی قولینگـانی هەلکەوتبوو. دم و لێویکی کورت، چەنە خڕ، چـاوی کاڵـو قـژی لـە رەنگـی بەڕووی بناری دم چیا، سپیلکە، ئاکار جوان. ئەگەر باسی ژنی جوانیاندەکرد زۆر جار بوو دەیانکوت: گولبەر ژنێکی جوانە، بـەلام جـوانی نـەیتوانی خـان راگرێ.بۆ تەنیا بۆ راگرتنی پیاو جوانی بەسە؟ جوانی نـەیتوانی ببێتـە هـۆی وەی ژنی بەسەر نەیە. بەدلی بە خەم و هەنگاوی شل بەرەو دیوی خۆی بوو. ئێواری خان بۆ بە خێر هاتنی پەریزادهاتە هۆدەکەی. دیتی هێشتا تارای لێ نەکراوەتەوە. پەریزاد لە ژێر تارای سوورەوەدەیڕوانی. خان چۆ پێش و بە خێر هاتنی کرد:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- تاراکەت لادە. تا تۆ لێرە بی و بە ئێمـە رازی بی، ئێـرە مالـە خۆتـە، منیش بە کەسیخۆت بزانە. ئەگینا دەچێ هەر کوێ ئازادی برۆ.

پەریزاد تاراکەی هەلدابۆوە. خان چاوی پێکەوت، پێی لە بەندەوە چـوو، سوورهەلگەرا، روخساری داگیرسا. هەستی بە خولیایەک کـرد دە خـەیاڵ دا نەدەگونجا. ئەو ژنەحەلالیەتی، مارە کراوی وییە، کێ دەتوانێ چ بلێ؟

بەلام نا. ئەگـەر بێـت و ئـەو نەیهـەوێم؟! مـن پیـاوێکی ئـەکابرم ئـەو کیژۆلەیەکی کەمتەمەن. من لە جێی بابی ئەوم. ئەو غیرەت و پیاوەتیە چـۆ کوێ؟! نانا نابێ. هەنگاوی هەلێنا،هەر چۆنێ بوو رووی لێ وەرگێرا.

- ئێرە مالە خۆتە، تەنیا دەگەڵ کەس لە بابەت من و خۆتەوە مەدوێ، با نەکەویە بەرزار و زمانان.

پەریزاد سەری داخست لە بن لێوییەوە گوتی:

- خان من قەتم ئەو پیاوەتییە لە بیر ناچێ.

خان هاتە دەر و چۆ هۆدەکەی خۆی. پـەژیوان ببـۆوە. بـیر و خـەیالی پەریزاد هەر بۆماوەیەک لە مێشکی وەلا نەدەچوو. بۆ هەر لە هەوەلێ راپـێم گوت:

- ئەتۆ وەک کچی منی، دەتپارێزم، کارم پێت نیە. هەزاری وەک من و لە من پرتەمەنتر کیژۆلەی لەو مندالتریان هێناوە، قەیدی چیە؟ بەلام نا ئەتۆ مرۆفێکی، خۆت پێپیاوە، غیرەت و پیاوەتیت چۆ کوێ؟ ئەو بیرانـە وەلا نـێ، ئەو میوانی تۆیە، تۆ نابێ بێلیکەس چاوی سووکی لێ بکا و کاری بـە کـاری بێ. بەلام لە قوولایی دلیەوە شـتێکی دیهەلـدەقولی، گیـانی شـتێکی دی دەویست.

نارین و گولبەر کە خان بە دیاری لەو سەفەرە هەوێیەکی دی بـۆ هێنـا بوون، هەرتکیانچوونە لای ئەمیرخان. نارین گوتی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- خان ئەگەر هەر ژنت دێنا مەگەر ژن قات بوو. ئەوەت بۆ هێنا؟! کچە بەگێک،خانێک، ئاغایەکت هێنابا. ئاخر ئەوە بوو بە کار، کچەتیوێکت هێناوە، کچە شوانێک.

خان سوور هەلگەڕا دەرهەڵ بوو:

- کچــە شــوان، کچــەتیوە، ئێــستا خێــزانی منــە. کــەس حــەقی نیــە سووکایەتی پێ بکا.ئەویش وەکوو ئێوە ژنی منە. رازین ئەوە دانیشتوون، دەنا سێ بەردە و مالی فەقیری.نەبیستمەوە کەس لە گولێی کــالتر پــێ گوتبــێ، دەگەڵ هەرتکتانمە.

گولبەر رەنگی بە روانەوە نەما: «چی، ئێستانەهاتووە، ئەمیرخان ئاوای لە سەردەکاتەوە. ئەگەر بێت و گچووکێکی بێ چ دەکا؟»

ئەوە پرسیارێک بوو هەرتکیان لە خۆیان کرد. زۆر بە قەلسی و دلگرانی لە لای خانهاتنە دەر. هەر چەند خان قەت هیچ کامی تەڵاق نەدەدان، بەلام ئەو هەڕەشەیە تەنیا بۆترساندنی ژنەکانی بوو. بۆوەی پــەریزاد ئــازار نــەدەن. نارین زۆر دلمەند نەبوو. ئاخرهەرچی بێ ژن بە سەر گولبەر هاتووە، گولبــەر ناسک و نازداری خان. جا چ لەوە باشترە،دەبوو تا رۆژی خۆی وەسەر خــۆی نەهێنێ. وا باشە جارێ خۆ مــات کــا. ئــەوە کەســێکەدەتوانێ تۆلــەی ویــش بکاتەوە. گولبەر و نارین بۆ بە خێر هێنانی پەریزاد هاتنە هۆدەکەی.پــەریزاد دیتی نارین شاژنێکی کەلەگەتی جوان چاکە، دیارە کــاتی خــۆی زۆر جــوان وئەنتیکە بووە. نارین بەرگێکی شکاکی جوانی لەبــەر بــوو، کەوایــەکی زەڕی گــران و زێــڕ وزیــوێکی زۆر. لــە گفــت و لفــت و ئاکــاری را خانمــەتی و بــە دەستەلاتی دەباری. گولبەر جوانو شۆخ و شەنگ، قــژ کــاڵ، تەنکــە ژنێکــی لەبار. کەپۆ قولینگانیەکەی لە روخساریدەوەشــاوە. ئــەویش وەکــوو نــارین بەرگی شکاکی لەبەر بوو. بۆنی عەتر و مێخەک بەندیانرۆژە رێیەک دەڕۆیی.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ژنەکان وەک بیکرِن لەبەری پێی تا تۆقی سەری لێیان دەڕوانی.گولبەر هەر چاوی پێکەوت، بزرکا، قسەی پێ نەکرا. هەر لە بەری هەلدەڕوانی.لە جوانیئەو ژنە سەری سوڕما: خان حەقی خۆیەتی بۆی شێت و شەیدا بێ. ئەگەر ئەویش پیاو باهەر بە دیتنی دڵ و دینی لە دەست دەچوو. بالای نە کورت نە درێژ، شل و مل، بەژنباریک، چاو رەش. برۆکانی دەتکوت قەترانن، سوور و سپی، گەردنی بلیند وەک شووشەسەهۆل، بسکە رەشەکانی لە سەر روومەتە ئالەکانی لوول دابوون ئەگەر بزەی دەهاتێهەرتک گووپی قوولْ دەبوون. رەزا شیرین، چاوی وەک چاوی ماری درێژۆکەهەلکەوتبوون، روومەتەکانی مەیلەو ئالْ، نێو چاوان پان، دم و چاو خڕ و چەنە کورت.کەمەرەیەکی زێڕی لە نێو قەدی بەستبوو، سۆرانی هەلکردبوون. ئەو بازنە و خڕخالانە لەدەستی دا ببوونە نەخش. هێندە خاوێن و بێ گەرد بوو دەتکوت نوایەک بەفرە و بە بازنە وخرٌخالْ نەخشاوە. ئەو خشلْ و زێڕ و زێوانە ئەوەندەی دیان جوان کردبوو. گولبەر بە دیتنیدەست و پێی سست بوو. هەنگاوی شل بوونەوە. بەلام ئەو ژنە پیاوەکەی بە حەقی خۆیدەزانی: لەوەش جوانتر بێ، مێردی منە. حەقی منە، ئەو حەقی نیە بە سەر ژیانی منەوەهەلوێستێ. ئەدی بۆ خۆت؟

هەر تۆش نەبووی بە سەر نارین هاتی؟ بەلام خۆ من بە ئاواتم نەخواستبوو، من فیدابووم، فیدای ویستی بابم و ئەمیرخان. ئەمن باربووی هێمنایەتی و خزمایەتی دوو عێلم.من فیدا بووم تا خزمایەتی پێشی براکوژی و دوژمنایەتی بگرێ. خۆ ئەو شووکردنەمنەویستبوو. ئی نارینیش هەروا، بلێی بۆ جارێک ئەمیرخان بە ویستی خۆی نەکردبێ؟ئەوی دلی ویستوویەتی بەلام من ناهێلم وا بە سانی ژینم لێ تێکدەن. ناهێلم ئەو مچەتیوەبەینی من و خان بکاو لێکمان کا.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

شەو بوو. لەبەر پەنجەرەی قەلای گەورە راوەستا بوو. هۆدەکەی بە چرایەکی‌لەنتەری رووناک ببوو و نیسێی خستبۆوە سەر دیوارەکانی ئەو بەری. ئەستێرەکان بەترووسکە ترووسک لە ئاسمانی شەو لەنگەریان گرتبوو. تاق و لۆ لەنتەری و پیوسۆز لەدەلاقەی هۆدەکانەوە دەترووسکانەوە، قەلا بەرەو خەو بوو. لە مێژ بوو پەریزاد لە دمدمدەژیا، خان تا ئێستا نەیدیبوو، دەیزانی ئاشقی پەریزاد بووە، هەر یەکەم جار لە دەوەنەجارەکە چاویان پێک کەوت، هەستی بە ئەوین کرد. لەو ساتەوە هەر بۆ ماوەیەکی کورت،چاوەکانی لە بەر دیدەی وەلا نەدەچوو، لە هەر کەلێن و قوژبنێک دەیدی، ژێیەکانی دلی‌ئەوەندە گەورە ببوون کە ئیدی دلە مەزنەکەی لە قەفەزی سینەی دا جێی نەدەبۆوە. بەلامخۆ ئەو هەرزە کارێک نەبوو، تازە لاوێک. غیرەت و پیاوەتی ئیزنی نەدەدا پێ لە قەول وبەلێنی خۆی بنێ و لە ژێر قسەی خۆی بدا. نیگای لە سەر پەنجەرەی هۆدەی پەریزادلەنگەری گرت و بۆ ماوەیەکی کورت هەر واماوە. تاوێک پێ چوو. پەریزاد هاتە بەرپەنجەرەی، دیار بوو خەوی لێ نەدەکەوت. بلێی ئەویش وەکوو وی بێ، یا تەنیایی ئەوی‌هێناوەتە وێ؟

دلی خێراتر لێی دەدا. حەزی دەکرد ئێستا لە لای راوەستا با و تێر تێری چاو لە چاوی‌کرد با، نا تەنیا بە وەی ئۆخەی نەدەهاتێ. بۆ خۆشی نەیزانی بۆ چی ئەو دەم ئاوای قسەدەگەڵ پەریزاد کرد. ئێستا دەیدی بێ وی هەڵ ناکا. بلێی ئەوین لە یەکەم نیگاوە راست بێ؟پەریزاد هەر لە بەر پەنجەرە وێستا بوو. خان نەبزووت بێ هەست و خوست ماوە. چاوی‌لە پەنجەرەکە دا قەتیس ما. ماوەیەک پێ چوو، نەیزانی چەند بوو تەنیا ئەو کاتە وەخۆهاتەوە کە دەستی بە پەنجەرەکەوە تەزیبوو، پەریزادیش لەوێ نەمابوو. ئەم شەو نۆرە جێی‌نارین بوو، بە نابەدلی بەرەو دیوی نارین چوو، نارین لە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

غوڕابی خەوێ دابوو، خان بێهەست جلەکانی داکەند و دەجێیە خزی، نـارین باسکێکی هاویشتە ئەستۆی، خان بێجم و جۆڵ ماوە. نەیدەویست وەخەبەری بێنێ. ئەو کاتەی خواستبووی چەند جارلەنیزیکەوە یەکتریان دیبوو. بـاب و مامی هەر لە سەر پشتی لانکێ بۆ یەکتریان دانابوون.بابی زۆری نارین خۆش دەویست. کە هەر تک گەینە تەمەنی هەژدە سالی، لێکیان مارەکردن. دیارە ئەویش لە سەر ویستی بابی بوو. نـارین ئـامۆزای بـوو، کـێ بـە سـەر و دلی خۆیناقایلە؟ لە زۆر کەسانی پێ باشتر بوو. ئێستا کە ماوەی بیست ساڵ بوو ژن و مێرد بوون.شەش ساڵ لەمەو بەر ئەو کاتـەی گولبـەری بەسـەر هێنـا، نارین زۆر دلگەران و نارەحەتبوو. دەلێی ئێستا بە هـاتنی پـەریزاد هێنـدی ئەودەم نارەحەت نیە. رەنگە چون ژن بە سەرگولبەر هاتووە و یەکێک هەیـە تۆلەی وی بکاتەوە بۆیە وایە. ئێستا لەو ئەوینە درەنگوەختـە دا بـەو پـەڕی شەیداییەوە بەو گڕەی لە هـەناوی بـەربوو، خـەمبار و شـاد دەیـڕوانیخـەو چاوەکانی لابەلا کردبوو ئەویش خۆی پێ ئەسپارد. قسەکە بوو بە قاو. خـان هات وچۆی دیوی پەریزاد ناکا. ئەدی ژنی بۆ هێناوە؟! هەوێکانی بە بیستنی دلخۆش بوون: خانهەر بە نێو ژنی هێناوە و سەر جێیی ناکا. ئەو سـوارانەی لە دەوەنە جاڕەکەی مێرگەدەگەلی بوون، هـیچ کامیـان باسـی بەسـەرهاتی پەریزادی نەکرد. تەنیا سوارەی حەمەد ئاغانەبێ، کـە لای زینـەتی خێـزانی درکاندی. پێشی گوت لە لای کەس باسی نەکا. بەلام کێهەژن دەتوانێ رازی کەس راگرێ تا زینەت بتوانێ. دەلێن هەر باجیەی باجێکی هەیە،راستە. ئەو لە لای گـولێی دەستەخوشـکی باسـی کـرد و قـسەکە بـلاو بـۆوە و گەییـە گوێیژنەکانی خان، تەنیەوە و گەییە گوێی ئـەمیرخان و پـەریزادیش: خـان هەر بە نێو ژنی هێناوە.ئەو پەریزادی بۆ پاراسـتنی لـە چـەنگ زولم و زۆری مووساخان خواستووە. زۆریشدەیانگوت: جا شتی وا دەبێ؟ ئەو مـارەکراوی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەر کەس بێ ناتوانی لە بەر جوانی وی خۆراگرێ بۆ خان ئینسان نیە. بەلام ژنەکانی خان هەستیان بە گۆڕانی خان کردبوو. دەیانزانی‌خان تاقەت ناهێنێ. بۆ جوانی وا کێ خۆی لەبەر رادەگرێ؟ ئـەویش حـەلاڵ و زەلال وەک‌ئـاوی شەوێ. قسەکە ببۆوە دەنگۆو بە نێو قەلا وەرببـوو. هـەموو چـاوەڕوان بـوون ئاکامی‌کارەکە دەگاتە کوێ؟ ئەو رۆژەی بووکیان هێنا، نارین و گولبەر بە داب و نەریتی پێشین بۆبە خێرهێنانی چوونە لای، نارین بـۆوەی سـامی رەسـەر سامی بنیشێ کاتی چوونە ژوورپەنجەی لە سەر پەنجـەی پێـی نـا. پـەریزاد بزەیەکی هاتێ: چاو پێی وایە من هەوێی بەراستی ویم.

ئەو رەسمە نە تەنیا لە نێو زاوا و بووک دا بەلکوو بەینی هەوێیانیش بـاو بوو.هەرسێک لە لای یەک دانیشتن لە پەنای یـەک. لـە جـوانی دا پـەریزاد زۆری بە سەر وانەوەبوو. بەلام گەورە و خاتوونی قەلا نارین بـوو.گولبـەریش هەر پێی لە جێ پێی وی دەنا.دەلـێن‌ئاوێـک گـەورە بیرێـژێ گچکـە پێـی رێدەخشێنێ. گولبەریش هەروا. بە دیتنی ژنەکان پەریزادسامی رێنیشت، خۆ بە راست ژینی هەوێساری تووش بووە، ئەگەر هەربە روالەتیش ژنی‌ئەمیرخان بێ و بۆ ماوەیەکی کورت شانۆ بگێـڕێ دیـسان تووشـی چەرمەسـەری دێ. ئەوچاوە پڕ مەعنایانە لە سەد جنێوی سارد و سووک خەراتر بوون.

قەدەرێک بـوو ئـەمیرخان بیرێکـی کـەوتبوو سـەری. راوەسـتان دژی زولمی‌شاعەبباس. بۆ دەبێ هەتا هەتایە زولم بکا و کەس نەوێرێ بلێ لەل. بۆ خەلکی بەشەرنین. هەر رۆژە ناوچەیـەک سـەرکوت دەکـا و ژن و منـداڵ و گەورە وەبەر شیران دەدا. وەختی‌هـاتبوو یـەکێک دژی وی هەسـتێتە پـێ. چەند وەخت بوو ئەمیرخان خەریکی دروست‌کردنی چەک و قۆڕ و ئەسلەحە کۆکردنەوە بوو. وەستای شیرگەر خەریکی مـەتاڵ و شـیر وزرێ و خـوودان بوون لە دەرێـش را جـار وبـارە بازەرگـان تفـەنگ و باڕووتیـان دێنـا. خـان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەرخەریکی سەودا و مامەلەی چەک و ئەسلەحە بوو. ئەنبارەکانی لە چەک و ئەسلەحە وشت و مەکی شەڕ پڕ کرد. ئازووخە و خواردەمەنی قـەلای دابـین کرد. سەردار و گەورەپیاوان خەریکی فێرکاری لاوە گەنجەکان بـوون. هـەتا هەل هەلکەوت و هاتنی جەلالیەکانبۆ ناوچە و داوای پیر بوداق خان بوو بـە بیانوویەک بۆ هەلایسانی شەڕ. خـەریکی بـەرگریو قـەلاداری بـوو. شـەڕی شاعەبباس و خان وەخت و بێ وەخت لە دەور و بـەری قەلادەقـەوما بـەلام شەرێکی دی لە قەلادا هەبوو کە کەس هەستی نەدەکرد.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

( ٤ )

پوور حەیات ددانە کەل و فیچەکانی وەدیار کەوت، لێوی بە بزەیەکی سەیر لێکبۆوە، سامی ڕێنیشت. ئەو پیرێژنە چلکن و دژوێنە، ئەو سەر و پۆتەراکە قرژنە، ئەو ددانەکرمنانە، شتێکیان تێدا بوو، ترسی دەخستە لەش. بەلام گرێی ئەو کارە تەنیا بەو دەکراوە.پوور حەیات بە دیتنی گولبەر زانی بۆ هاتووە. لە مێژبوو چاوەڕێ بوو، دەیزانی ئاخریدێتە لای. ئەو کاتەی پەریزاد هاتە قەلا هەر چاوەڕێ بوو، گەرچی زۆری کێشا، ئەو زووترچاوەڕوان بوو، بە دیتنی گولبەر پێکەنی:

- ها.... ها....هاتی. دەمزانی دێی، لە مێژ بوو چاوەڕێ بووم.

گولبەر سامی ڕێنیشت، مووی لێ بوونە نەشتەر. پیرێژن چاوی لێ نەدەترووکاند.ترس گرتبووی، چ بکا؟! بگەڕێتەوە؟! «نا..... ناکشێمەوە». رق و قینی لە پەریزاد لاقی بەعەرزەوە جووت کردبوو. نەبزووت. پوور حەیات چۆ ژوور، گولبەر بە ترسەوە وەدوایکەوت، خۆی دە ژووری هاویشت، نەوەک یەکێک بیبینێ. ئەو پیرێژنە سەگ سارە، دایکییەکێک لە خزمەتکارەکانی قەلا بوو. دەگەڵ کوڕەکەی هاتبۆوە ئێرە و مابۆوە. دیوەکەیبۆنی سەگی تۆپیوی لێدەهات. دیوێکی چلکنی قورماوی، لەبەر ئەو شتە پیس و بۆگەنانەکەس نەدەژیا. ئەو پیرێژنە وروەی جادوویە دەرمانی سەیری دەگرتەوە و کاری سەیر وسەمەرەی دەکرد. یەسکە مردوو لە قەبرستان براٍبوو هێندەی دەریان بێنێتەوە، مردوویقەبرانیش لە دەستی نەدەحەسانەوە،



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تووکە سەگ و چاوی قەل و دال، مێشکی قشقەلە،ئاوی دەباخانــە، دەرمـانی دەردان بوون. چەندی ژن و پیاو بە دەستی چووبوو مەگەر هەرخودا بزانــێ. گولبەریش کە لــە حــەیفی پــەریزاد حــەجمینی لــێ هــەلگیرابوو، دەســتە و داوێنیپوور حەیات ببوو. گولبەر لە مێژ بوو هەستی بە ساردی خان کردبوو. دەیزانی پیاوەکەیجاران نیە. ئەگەرلە لاشی بوو هــەر دەفکــر و خــەیاڵ دا بوو. دەتگوت لەوێ نیە، نایبینێ.قسەی دەگەڵ دەکرد، گوێی لێ نەبوو. هەر مات دەیڕوانی، دەیزانی شتێک لە بەینی وان داون بووە. خۆشی ناوێ ئەو ژنە جێی وی گرتۆتەوە. بەو بیرانــەوە دەتــلاوە، پتــر و پتــر دەکەوتــەبیری تۆلــە ئەستاندنەوە و بەتلاندنی پەریزاد. چاوی نەبوو ببینێ. لە مێژ بوو خــان ئــی وینەبوو، ئی پەریزاد بوو. چۆ لای نارین و دەستی بە قسان کرد، هەرچی لە زاری هاتە دەرگوتی:

نارین گەرچی زۆری رق لە گولبەر بوو بەلام ئەویش پێی ناخۆش نــەبوو پەریزادنەمێنێ. گوتی:

- گەرچی پێشم خۆشە نەمێنێ، بەلام ئاخر خان بزانێ ئابروو و حەیامان دەچێ.

گولبەر گوتی: هەر چی دەبێ بابێ. بە خودای تاقــەتم نــەماوە نــاتوانم چیدی وابژیم.

گوتی:

- هەرچی دەیکەی بیکە من دەنگ ناکەم، دەگەڵ تۆم.

گولبەر کە رق و قین ژێیەکانی دلی تەنیببوو و لە سەر ئەم کارە ســوور بوو پەنای بۆپوور حەیات هێنابوو.

پیرێژن چاوی لێدەکرد، زە زە. بلێی ئەو رمووزنە چی لە دەست بێ؟!

گوتی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- پوور حەیات پەنام بۆ هێناوی. چم لێدەکەی؟!

پیرێژن گوتی: چت دەوێ؟!

ئەویش لە بێ مەیلی خان دوا و لە خۆشەویستی نـوێی. دەرد و خـەمی خۆیهەلڕشت. پیرێژن چاوی لە زاری بڕیبوو. چی نەدەگوت، گولبەر گوتی:

- جارێ ئەوە خودا کردوویە و مندالی نابێ. ئەگـەر منـدالی بـێ خـان هەمووماني بۆفڕێ دەدا. پوور حەیات دەخیلت بم چم لێدەکەی؟! نـازانی چ دەردێکی گرانە.

پیرێژن چۆ لای هـەرزاڵ و قەفـەزێکی هێنـا و نوشـتەیەکی لـە نێـو دا هەلاوەسی:

- بیبە لە جێیەکی بلیند کە رووی لە دیوی خان بێ هەلی ئاوەسە. هەر چاوی پێیبکەوێ، دلی بۆت وە کوتە کوت دەکەوێ. گوتی:

- دەردی من هەر ئەوە نیە. دەمەوێ ئەو ژنەتیوە نەمێنێ. خان لێرەی رادا و وەدەرینێ.

گوتی:

- رۆلە دەرمانی ویشم هەیە.

دیسان گەڕاوە بن هەرزالی و هێندێکی شت و مەک پشکنی و دووسـێ شتی لێکدا وبۆی هێنا:

- ئەو دەرمانە دەبەی و بۆی دەچێشتێ دەکەی. هەر بیخـوا توولـەکێ دەکا. تەواویتووکی سەری دەوەرێ و دەڕووتێتەوە. هێند کز و پیس دەبێ، سە بێزی لێ دەکا. خان کەوای ببینێ تەخسیری دەکا و لەوانەیە لە قـەلای وەدەرنێ.

گولبەر گوتی:

- ئەگەر ئەوەم دەگەڵ بکەی هەتا هەتایە لە بیرم ناچێ.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کیسەیەکی دراو لە مستی پیرێژن ناو بەرەو دەرکێ چوو. پیرێژن گوتی:

- خاتوون نابێ کەس بزانێ. خان بزانێ دەمکووژێ، دەکلکی یەسترێم دەخا.

گوتی:

- نا دلنیابە کەس لێم نازانێ.

گولبەر بە ترس و خۆفێکی زۆر گەڕاوە هۆدەکەی. ترس لە ئاشکرا بوونی ئەم کارە.بەلام ئەگەر دەرمانی پوورە حەیات کاری خۆی بکا دەحەسێتەوە و ئەو دوژمنەی لە کۆڵدەبێتەوە. بەو بیرەوە حەساوە. هێمنی بە گیانی وەربوو. قەرەواشی گولبەر هاتە ژوور،گولبەر بە دیتنی وی زانی دەبێ چ بکا. دەبوو دەرمانەکەی بدا بەو لە چێشتی پەریزادیبکا. کچە ملزەم نەدەبوو. لێی کەوتە هەڕەشە و گوڕەشە، ئەگەر بە قسەی نەکردبا تووشی‌کێشە دەبوو. ناچار دەرمانەکەی وەرگرت و بردی. شەوێ پەریزاد بێ خەم و خەیاڵخورادەمەنی خوارد. نیوەشەوێ لەتاوی ژانی زگی حەجمینی لێ هەلگیرا. وەکوو مارجینگلی دەدا. بانگی قەرەواشانی کرد. قەرەواش چیان کردبا. خێرا چوونە لای نارین.ئەویش لە سەرەخۆ خۆی کۆ کردەوە و چۆ دیوی پەریزاد. بە دیتنی پەریزاد گوتی:

- تەبع بووە خێرا ئارەقی جاترە بێنن.

قەرەواش ئارەقیان هێنا و بە زاریان داکرد بەلام خەراپتر بوو. گوتی:

- هێندێک خوێ گەرم کەن. رەنگە برکی کردبێ.

هەتا لای بەیانی ژن و ژالی قەلایەی لێ هالا. و هەر یەکە دەرمانێکی بۆ دۆزیەوە.هەتا وای لێ هات بێ هۆش و ئیختیار لێی کەوت. حەکیمیان هێنا سەری هەر چی کردیتێ نەگەیی چیەتی. ئارەقەی ساردی دەردەدا و جاروبارە وەهۆش دەهاتەوە و چاوێکی لەحەکیم دەکرد و دیسان بێ هۆش



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەبوو. حەکیم ناردی لە دووی خان، خان کە بیستیپەریزاد نەخۆشە چۆ بن سەری. ئەو ماوەیەی لێرە بوو نەیدیبوو. ئێستا کە دەیدی وا بێحال کەوتووە. زۆری زگ پێ سووتا: «ئەو کیژە چارەڕەشە کەسێکی خۆی لە لا نیە،چۆڕێکی ئاو بە زاری داکا. بە خودای من زولمــی لــێ دەکــەم ئـاوا لێـرەم راگرتــووە. هەرچابێتەوە دەینێرمەوە. لای خزم و کەسەکانی». حەکیم چەنـد رۆژ بـوو شکی کردبوو ئەو ژنەدەرمان داو کراوە. خان هەموو رۆژێ دەهـات و سـەری دەدا، حەکیم پێی گوت: خان دەس‌بە جێ شکی ژنەکانی خۆی کرد. بۆیەش بە حەکیمی ئەسپارد:

- زۆرت ئاگا لێی بێ و باشی پێ رابگە و مەهێلە کەس بێتە لای.

حەکیم گوتی:

- بە چاوان گەورەم.

خان بە دلی بە خەم لە دیوی پەریزاد هاتە دەر. سـەری زۆر قـاڵ بـوو، ئێستا کاتی شەڕبوو، دەبوو قەلا بپارێزێ. پەریزاد بێ سەر و زمـان کـەوتبوو، پاشی حەوتوویەک تەواوی‌تووکی سەری وەری و مووی بـە ئـازای بـەدەنێوە نەما. دەتگوت تووری پاکراوە. وردە وردەباشتر بوو چاوی هەلێنا و کەم کەمە شتی خوارد. مانگێک لە سەر رەقی پشتێ لێـی کـەوت.جاروبـارە خـان لـە حەکیمی دەپرسی چۆنە و ئیدی نەدەچۆ دیوەکەی. هەتا پەریزاد لاقی‌گرتەوە و لە جێ هاتە دەر، سەر پێچێکـی لـە سـەری خـۆی تونـد و تـۆڵ دەپێچـا ونەیدەهێشت کەس بیبینێ. خان ئیـدی نـەدەچۆ دیـوی گولبـەر و ئەگـەر دەیدیت رووی لێوەردەگێڕا. گولبـەر دەیـزانی خـان لـە سـەر پـەریزاد وای لێدەکا. بەو کارە نە تەنیا پەریزاد تەلاقی‌نەدرا، خان دەنگی لـێ گـوڕی بـوو و هات وچۆی دیوەکەشی نەدەکرد. ئەو کاتەی پەریزادنەخۆش کەوت خان بـە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

قەلسی چۆ دیوی نارین و دەرکەی پێک دادا. نارین دەیزانی خانبۆ وا قەلسە و خۆی ساز کردبوو بۆ شەڕێ، خان سوور هەلگەڕابوو:

- کاری خۆو کرد، حەسانەوە.

هەر دەهات و دەچوو دەفی دەدا، دەینەڕاند:

- شتێکی لێ بێ هەرتکتان تەڵاق دەدەم. دلنیا بن. چتان لێ کـردووە راستێ بلێ.

نارین خەتای وەستۆ نەگرت:

- خان من بێ خەتام، ئاگام لە هیچ نیە. من گوناهم چیە. خۆ هەر من هەوێی نیم، خاننارینی باش دەناسی دەیزانی ناتوانێ چی لێ بزانێ، گەلێکی هەڕەشە و گوڕەشە لێ کرد وبە قەلسی وەدەرکەوت.

دیار بوو کاری گولبەرە. چەند مانگ بەسەر ئەم رووداوە دا رابرد. پەریزاد دەردیپەڕاند بوو. گولبەر تەنیا روورەشی پێ ماو چـی دی. خـان جاروبـارە دەیدی پەریزاد دەگەڵژنەکانی قەلایـە دێـت و دەچـێ، چەنـد حـار ویـستی بینێرێتەوە مالە بابی، بەلام نەیتوانی،نەیدەزانی چ بکا. دلی هەر لە لای بـوو. پاشی نەخۆش کەوتنی پەریزاد تەنیا بیرێک لە دلیدا دەهات و دەچوو: «لـە وانەیە ئەورۆ و سبەی مەرگ لێکمان جیاکاتەوە ئەدی بۆ لێک جیابین» بەلام ئێستا لە پەریزاد دلنیا نەبوو «دەبێ ئەویش منی خۆش بوێ؟!»

دنیا بێدەنگ بوو. شەو بە سەر دنیادا زاڵ بوو. پەریزاد شەوانە تا درەنگ لەبەرپەنجەرەی دیوەکەی دەوێستا و لـە تیپـەڕبوونی شـەو وئەسـتێرەکانی دەڕوانی. خان چرایهۆدەکەی خۆی دەکووژاندەوە و بـێ هەسـت لـە سـەر دەلاقەوە دینواڕی، ئەو جار کە شەوشە دەبوو پەریزاد لەوێ وەلا دەچوو. خان ماوەیەک هەروا دەماوە: بۆ چی هەمووشەوێ دێتە بەر پەنجەرە، بلێی ئەویش منی نەدیبێ؟ یا دێتە بەر پەنجەرە و دەگەڵ مانـگ وئەسـتێران دەدوێ؟ یـا



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تەنیایی ئەو دێنێتە وێ؟ نا منی دیوە بێ و نەبێ دیومی. بەو بیرەدلەکوتـەی دەگــرت، ســوور هەلدەگــەڕا. ســەری بــە پەنجەرەکــەوە دەنــا و هــەروا دەماوە.بەیانییەک پەریزاد بۆ دیتنی دەستە خوشکێکی لە قەلای خوارێ بـە حەوشەی گەورەداتێدەپەڕی، خان دیتی و چاوەڕێی گەڕانەوەی بوو. دەگەڵ بەگە کوردەکان خەریکی راوێژبوو. کاتی گەڕانەوەی پەریزاد بـە دیـتنی وی قسەکەی بڕی و بۆ لای چـوو. پـاشهەسـتانەوەی پـەریزاد لـەو نەخۆشـییە نەیدیبوو، پەریزاد هێنـدێک بووژابـۆوە و رەنـگ ورووی هـاتبۆوە سـەرەخۆ. گەردالێکی گۆشت گرتبوو و هێندێک قەلەو ببۆوە. لە جاران جـوانتر دەهاتـە چاو. پەریزاد بە دیتنی خان گەشاوە و سوور هەلگەڕا. شادییەک خزیەگیانی. چاوەکانی وەکوو پۆلووی گڕ گرشەیان ئەدا، دەبریسکانەوە. ویستی خۆی لێ لاداخان گوتی:

- پەریزاد ئێستا چۆنی، خۆ کەس کاری پێت نیە؟!
- خان لە سایەی سەری تۆ ئێستا باشم.

بۆ ماوەیەکی کورت لە پێش یەکتر وەسـتابوون. هـەنگاوی رۆیـشتنیان نەبوو، خودادەیزانی چەندەیان عومر مابوو، ئەدی بۆچی دوور لە یەک بن. بە یەک بیرەوە دەیانڕوانیەیەکتر. خان گوتی:

- پەریزاد ئێوارێ چاوڕێم بە دێمە لات.

بە بیستنی ئەو قسە، شتێک لە چاوەکانی پـەریزاد هاتـە دی، شـتێکی جوان.

هەتا ئەو دەمی شەوەکانی نۆرە جێی پەریزاد خان لە هۆدەکـەی خـۆی دەماوە و تابەیانی لەوێ دەبوو، کەس نەیدیبوو کەنگێ دەچێتە دیوی پەریزاد یا کەی دێتە دەر. کەسنەیدەزانی لە لای وی دەنوێ یـا لـە دیـوی خـۆی. پەریزاد خێرا خۆی گەیاندەوە هۆدەکـەی،ماوەیـەک بـێ هەسـت و خوسـت



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دانیشت و چاوی لە قولینچکێک بڕی، هەستی بەبەختەوەری دەکرد. دیسان گیانی تینووی کەوتبۆوە شەپۆلان. هەستی بە شادییەک دەکرد،بەوەدی هاتنی ئەو هەستە وەیاد عەلی کەوتەوە، دلدارێکی ناکام. نەکا نەکا، هەستا پێیان،ئارا و قارای لێ هەلگیرابوو، دەستی بە هات و چۆ کرد. دلی دەتگوت بە چەند کەسان‌ڕێکی دەکوشن، بلێی ئەو جاریش وام بە سەر بێ. بۆ من ئاشقی ئەمیرخانم؟ نانا من تەنیابۆ رزگاری لە دەست میران و مووساخان ئەو بەلێنیەم داوە. یانی ئەو چەند سالە تەنیا لەبەر ئەوە لێرە ماومەتەوە. نا شتێک بە هێزتر لەوانە ئەوی هێنا بۆوە وێ. هەمیشە لە یەکێک‌دەگەڕا گیانی ئاشنای گیانی بێ. لە دەستێک خۆی بسپێرێتە هێزی، لە شانێک راگری‌خەمەکانی بێ. عەلی کە چۆ ژێر گڵ ئاوا کوت و پڕ، ئاواتەکانی دەگەڵ وی نێژران. ئێستاچی؟ ئەویندارى خانە؟ بلێی هەر بۆ پاراستنی گیانی، خۆی ئەسپاردبێتە دەستەلاتی خان.نا نا نیاز بە دیتن و هەست پێکردنی، هەر ئەو کاتەی لە پاشتەرکی خان بەرەو مالە بابی‌دەچوو، نیازی بە شانێکی گەورە بوو سەری وێکا، ئەوانە ئەویان بەرەو دمدم هێنا بوو.بەرەو یەغدانەکەی چوو. دەستێکی بەرگی نوێ دەرێنا و جلی گۆڕی. چاوەکانی رشت،زێڕ و زێوەکانی وەخۆ خست. هێندێکی بۆنی خۆش بە یەخە و بەرۆکی وەرکرد. دەست وپەنجەی چەند ساڵ بوو خەنەی بووکێنیان لێ ببۆوە. هەستا خەنەی گرتەوە، دەست وپەنجەی نەخشاند: بلێی چم پێ بلێ؟ دلی خەبەری دابوو. بە خۆشییەوە چاوەڕوان بوو.دەبوو لەو ماوەیەی ماویانە هەر چەندی دەتوانن کەلک وەرگرن، خودا دەزانێ کێ چەندەدەژی.

دەمەو ئێوارێ خان لە دەرکی هۆدەکەی پەریزادی دا. پەریزاد هەستا سەر پێ وگوتی:

– فەرموون.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

خان تا لای سەرێ بەند نـەبوو. لـە سـەر کەولـە مەرەزەکـە دانیـشت. دیوێکی جوان،پەردەی رەنگاورەنگ، تـاقمی جۆراوجـۆر. دەسـتە نوێنێـک و چەند سەنیر کرابوونەپالەوپشت. کـەولێکی مـەرەزی شـین لـە بـن دەسـتە نوێنەکە راخرا بوو. ئافتاوە و لەگەنێکیزەرد، لە سەر تاقەی چەند شەمی نیوە سووتاو، لەنتەرێک لەولاتر دانرا بوو. فەڕشێکیفەرسەکی سووربە وێنەی دار و گوڵ لە نێو ژوورەکە راخرابوو. خان یەکەم جـار بـوو ئـەودیوەی ئـاوا دەدی. ئـەودەمی لـە تـاو پـەریزاد و لەبـەر پـڕ کـاری خـۆی ئاگـای لـە هـیچ نەبوو.پەریزادیش دەتگوت مینای بێ گەردە لە لای خوارێ دەستە و نەزەری خان راوەستا بوو،جوان، رازاوە. خانی بە خێرهاتن کرد. خان گوتی:

- وەرە دانیشە.

خان نابێ؟ من چۆن لە خزمەت ئێوە دانیشم؟

- من پێم خۆشە تۆ لە لام دانیشی، وەرە ئێرە با بتبینم.

پەریزاد چۆ پێش و لەو لای دانیشت. خان گوتی:

- ئەتۆ دێیە پێش یا من بێم؟

پەریزاد هەلکشا، بەلام نەیدەتوانی سەر هەلێنێ و چاو لە چاوی کا. خان دەستیوەبەر چەنەی دا و سەری پێ هەلێنا. چاوەکانی مەستی ئەوین بوون، وەک زرێباردەرەوشانەوە، پەریزاد نەیدەتوانی چاوی لـە چـاوی کـا، سـەری داخستەوە. تا ئێستا ئاوالێک نیزیک نەببوونـەوە. پـەردەی شـەرم و نـامۆیی بەری نیگاکانی گرتبوو. خان:

- کیژێ سەرت هەلێنە، شەرم لە چی دەکەی؟

پەریزاد سوور هەلگەڕا. بە شەرم و نازەوە سەری هەلێنا. خـان دەسـتی گرت:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- لەو دەمەوە تۆم دیوە تەنانەت ساتێک لـێم ون نـەبووی، چاوەکانـت وەکوو نەخشلەبەر چاوم، نـا هـەر لـە چاوەکـانم دا قـەتیس مـاون، ئـەتۆی دەڕوانی، ئەتۆی دەدوێی. سەرتاپا بوومە ئەتۆ، بلێیٚ تۆش وا نەبی؟!

پەریزاد ئەو جار رەنگی بزرکا، خوێنی لە دەماری دا مەیی، ورتەی لێـوە نەهات،زاری ویشک ببوو، هەستی کرد دەلەرزیٚ. بۆ وەی خان لەرزی دەستی نەبینیٚ، تونددەستی بە مێخەک بەندەکەی گرت. خان گوتی:

- دەی پەری، قسەیەکی بکە، کچیٚ تۆ بۆ ئەوەندە جوان و دلگری؟! من ئەمیرێکم،حاکمی ناوچەیەک، بە دیتنی تۆ دڵ و دیـنم لـە دەسـت داوە، لـە هەرگۆشەیەک دەتبینم،هەستت دەکەم. ئیدی لە خـان چ نـەماوە، هـەرچی هەیە ئەتۆی. پەریزاد گوتی:

- خان من کچە شوانێکم، کچە هەژارێک، تۆ گەورەی، بـەگی، خـانی. کەنگر وقوماش نابنە یۆلداش. خان گوتی:

- جارێکی دی قسەی وا مەکە، ئەگەر ناتەوێم لەو دەرکەیە دەچمە دەر و هەتا هەتایەئاوڕ نادەمەوە. ئەگەر ویستت مێـردی بکـەی تـەڵاقت دەدەم. ئازادی دەچیە هەر کویٚ بچۆ.ئەگەر دەتەوێم پێم بلیٚ، ئەگینا دەڕۆم و تەنیا تا ئەو کاتەی ماوم نامەویٚ بتبینم و چـاوم بـەچاوت بکـەویٚ، کچـیٚ ژیـان زۆر کورتە. پاش ئەو نەخۆشییەی تۆ من گەیمـە ئـەوە دەبـیٚ تاماوەمـان هەیـە یەکترمان خۆش بویٚ، ئەگینا دەڕۆین، ژین کورتە، دەی خێرابە، زووبە،شتێک بلیٚ، چی دیم مەسووتێنە.

پەریزاد ئیدی هێزی لەبەر نەمابوو. ئەگەر شـانی خـان نـەبا دەکـەوت. ئەوی دەچاوەکانی دابوو ئەوین بوو، ئەوینێکی رووت، پاک، شەیداییەک کە لە ئازای گیانیهەلدەڕژا. هەموو شتێکی لە چاوی دا دیت. زانی ئەویش بە داوی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

عیشقەوە بووە.لێوەکانی نیوە ئاوەلا بوون، پشووی سوار ببوو. دلی دەتکـوت دلی چۆلەکەیەکە و خۆی لەقەفەزی سینەی دەدا. خان گوتی:

- وەرە چاو جوانی خۆم، جوابی قسەکەم دەچاوەکانت دا دەخوێنمەوە، چاو درۆناکا، وەرە، وەرە!

ئیدی خۆی پێ رانەگیرا و ئامێزی پێدا کرد. ئەوشەوە خـان لـە دیـوی پەریزاد بوو، قەلادەنگی داوە....



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

( ٥ )

ولات دەهات رووناک بێ. تاریکایی وردە وردە بێ ڕەنگ دەبوو، لە پشت گۆلیورمێ زەردە دەهاتە سـەر. خـۆرێکی ئـاڵ بـە سـپایی بـەرەو ئاسمـان هەلدەکشا. خان لە سەربورجی سولقەوە دەیڕوانی. گۆلی ورمێ دەتگوت لـە قـەلا بلینـدترە، زۆر بلینـدتر لـەکێوەکانی ئـەو نـاوە. لـە دوورەوە وەکـوو گەوهەرێک دەدرەوشا. هەتا چاو هەتەرەی دەکرد.شیناییەکی مەیلەو بۆر، پڕ تروسکە و جوان رەنگی سپی وەک زێوی دەگرت. ئەو گۆلەهەزاران سالە لە بەستێنی خۆی دا راکشاوە، کەم ناکا. نە گەرمای هاوین، نە تینی هەتاو، نەبا و نە تۆفان هیچیان زەفەری پێ نابەن. هـەر لـە جـم و جۆلـدا دەخوشـێ و دەکشێتەوە،دەدرەوشێ. ولات تەواو رووناک ببوو. هەتاو رمبێک هەلکشا بوو. شەڕ دوایی نەدەهات،قوونی دە دەرکێ نابوو. لەشکری شاعەبباس چەند ساڵ بوو لە دەور و پشتی دمدمخێوەتی هەلدابوو، نەدەبزووت. وەکوو زەریایـەکی رەش، شەپۆلی دەدا و لە جم و جۆلـدابوو. مانـدوو، شـەکەت، بـەرەو دیـوی پەریزاد هەلکشا. بە سپایی چۆ ژوور. پەریزاد لەبەرتەقەی تۆپـان تـا درەنـگ خەوی لێ نەکەوتبوو. ئێستا لـە غـورابی خـەوێ دابـوو. بـە تەقـەیدەرکـە وەخەبەر نەهات. سـەری لـە سـەر سـەنیرەکە وەلاچووبـوو. سـەری راسـت کردەوە.پەریزاد چاوەکانی هەلنەهێنا. زۆر زوو خـەو هاتـە جەسـتەی خـان، دەس بە جێ خەوی لێکەوت. لای چێشتانێ وەخەبەر هـات، پـەریزاد لـەبن سەری دانیشتبوو. دەستی بە کاکۆلیدادێنا. لە مێژ بـوو بەخەبـەر بـوو، بـێ



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەست و خوست دانیشتبوو. بە دیتنی ئـەو روخـسارەپیاوانەیە، ئـەو شـان و باهۆیە،رووحی شەیدایئەویندارانە دەیڕوانی، لـە دیـتنی تێـر نـەدەبوو.خـان چاوی هەلێنا. بە دیتنی پەریزاد ئـاهێکی هەڵکێـشا و دیـسان باسـی ئـاوات وئارەزووکانی خۆی بۆ کرد، دەیدیت داری ئاواتیـان گەیوەتـە بـەر، لـە سـەر بورجی نارینقەلاوە راوەستاون، دەڕواننە دیمەنی جوان و رازاوەی دەشتەبێڵ. دەیدی منالیان گەورەدەبن و لە ژێر سایەی خان ولاتێکی ئاوەدان و ژینێکی پڕٌ خێر و بێر و پڕ پیت و بەرەکەتیانهەیە. لە پڕ تەقەی تۆپێـک لـە دنیـای خەیالاتی دوور خستنەوە. خان خێرا لە جێیە هاتەدەر،وەدەر کەوت. کاتێک پیاوەکان خەریکی بەرگری و شەڕ بوون، ژنەکان بێکار رانەوەستان.هەر یەکە ئیشێکی بەستۆوە گرت، هێنـدێک خـەریکی تیمـار و زامـاری برینـدارەکان وهەتوان گرتنەوەبوون، ئیدی مەرهەر شا و خام و جاو لە قەلا دانەما، ژنەکان کراس وکەوای خۆیان دادەڕی و تیتـۆڵ تیتۆلیـان دەکـردن و برینیـان پـێ دەبەست و سووتوویان پێدەکرد. پەریزادیش وێڕای وان خـەریکی دەرمـانی برینداره‌کان بوو. جاروبارە کـە شـەڕقورس دەبـوو، خێراخێـرا باڕووتیـان بـۆ چەکدارەکان دێنا و نان و ئاویان بە سەردا دەبەشین،پیاوەکان هەر شەوە نا شەوێک بە سەر دوژمنیـان دادەدا و بـەو شـەو پـارێز و هەلمەتانـەدوژمنیان وەزالە هێنابوو. خان لە سەر بورجی قـەلا راوەسـتابوو، شـەڕێکی قـورس لـە ژێرقەلا رووی دابوو. بیری دەکردەوە: هـەتا کـەنگێ شـاعەبباس زولم بکـا و کەس دەنگ نەکا؟!لە حالێکدا هەموو مەرگمان لە پێشە، مەرگی وەک یەک. ئەگەر وایە بۆ ئازایانە نەمرین. بۆبە پەستی بـژین؟! کەوایـە هـەر بـۆ پێـشێ بەردەوام. گوڕاندی:

– هەک چاوی سەرم بن. کوڕینە، بۆ پێشێ مـەیان هـێلن، تاقیـان لـێ ببڕن، هەر بۆپێشێ....



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ماوەی بەختەوەری و ژیــنی هاوبەشــیان زۆر زوو دوایــی هــات. وەکــوو خەونێکیخۆش، کورت، کەم خایەن. شەوێک خان پەریزادی بەڕێ کرد. شەو و ڕۆژ دەهاتن بەدوای یەکــدا. لــە کووکــێ دەژیــا. هــەر ڕۆژە هــەواڵێک لــە دمدمەوە دەهــات. ئیــدی شــەڕەکەقورس ببــوو. قەلانــشینەکان کەوتبوونــە تەنگانەی بێ ئاوی.بەلام ڕەحمەتی خودای بە سەرقەلا نشینەکاندا دابــاری و گرتنی سولق لە لایەن لەشکری شاعەبباسەوە سوودێکی ئەوتۆی نــەبوو.ئــەو جار کەوتنە فێلێکی دی، بە سەوان سەنگەریان لە ڕێی کۆلان دادەبردەپێش. بە هێزی باسکی سەوەچن وقوڕچی و قزلباشەوە لە سەر گرتنی قــەلا ســوور بوون.گەردوونەیەکیان لە ئاسن ساز کردبوو لە پشت ویەوە کاریــان دەکــرد. خۆیان لەتیرهاوێژەکانی قەلا حەشار دابوو. بە شەو کاریان دەکــرد. گەزگــەز دەچوونە پێش بەوحالەش شەو نەبوو چەند کەسیان نەنگێودرێن. هــەتا وای لێ هات، سەنگەریان گەیاندەبن دیواری قــەلا و تەنیــشت دیــواری گــەورە و دیوارەکەیان کۆلی و ئالودارەکانی نێو چینەیدیواریان ئاگردا. دیوار زگی داو پچڕا، لایەکی بورجەکە بزووت و ڕووخــا. شــەڕ ئیــدی زۆرقــورس ببــوو، وای لێهات کە ڕۆژێک لە خەو هەستان، خەبەری گیرانی دمدم گەییە کووکێ.ورد و درشت بە چاوی پڕ ئەسرینەوە باسی ئــەو شــەڕەیان دەکــرد. خــەلکی دێ زۆربەیانشەوەکی ڕایان کرد. ئەوانی مابوون ژن و مندالی بێ ئەنوا و پیرە بە سالاچۆکان بوون. بەدلی بە خەم و پشتی شکاو، بــە چــاوی پــڕ ئەســرینەوە خەریک بوون خۆ دەرباز کەن. دمدمەوەکوو شێر نیشتبۆوە سەر دوندی کێوە بەرزەکەوە، بە شوورەی گەورە و گران، بــەرز وبلینــد، بــە فیــزەوە، لــە ســەر لووتکەی کێو چەقیبوو. کێو و شاخەکان بەرز و درکــاوی، ســەدان،هــەزاران، گەورە و گران دەستیان تێگ گرتووە. وەکوو زنجیر بە دوای یەکدا کــشاون، نەبا وبۆران، نە بوومەلەرزە و ئاگر پژێن و بۆرکان، هیچیان زەفەریان پێ نابەن،



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بێدەنگ راکشاون.کە باران و وەیشوومەش هەلیکرد بە یەکەوە تـەڕ دەبـن و سپی دەچن. لە دوندی یەکێک کەرۆژ هەلدێ لەویتریان ئاوا دەبـێ. بـەرز و گـران چـەقیون، ئینـسان دێ و رادەبـرێ، ماوەیـەکدەژی و چەرمەسـەری دەبینێ. ئەو کێوانە چیها تۆرەمە و تیرەیان دیـوە، ژیـاون و مـردوون،بـەلام نـەبزووتوون، هـەر وا مـاون. پـەریزاد لـە دەرکـی حەسـارێ بـە خـەمباری راوەستابوو.یەکێک خۆی بە کۆلانێ داکرد. هاواری کرد:

- خوشکێ خێراکە، ئەوە بۆ نابزووی؟!

- بۆ کاکە چ قەوماوە؟!

- جاچ نەبووە! سەلامان لێ رابوو، خان کوژراوە، دمدم گیراوە.

خاتوون عەبەسا، تاوێـک هـەر وا مـاوە، دلی سـست بـوو. دەسـتی بـە دەرکەکە گرت و لەجێی خۆی دانیشت. کابرا هەر وا قسەی دەکرد:

- دەلێن لەشکریخان تاقی لێبڕاوە و کەس دەرنەچووە. ئـەمیرخانیش وێڕایئەوانی دی لە قۆناغی موحەممەدبەگ کووژراوە. کا خدر لە کوێیە بـەو خەبەرەینەزانیوە؟!

وەلامی نەداوە، دەستی بە عەرزی گرت، لە پڕ ئەسـرینی هـات وەکـوو لافاو. هێند گریاوەخت بـوو بخنکـێ، بـە کـوڵ گریـا، شـینی گێـڕا. شـینی شەهیدەکانی دمدم. شینی ژن ومندالی بێ تاوانی گاودۆڵ. خدر هاتەوە ماڵ. بە دیتنی خاتوون زانی بەو خەبەرەی زانیوە.خاتوون بە دیتنی وی بـە سـەر خۆی دادا:

- کوڕە سەلا و قەت کەست نەمێنێ خدر، خـۆ خـان کـووژراوە، کـوڕە کوێنت دەبەرخدر ئاغات نەماوە.

خدر رەنگی بـە روانـەوە نـەمابوو. دەیـزانی خەبەرەکـە راسـتە، بـەلام دلخۆشی داوە:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- خوشکێ سەبرت بێ، ئینشاڵلا درۆیە، راست نیە. من بڕوا ناکەم قـەت شتی وامان‌بە سەر هاتبێ. خودا ئەوەمان دەگەڵ ناکا.

خاتوون لە کوێ خۆی  پێ رادەگـیرا. بـە شـین و شـەپۆڕ و قورپێـوان دەهات و دەچوو.وەکوو ژان کردووان بە نێو مـاڵ دا دەڕۆیـی، سـەر و رووی دەڕنی، نەدەحەجمی. قوڕی‌حەسارێی هەموو بە سەر خۆی‌داکـرد. بـە پێـی پێخواس و سەری رووت، دەهات و دەچوو.سەروچاوی هەموو تێک کـردەوە. ئەو جار هاواری بردە بەر خدری:

- کوڕە خدر چم لێدەکەی؟ بە دوایدا دەچـم، دەبـێ بـە چـاوی خـۆم ببینم، دەبێ بزانم‌ماوە یا مردووە؟! هەک سەلا و قەت کەسم نەما، ئای دیدار ئاخر خۆم.

سەر و قژی هەموو رنی، لە سەری خۆی دا و شینی گێڕا. چی لە دەست دەهات‌غەیری گریان. کێ بوو ئەو کۆستە ببینێ و دلی راوەستێ. گوتی:

- خدر بە خودای هەر دەچم، دەڕۆم، چیدی راناوەستم.

خدر هەرچی کردی پێی نەوەستا. ناچار ملزەم بوو. گوتی:

- خاتوون دەبێ خۆت بگۆڕی تا نەناسرێیەوە، ئەگینا من دەگەلت نایەم.

هەر چەند نەدەناسراوە. بەو تاقە سەعاتە وا گۆڕابوو دەتگوت یەکی دییە. سەر وپۆتەڕاک قوڕاوی. ئەوەندەی خۆ رنیبوو، هیچ ئازای گیانی نەمابوو. کێ دەیگوت ئەوەخاتوونە جوان و نەشمیلانەکەی جارانە، نیزیکتـرین کەسیـشی نەیدەناسـیەوە. بـە دەم گریـان‌و شـینەوە، بـەرگێکی شـڕی دەبـەر کـرد و هێندێکی رەشایی بنی مەنجەلێ دە دم و چاوی‌هەلـسوو، رەگـەلی کـەوت. خدر دوو ئەسپی زین کردبوو لە دەرکێ رایگرتبوون، سوار بوون‌و بە نەرمەغار کەوتنـە رێ، بـە چـاوی پـڕ ئەسـرین و دلی بـە خەمـەوە. سـەرکەوتووانی دمدم‌خەریکی کەیف و نەهـەنگ بـوون.... لـە هـەر لایـەک دەنگـی قاقـا و



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پێکەنین دەهات. لەخێوەتەکان نیزیک بوونەوە. غازی‌یەک رێی پـێ گـرتن، خدر هێندێکی هەلسەنگاند و تامی‌زاری زانی. مستێکی دراو لە بەر پشتێندی نا و گوتی:

- ئەو خوشکەم برایەکی دەگەڵ کژراوەکانە، دەیـەوێ بیدۆزێتـەوە. بـە جل و بەرگی‌دڕاو و دیمەنی خەمباری خاتوون گنجـی نێـو چـاوانی رەوی و گوتی:

- لێرەبن ئێستا دەگەڕێمەوە.

- چۆ لای یەکێک لە قزلباشەکان و تاوێکی پێ چوو، گەڕاوە و رەگەلیان کەوت وبردنی‌یە سەر کەلاکان. لە هەر گۆشەیەک مەیتێ کەوتبوو. ئەوانـەی نیوە گیانێکیان لەبەردابوو، شـەلالی خـوێن لـەگیان ئـەللا دابـوون. قـەلای نیوەوێران هەر گۆشەیەکی پڕ لە قزلباش‌و قۆرچی بوو. خاتوون چاوی بەرایی نەدەدا بڕوانێتە دار و دیواری. هێزی لـە ئـەژنۆی دانـەمابوو، پێـی رۆیـشتنی نەبوو. خدر تێی راخوری:

- خێرا کە ئەوە بۆ وا بە کاوە خۆی؟!

خاتوون سەری هەلێنا، هەر قەترەیەکی خوێن لە ئازای لەشی دانـەبوو. رەنگ بزرکاوبە دیتنی ئەو تەرمـە زامـار و برینداران ـە وەکـوو سـیحراوییەک دەیڕوانی. دەترسا، لەچی؟! بۆگیان ئەوەندە خۆشەویستە؟! خۆ روحێک هەر قەرزدارین ئەورۆ نا سبەی. نا بە دیتنی ئەولەشە لەت و پەتانـە، عەبەسـابوو. تازە ژین پاشی خان بێ بایەخ بوو، مەرگ حەقە. خان‌دەیگوت:

- راستە مەرگ حەقە، بەلام ژین حەقترە. ئینـسان دەبـێ بـژی بـەلام دەبێ بزانێ بۆدەژی. مەرگ نابێ لە خۆڕایی بێ، دەبێ تا توانات هەیە هـەوڵ بدەی بژی، مەرگ دەبێ لـەرێی ئامانجێـک بـێ، دەبـێ بـزانی لـەرێی چ دا دەمری. ئەو مەرگەی لە رێی ویستێک،ئامانجێکـە، هەرمانـە. ئەگـەر بـژی و



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نەزانی بۆ دەژی مردووی، گۆڕیان پێش گیان دان بۆهەلکەندووی. بەلام خـۆ ژینی من لە ئی ئەو هەموو خانم و خاتوونانە زیاتر نیە. ئەوانەی‌دەتگوت پەری گولن، ئەو ناسک و نازدارانە. ئێستا لەت و پەت و شەتالی خوێن و گلن،پنچک پنچک و ونجڕ ونجڕن. بۆ خوێنم لـە ئـی وانـە گەشـترە؟! ژیـنم لەوانـە بـە بایەخترە؟ ناهەرگیز نا.......

گڕوگلپەی ئاگری قزلباش بەرەو ئاسمان بەرز بـوو. سـووتمانێک بـەڕبۆ گیانی، زۆر بەتین‌تر لەو گڕانە. فرمێسکی تێکەلاوی خـەم و پـەژارە گۆنایـان پۆشی:

- ئەدی کوا؟! لەشی بێ گیانی لە کوێ کەوتووە. بلێی سەریان نەبڕیبێ تا ببێتە پەند؟!ناخودا نەکا، هەرچی پتری دەڕوانی کەمتری دەدۆزیەوە:

ئاخ ئەمیرخان ئەوە چ داخێک بـوو بـە جەرگتـەوە نـام؟ بـۆ چـی بـەو مەرەدەت بردم؟!پرسیارەکانی بـێ وەلام مانـەوە. ئێـستا هـەر چـاوێکی بـە مەیتەکەی بکەوێ بەسیەتی. ڕەنگەسێبووری بێتێ. گوتی:

- کا خدر چ بکەین، بلێی بیدۆزینەوە؟!

- چووزانم من تەنیا لەبەر دلی تۆ هاتم. ئەگینا هومێدێکم بە دیتنەوەی نیە.

بە نێو مەیتەکاندا دەسووڕانەوە. خدر بە کابرای گوت:

- کاکە ئەدی مەیتی ئەمیرخان و بنەمالەکەی لە کوێن؟!

- مەیتی وان لە قۆناغی موحەممەد بەگ کەوتووە. ژنـەکانی قەلایـەش زۆربەیان‌خۆیان هەلداشتووە. ئەوانی ماویشن هەمووی کۆت و کەلەبچە کراون و دیل گیراون.

خدر گوتی:

- کاکە با ئەوانیش ببینین. لەوانەیە مەیتەکەی مەش دەگەڵ وان بێ.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کابرا گوتی:

با بزانم چ پێ دەکرێ، بزانم دێلن بچینە ئەو لای.

ئەوەی گوت و لێیان هەلبرا. زۆر دوور نەبۆوە. گەڕاوە وێ و بردنیە سەر کەلاکەکانیوێش. سەدان تەرمی شەلالی خوێن و گڵ. بە چەند کەسان قوولکەیان هەلدەکەند. دەبووتا زووە کەلاکەکان ژێر خاک کەن بۆ وەی بۆگەن نەبن. ئەگەر ئەو مەیتانە زۆر مابانەوە ئاهۆدەهات و زۆربەی خەلک تووشی وەبا و چاو قوولکە دەهاتن. مەیتیخان و ئەمەریان بەجیا دانابوو. خاتوون دەگەڵ چاوی پێ کەوتن، زمانی شکا، لاقی نوشتاوە، بێ هۆش وئیختیار بەلادا کەوت. خدر گوتی:

– کاکە چۆڕێک ئاو بێنە، لە هۆش چووە.

کابرا هێندێکی ئاو هێنا. بە زاریان دا کرد و هێندێکیان بە سەرو چاوی هەلپرژاند،تاوێک پێ چوو، چاوی ترووکاند. وەهۆش هاتەوە. بەلام هەر بەلادا دەهات دەتگوتنایەوێ بگەڕێتەوە دنیای زیندووان. خدر سامی رێنیشت. نەکا شتێکی لێ بێ؟! دیسانئاوی لێ هەلپرژاند. هێندێکی فێنک کردەوە. چۆڕێکی دی ئاو بە زاری داکرد. وردە وردەهاتەوە خۆ. پاش نیو سەعاتان بەرەو چارەنووس کەوتنە رێ.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

( ٦ )

مژ بوو، هەور و هەلا. رەگە هەوری بۆر و چلکن دەور و پشتی شاخ و کێوەکانی تەنیبوو. سەرما بوو، کزە تەزووی دەخستە لەش، پڕیشکەی دا. چە و چۆیان هاتبۆیە.دوندی کێوە بەرزەکە هەلمەدووکی لێ هەلدەستا و دەگەڵ هەورە بۆرەکان تێکەڵ دەبۆوە.دوور و نیزیکی نێرگێ لە ولاخان دابەزین. دەبوو سەبر بگرن تا ولات تاریک بێ.ولاخەکانیان بردە لای مێشە و بۆ خۆیان لەبن ولاخەکان مات بوون. وردە وردە تاریکاییداهات. بەرەو نێو دێ کەوتنە رێ. پەریزاد سامی رێنیشت: بلێی مووساخان چم بە سەربێنێ؟! بۆیە دەلێن دنیا بەقای بۆ کەس نیە و نابێ پشتی پێ ببەستی. خۆ بە پیر و پێغەمبەراننەما بە ئێمە بمێنێ. هەتا دوو رۆژ لەمەوبەر مووساخان لە ترسی ئەمیرخان نەیدەوێرا چ بەباب و دایکم بلێ و ئازاریان بدا. بێتوو بزانێ شار بە دەریان دەکا. دیارە هیچمان لە دەستیناحەسێینەوە و ئەوانیش لەو تۆلەیە بێ بەش نابن. چارەرەش خۆم، دایک و بابەهەژارەکەشم تووشی چەرمەسەری دێن. خودایە چ بکەین؟! لە دەرکی مالە وسووشوانی، خدر دابەزی و لە دەرکێی دا. عەیامێک پێ چوو. وسوو هات دەرکەی کردەوە، بەدیتنی پەریزاد زانی چ قەوماوە. دەستی بە دەرکەکەوە رە بوو. خدر دابەزی و پیلیخاتوونی گرت و دایبەزاند. پەریزاد بە دیتنی بابی، برینی کولاوە، خۆی بە باوەشی دادا ولە گابۆڕی دا. خدرگوتی:

- خاتوون لە سەرەخۆ بە با کەس نەزانی.

هەر چەند سبەینێ تەواوی دێ دەیزانی. خەجێ هاتە دەرێ تا بزانێ وسوو بۆنەگەڕاوە ژوور. کە چاوی بە پەریزاد کەوت زانی خان نەماوە. بە خۆی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دادا: - رۆلەی سیاچارەم، هەی قوڕ وەسەر خۆم. هەک چاوی دایکت کوێر بێ.

پەریزاد خۆی دەباوەشی هاویشت. بوو بە بانگ و رۆرۆ، بە شین و گابۆڕ چوونەژوور. تازە کارەو کراوە، بە گریان چ دەکرێ. خۆ کەس بە گریان نەهاتۆتەوە، کار بە گریان‌پێک نایە. هەر کەس مرد، هەرسەلا لە چاوی خۆی. بەلام کێ دەتوانێ کۆستی وا ببینێ ونەگری؟! کوا دڵ رادەوەستێ. شینێکی باشیان بۆ گێڕا. ئەو شەوە هەر چۆنێ بوو رابرد.وسوو بەیانی بە خەجێی گوت:

- خەجێ بارگە و بنەت تێک نێ، دەبێ بار کەین.

خەجێ بە چاوی پڕ ئەسرینەوە خەریکی وەخڕ کردنی شڕ و شالاتی نێو مالە وپەریزادیش لە قولینچکی مالێ ئەژنۆی لە باوەش گرتووە. سەری وە باسکی کردووە.ئێستا بۆ خۆی هیچ بەو تێل و بارەوە چی کردبا؟! بۆ سەرباری دایک و بابە هەژارەکەی وهێلانەی لێ شێواند بوون، بەلام چ دەکرێ؟! مەگەر هەر مندالم بێ و بگەڕێمەوە نێوعێلات. کوڕی ئەمیرخان دەبێ لە نێو کەس و کاری گەورە بێ. ئێستا جێی ئەو بیرانە نیە.جارێ دەبێ لە دەست مووساخان رزگار بین. بارگەوبنەیان تێک نا و بەرەو سێلان کەوتنەرێ. وسوو، شوانێکی قابیل بوو. منەت لە شان و گۆچانی خۆی. زۆر کەس منەتی دەبردبێتە شوانی و بۆی بچێتە بەر مەڕی.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

( ٧ )

بەفر دەباری. نەم نەرم وەکوو پووش. وەکوو لۆکەی تازە کراوەی کانیاو. سەر لک وپۆپی دارەکانی داپۆشی. ئاسمان دەتکوت لۆکە دەبارێنێ. جێ جێ قەدی دارە قەیسی وهەلووچەکان رەش دەچوو. هـەوای بـن لێفـە کورسـی گەرم و داخ، هالاوێکی خۆشی لێهەلدەستا. لە دەلاقەکـەوە سـەرمای دەرێ هەست نـەدەکرا. بـۆنی رۆنی زەنگـی هـەلقرچاوی‌میوانییەکـە دم و لـووتی دەلاواندەوە، گەرمای کورسی لەشی داهێـزاوی، داهێزاوتـر کـرد.دیمەنەکـە ئەوی بەرەو خەوێکی خۆش دەبـرد. چـاوی تـازە دەبـیرە هـۆش راچووبـوو، بەواقەی منداڵەکە ئەغیار بۆوە. خۆی بـە سـەر داکێـشا و مـەمکی هاویـشتە زاری. مامانەکەرۆژووی کردبۆوە، دەلێن منـداڵ بـە شـیری دایکـی فرچـک دەگرێ، دەبوو شیری بداتێ،هەرچی کردی و کراندی مەمکی نەگرت، شین و رەش ببۆوە، وەخت بوو دەگەلی بگری.دەستی کرد بە تووکان، دایکی هاتـە ژوور:

رۆلە بۆ وا دەکەی؟! هێدی بە، پێویست ناکـا ئـەورۆ مـەمکی بدەیـەی. دەبێ دەگەلی لەسەرەخۆ بی و سەبرت بێ.

دایکی هێندێکی رۆنی کەرە هێنا و کەم کەمە دە زاری منداڵەی کـرد، واقەی بڕا. بۆهێندە ناحەزە؟ بۆ وا ناشیرینە؟! نەکا هەر وا بێ؟! ئەو ماوەیەی لە سێلان لەبەر ئەو زگە نەبادەوامی نەدێنا. پاش نۆ مانگ هاتۆتە دنیـا. ئـەو جـار چـۆنی گـەورە کـا؟ بـە هـەتیوی، بـە هەناسەسـاردی. فرمێـسکەکانی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەلقولین. سێ ریز و چوار ریز، بەری چاویـان گـرت. دایـە قولپـەی‌گریـان. دایکی تاسە میوانییەکەی هێنا و لە سەر کورسێی دانا، دەستی بە سـەری دا هێنا:

- کچم مەگری، رۆلە شیرینەکەم، کچە چارە رەشەکەم.

دەستی بە سەر و زولفی دا هێنا و دلخۆشی داوە:

- رۆلە گیان مەگری، ئەو چاوە جوانانـەت کـز دەبـن.خـوداش وای لـە چارەی تۆنووسیبوو، دەبوو وا بێ. رۆلە خۆ ئێمە نەمردووین. شوکر بابت هەیە، برات هەیە ئەوەش‌یادگارە لای هەمووان ئازیزە، گەورەی دەکەین، تۆش لاوی شوو دەکەیەوە، هەزار کەس‌قوڕاوی بـەرپێت دەخۆنـەوە. ئـەوەش رادەبـرێ وەکوو تەواوی خۆشی و ناخۆشێکان، شەودێ و رۆژ دەبێتەوە. هەر لە عومری ئێمە کەم دەبێ. بەلام ژیان زۆری بـە بـەرەوە مـاوە.هـەزاران شـەو و رۆژی نادیار. رەنگە لە گۆشەیەکی دا بەختەوەری خۆی حەشار دابێ.کچم کار نیـە خوا چاکی نەکا، دەردی هەیە دەرمانیشی هەیە، رەبی ئاخرت خێربێ،ئافرەت داری بی‌یە فرێی دەن شین دەبێتەوە. بە بیـستنی ئـەو قـسانە گریانەکـەی پەرەی‌سەند بەدەم گریانەوە:

- دایە ئەوە دەلێی چی؟ تا ئەو رۆژەی دەگلـێم دەنـێن قـەت مێـردی دەکەمەوە؟ پاش‌خان حەلالی دنیایە لە من حەرام بێ. من تا ماوم هـەر بـەو هیوایە دەژیم تەمر گەورە کەم‌بۆوەی رۆژێک تۆلەی بـابی بکاتـەوە. مێـردی چی و شتی چی؟!

خەجێ گوتی:

رۆلە چارە رەشەکەم، کچە بێ ئەنواکەم.

پەریزاد شەکەتتر لەوە بوو چیـدی بـدوێ. بـە چـاوی تـەڕەوە خـەوی لێکەوت، پاش ئەوباسە دلتەزێنانە، ماندوو، شەکەت، داهێزاو، بێ تاقەت و توانا



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بوو. له سەر ڕەقی پشت لێـی کـەوت. دایکـی لێفەکـەی پێـداداوه، خـەو یـا زیندەخەو بەرەو دنیای هێمنی و حەسانەوەیبرد.

وسوو هەنگاوی توندتر کـرد. شـەقاوی بلینـد، بلینـد و خێـرا. پـەریزاد تەمری بەسینگەوەدەکوشی. روخساری داخ و کەسەری لێدەباری. بلێی خزم و کەسی ئەمیرخانچۆنیان وەرگرن؟ نەکا کۆرپەی خۆشەویستی گل بدەنەوە؟ بەلام نا، چۆن شتی وا دەبێ؟!ئـەوە یادگـارە، موتفەرکـە. کـێ دلی دێ بـێ حورمەتێی پێ بکا. ئەگەر هات و خودای‌نەخواستە واش بوو، خۆ بـێ کـەس نیه، من هەم. گوتی:

– کچم پەرۆشی چت نەبێ. دلنیا بە زۆرن قەدر دەگرن. خـەمی چـت نەبێ، ئەگەرواش نەبوو خۆ ئێمە نەمردووین.

پەریزاد بەو قسانە هێندێک دلی حەسـاوە. بـەلام ئێـستا دلنیـا نـەبوو. چوونە خزمەتیحەمەدبەگ. ئـەویش بـە دیـتنی تـەمر و پـەریزاد گەشـاوە. حەمەد بەگ سەرۆک عێل بوو.کەس نەیدەتوانی قسەی دە قسە دابکا. زۆری دلخۆشی دانەوە. پەریزاد بە قسەکانیئاهێکی هاتەوە بەر. «ئـەو یادگارانـەی ئەمیرخان تا ئێستا لە کوێ بوون» بە رووی خۆشوەریگرتن. پەریزاد و تەمری ناردە ئەندەروونێ. ئەمری کرد گەلێکیان قەدر بگرن. تەمر لـەلای گـەورە و بچووکی عێل نازدار و خۆشەویست بوو. لایان پیرۆز بوو، بەلام چ شتێکجێی بابی بۆ دەگرتەوە.

پەریزاد روحی دە گیانی تەمر دابوو. هەموو حەول و تێکۆشـانی گـەورە کردن و پێگەیاندنی بوو. ساله وەخت پتر بـوو، لـە ئەنهـەر دەژیـان. ژیـانی بێدەنگ تێدەپەڕی. بەلامبیرێک ژینی لێ شێواندبوو، هەروا دەبوو.بیری تۆلە خەو و خواردنی لێ هەلگرتبوو. چۆندەکرێ؟! خۆ ئەو کارە بە تەنێ ناکرێ؟!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نابێ دەست لە دەست دانێم و ببینم دوژمن لەهێلانەی بەختەوەریم دادەژی. بەلام رێیەک هەیە؟!

حەمەدبەگ پیاوێکی ئـازا و لێهـاتوو بـوو. دەسـت و دلپـاک و دەرک و دیوەخان ئاوەلەبوو. ئەگەر لە نێو عێل دا یەکێک نیازی بـە یارمـەتی هـەبوو تەنیا حەمەدبەگ زانیبای بەس‌بوو، دەس بە جـێ دەگەیـشتە فریـای. پیـاو کووژرابا و ژن هەلگیرابا تەنیا ئەوە حەمەدبەگ‌بوو مەسلەتی دەکـرد و رێکـی دەخستنەوە. قەت نەیدەهێشت کەس زولمی لـێ بکـرێ و لەسـایەی وی دا گـــورگ و مـــەڕ پێکـــەوە ئاویـــان دەخـــواردەوە. لـــەو ناوچەیـــە دا تـــەنیا حەمەدبەگێک‌هەبوو ئەویش ئەوبوو. جێگەی نیاز و مرادان. خـدر قـەدەرێک بوو بۆ سەردانی وان‌هاتبۆوە ئەوێندەرێ. خاتوون باسی بیرو رای خۆی کـرد، خدر گوتی:

- خاتوون وەک بیستوومە ئەلغ‌بەگ هەوای گرتنی دمدمی لـە سـەری دایە.

بە کارەساتی دمدم زۆر پەشێوە و بـیری تۆلـەی هەیـە. مـن دەچـم و دەگەلی دەدوێم.رەنگە دەگەلمان رێک کەوێ.

خاتوون بە بیستنی ئەو قسەیە گەلێک شـادبوو. خـدر بـە پەلـە خـۆی گەیاندە ئەلغ‌بەگ وئەوی دەبوو بیلێ پێی گوت. ئـەویش قـسەکانی پەسـند کرد. هاتنە سەر ئەوە بۆ گرتنی قەلارێک کـەون. زۆریـان تـەگبیر و راکـرد. تەواوی رێیەکانیان هەلسەنگاند، بەلام گرتنی قەلا لەدەرێ را نەدەکرا. دەبوو هێندێکیش لە ژوور قەلاوە رێ بـۆ گـرتنی خـۆش کـەن. بـەلام ئەوەبـەکێ دەکرێ؟! یەکی دەوێ بچێتە قەلا و دەگەڵ کوڕدەکان رێک کەوێ و بەلێنی یارمەتیان‌لێ بستێنێ. خدر گوتی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- من دەگەڕێمەوە قەلایە. هەمیشە خزمەتکاریان پێویستە. بەلام بلێی متمانە بە منبکەن؟!

گوتی:

- ئەوە زۆر جێی باوەڕ نیە. ئەوکارە یـەکی ناسـیاوی دەویّ. کەسـێک، خزمێکیئەمیرخان.

خدر:

- یەکی وەکوو خاتوون.

ئەلغ بەگ:

- راستە، خاتوون بۆوکارە زۆر باشە. یەکەم خێزانی ئەمیرخانە و دوامین دایکیکوڕەکەیەتی. دەزانم بە باشی متمانەی پیّ دەکەن. بـەلام ئـەو کـارە دەکا؟!

گوتی:

- من دلنیام دەیکا. لە ریّی ئەو ئامانجەدا هەرچی لە دەستی بیّ دەیکا.

ئەلغ بەگ گوتی:

- بەلام وا باشە لە نیزیکەوە بیبینم و دەگەلی بدوێم.

گوتی:

- من دەچمە ئەنهەر و راسپاردەکانی ئێوەی پیّ دەلێم. بەلام ئەو ناگاتە ئێرە واباشەئێوە بێنە ئەولا.

پەیمان و بـەلێنیان پێکـەوە بەسـت و بـڕیاریان دا شـەوی هـەینی لـە ئەشکەوتی سەرووی‌ئەنهەر یەکتر ببینن. خدر گەڕاوە ئەنهەر و ئەسپاردەکانی راگەیاند. خاتوون گوتی:

- دەبیّ مەبەستی لەو دیدارە چ بیّ؟!

خدر:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- خاتوون رەنگە بیەوێ دلنیابێ، تۆ جەرگی وەت هەیە بگەڕێیەوە دمدم.

خاتوون:

- کا خدر تۆ چی؟!

خدر:

- جا خاتوون، خدری فەقیر، سەلتەی بێ ماڵ و حالە. لێرە نا دمدم، ئەوێ نەبووجێیەکی دی.

لەوەتا لە بیری بوو، پیاوی ئەمیرخان بوو و خزمەتی ئەو بنەماڵەیەی دەکرد، ئەمەگیوانی لەبەر بوو. ئێستاش بە گیان و دڵ بۆو کارە تێدەکۆشا:

- خاتوون نابێ کەس ئاگادار بێ. دەبێ جۆرێک خۆ دەرباز کەین، کەسنەزانێ.شەوێ دیاری کراو پاش تاقەت بوونی مالان خاتوون تەمری دەخەو کرد، چراکەیکوژاندەوە و لە تاریکی دا دانیشت. کە ولات بێدەنگ بوو. قاژ و قرووژی زن و منداڵ بڕا وتاریکی بە سەر ئەندەروونی دا زاڵ بوو. بەرەو وادە و بەلێنی کەوتە ڕێ. دەرکەوان بە دیتنیخاتوون خێرا دەرکی بۆ کردەوە. لە پێشدا خدر دەرکەوانی دیبوو شتێکی دابۆیە و بۆیەشبە دیتنی وان بێ پرسیار دەرکەی کردەوە. خدر دوور و نیزیک لە تاریکایی دا ڕاوەستابوو.جلەوی جووتێک ولاخی بەدەستەوە بە دیتنی خاتوون گوتی:

- خێرا کە هەنگاو هەلێنە دەبێ زوو بگەڕێینەوە.

خاتوون بێ هەست ڕەگەلی کەوت. سوار بوون و بەرەو ئەشکەوتی سەرێ کەوتنەرێ، خاتوون لە خۆڕا دلە کوتەی گرتبوو. ئێستا زۆر دوور نەکەوتبوونەوە، تەمای کرتبکریتەوە بەلام نا. ئەدی بێتوو یەکێک بزانێ. خۆ ئابڕووی بە سەد سالانی دەچێ. بەخودای بوختاینێکی پێ دەکەن. ئەگەر تەمریش وەخەبەر بێ. ئەو دێیە وەسەر خۆیدەگێڕێ. بەلام نا تەمر تازە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

خەوی لێکەوتووە وا زوو وەخەبەر نایە. ئەشکەوتی سەرێ زۆردوور نیە. بەلام بـۆ چـی ئـەو رێیـە نابڕێتـەوە. کاتێـک ئینـسان بـۆ کارێـک پەلـەی هەیـە کات‌رانابڕێ، رێ نابڕێتەوە. بەلام نا نابـێ بترسـێم. مـن لـە رێـزەی پیـاوانم گەرچی جحێلم. شێر لەلانێ بێتە دەر چ نێرو چ مێ. قسەی خەلک چی‌یـە؟ ئەو بیرانە چن؟! دەبێ ورەم بەرز بێ.غیرەتی بزووت رکێفـی لـە ئەسـپی دا، جلەوی توند کرد. بە نەرمە غار بەرەو ئەشکەوت‌تێهەڵ بوو و خدر بە دوایـدا رۆیی. هەتا ئەو جێیەی کرا بە سواری چوون. ئەو جاردابـەزین و وەبەنـدەنێ کەوتن. دوور و نیزیک تروسکەی ئاگر دەهات. چەند کەس لـەدەوری ئـاگر کۆزیلکـەیان بەسـتبوو. بـە دیـتنی یـەکیان جـەرگ و دلی بـەربۆوە. پێـی دەبەندەوەچوو، ئەوە کێیە؟! بۆ هێندە وەئەمیرخان دەچێ؟! راوەستا، چەقی، وەک سندمت کردبێ.لە جێی خۆی چەقی و هەر وا مـاوە. خـدر ئـاوڕی بـۆ داوە:

- خاتوون خێراکە ئەوە بۆ سڵ بووی؟!

جوابی نەداوە: ئای خودایە ئەوە ئیدی چیـە؟! هێـزی وەبـەرە خـۆ نـا، هەنگاوی هەلێنا.بەرەو کۆڕەکە چوو. لە نیزیک وان راوەستا و سـلاوی کـرد. جوابیان داوە، ئەلغبەگ‌فەرمووی کردن:

- هەلکشێنە سەرێ.

خاتوون هەر لەوێ دانیشت، لە سەر چۆکان. روو بەندەکـەی هەلـداوە. وەکوو یەکێک‌پێی بلێ زانی ئەوە ئەلغبەگە: خۆ خزمی نیزیکی ئەمیرخان نیە، ئامۆزاو بن ئامۆزاش نین.بۆ چی هێندە وێک دەچن؟! چاوی دە ئاورەکە بڕی. ئاگرەکە قرچە قرچ دایسا، ئەشکەوتی‌روونـاک دەکـرد. ئـەلغبـەگ گـەلێکی بەخێرهێنان. سەبارەت بە ژینی خان و قەلاداری وی‌دوا. ئـەوجار هێنـدێکی پرسیار لە خاتوون کرد. ئەویش لە سەرەخۆ جوابی داوە. ئەلغبەگ‌گـوێی بـۆ



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

شل کردبوو، لـە ئاورەکـەی دەڕوانی. یەکـەم جـار بـوو یـەکتریان دەدیـت. بەلام‌ئەلغ‌بەگ نێوبانگی جوانی خاتوونی بیستبوو. سەری هەلێنا. نیگـای لـە سەر و روخساری‌پەریزاد لەنگەری گرت، هەروا ماوە. تێـی دا سـەتحی بـوو. ئەوە چیە؟! ئینسانە یـا فریـشتە؟ئەو چاوانـەی بـۆ دەلێـی چـزووی مـارین، دەسووتێنن، پێوە دەدەن. خان حەقی بوو لە میرانی‌بستێنێ. حەقە ئێـران و تووران لە سەری بەشەڕ بێن. خـاتوون تاوێـک بـوو بێـدەنگ ببـوو.ئـەویش تێگەیی، دیتی ئەلغ‌بەگ چاوان ناترووکێنێ. شەرمی کرد. سـوور هەلگـەڕا و سەری‌داخست، دلە کوتەکەی پەرەی سەند. ئـەوە چیـە؟! بـۆ شـەرمی لـێ دەکەم؟!

ئەلغ‌بەگ ئەغیار بۆوە:

- خاتوون مەبەست لەو دیدارە ئەوە بوو دلنیـا بم ناترسـێن بگەڕێنـەوە دمدم. دەزانن‌مەترسی وەی هەیە بتانناسن. ئەگەر وابێ دلنیام بە سەرتانەوە ناچن و دەکووژرێن.خاتوون لە سەر ئەم کارە سووری؟!

- بەلێ کەس ناتوانێ پەژیوانم کاتەوە.

- ئافەرین، بە راستی جێی شانازی.

تۆ تاکە کەسێکی کوردەکان متمانەت پێ دەکەن. وا باشە جۆرێک خـۆ بگۆڕی‌نەناسرێیەوە. جلکی ژنانەش بە سانی دەتگۆڕێ و دەتشارێتەوە، بـاش دەزانم زۆربەی‌کوردەکان چاوەڕێی ئەو رۆژەن. ئەو ئاگرە پێویستی بـە تاکـە گڕێکە، هەتا هەلایسێ و ولات‌داگرێ.

خاتوون گوتی:

- ئێوەش گوێ قولاغ بن. هەر کاتێ باشمان لێ هەلکەوێ، هەوالتان لێ دەنێرم.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- ئەگەر وایە من چاوەڕێی خەبەری ئێوە دەکەم. بۆ خۆشم دەگەڵ سەرۆک عێلەکان‌دەدوێم و بەڵێنی یارمەتیان لێ دەستێنم. خواو راستان سەرکەوتن بە ئێمەیە.

ئیدی شەو درەنگ ببوو. لەوانە بوو تەمر وەخەبەر بێ و بیکاتە هەللا. گوتی:

- کا خدر با بڕۆین تا کەس نەیزانیوە.

ئەلغبەگ و هاوڕێکانی بەرەو سێلان کەوتنە رێ. ئەوانیش بۆ نێو دێ رۆیشتنەوە.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

( ٨ )

ئێوارە بوو. کۆترێک لە گوێ سوانە هەلنیشتبوو. پۆلە کۆترێک بە ئاسمان دادەخولانەوە، سپی، رەش، ئەبلە. بالیان دەگرت، دەچوونە تەشقی ئاسمان و دەگەڕانەوە.سووریان ئەدا، دوور دەکەوتنەوە. دیسان لوور دەبوونـەوە خـوار. تەقلەیان لێدەدا و جار وبارەش لە سەر بالی با دەچوونە بن هەواران، دەفڕین، ون دەبوون. باڵ رەنگین، دندووکسـوور لـە پـڕ وەدی دەهاتنـەوە. خـەلک دەیانگوت ئەوانە رووحـی ئـەو خاتوونانـەی قـەلان کەلـە لووتکـەی بـەردی شمشیرخانەوە خۆیان هەلداشتووە. بوونەتە کۆتر، دلیان نایە قەلا بەجێ بێلن. خاتوون چاوی دەگەڵ گێڕان: ئەم شەو دوو شەوە قەبان خان لە قەلا نیە. ئەم شەوشەوی تۆلەیـە، تۆلـەی خـوێنی گـەورە و بچـووکی دمـدم.تۆلـەی بـێ تاوانـەکانی گـاو و دۆل،تۆلـەی خـوێنی ئـەمیرخان. دەنگێـک لـە گـوێی دا زرینگاوە: شێر لە لانێ بێتە دەر چ نێر و چمێ. نا نابێ سام بمگـرێ. ئێـستا کاتی وەی نیە. بەرەو هۆدەکەی بوو. خدر لـە قەلادادۆسـتێکی باشـی بـوو. وەلامی لێ نارد. بەرێکەوت لە قەلا دا پێویستیان بە خولام وقـەرەواش بـوو. خدر چۆوێ و خەلات و بەراتی بۆ خۆی و پەریزاد دیاری کرد و لەوێدامەزران. ئێستا ماوەیەکە پەریزاد قەرەواشە، ئافتاوەی دێنێ، خانم و خـاتوون دەسـت وچاویان بشۆن. سەر شۆرە، شیوکەرە. مندالەکەی لە دەرکی خەلکی گەورە دەبێ، ئەولانکی خەلکی رادەژێنێ: ئاخ خودایە چەندە ئارەزووی تەمر دەکەم.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دیواری سوولق کون‌کراوە. ئەم شەو ئەلغبەگ دێتە بن دیواری قەلایـە. ئـای ئەوە بۆ وام لێهاتووە؟ بۆ دلمڕاناوەستیَ؟ نانابیَ خۆ بدۆڕێنم. لـە هۆدەکـەی ئارامی نەدەگرت بەرەو مدبە کەوتـە ریَ.شـەویَ قـەلا تاقـەت بـوو، دەرکـی بودریان کردەوە. ئەلغبەگ و هاورێکانی هاتنە دەقەلایە وهێرشیان کردە سەر بـورجی سـولق و تاقیـان لـیَ بـڕین. ئـەوجار بـە قـەلا وەربـوون. هـەر کەسیوەگیریان کەوت کوشتیان، بورجەکانی قەلایان گرت. کوردەکـان کـە چاوەڕێی ئەو رۆژەبـوون دەسـتیان دا چـەک و شـیران و قـەلایان گرتـەوە. نەقارەخانەیان گرت و نەقارەی‌شادمانیان لێدا. هـەتا قەلانـشینەکان ئـەغیار بوونەوە. ئەوی نەدەبوو بە سەریان بیَ هاتبوو.سەریان لیَ شـێوا. بـەو شـەوە رەشە پەنا بۆ کویَ بەرن؟! چ بکەن؟! قزلباش بـە ئاغـا ونۆکـەرەوە بـە قـەلا وەربـوون. خۆیـان بـەولاولادا دەدا و زۆریـان خۆیـان لـە دیوارەکـانی قەلاهەلداشت. تا بەیانی کەس خەوی لـیَ نەکـەوت. ئـەوی کـووژرا کـووژرا ئەوانی دییان قۆڵبەست کرد و دە زیندانێیان کـردن. قـەلا کەوتـە دەسـتی ئەلغبەگ و هاوڕێکانی. خاتوونمەستی سەرکەوتن، بزەی شادی کەوتە لێوان. ئاخری بە ئاوات گەیی. چلکن و بۆربوو.دەبوو دەستێک بە خـۆی دا بێنـیَ و هێندێک بە خۆی رابگا. سالێک دەبوو بەرگیقەرەواشانی لەبەر بوو، دژوێن و چلکن. دەبوو ئەو بەرگە دانیَ. چۆ سەر شۆرکە و پاک وخاوێن خۆی شـورد. دەستێکی بەرگی نویَ هێنا و لەبەری کرد. زولفی سیَ بەنگی کرد.هێند لـە مێژ بوو وا خاوێن نەبوو. روخساری هەر شەبەقی لـیَ دەبـۆوە. ئێـستا خـۆی وەکووسەردەمی ئەمیرخان دەهاتە بەرچاو. چۆ بەر هـەیوانیَ، تەماشـای ئـەو دەشت و کێوانەی‌کرد. بزەی هاتە لێوان. ئەلغبەک بە سـپایی لێـی نیزیـک بۆوە. پەریزاد بە دیتنی چاویبریقەی پێداهات، پڕ هومێد و هیوا بریـسکاوە. خۆشی لە روخساری دەباری.روومەتەکانی سوور ببوونەوە. ئەلغبەگ ئەوانەی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دی له دلی خۆیدا گوتی: کاتی وەی‌هاتووه پێی بلێم؟! بەلام چۆن، چۆنی پێ بلێم؟! وەپتەپت کەوت، هەرچی کردی نەیتوانی.قسەکەی قووت داوه. تەنیا توانی بلێ:

- خاتوون ئێستا چۆنی؟!

- بەختەوەر.

- پیاوم ناردۆته ولاتان، شنۆ و گاودۆڵ و ورمێ، سەلماس و خۆیە تا گەیشتنی وان‌دەبێ قەلا بپارێزین.

- قەلامان گرتەوه، ئەو جار دەبێ رایگرین.

نوقمی خەیاڵ ببوو، به بزەوه دەیڕوانی. ئەلغبەگ دەیزانی بیر لە چی دەکاتەوه.راگرتن و پاراستنی قەلا. تا ئەو کاتەی تەمر دەگاتێ. ژین بەو ئومید و ئاواتانەوه خۆشه،رەنگ دەگرێ. ئەگینا ژین بێ هومێد و هیوا چ تامێکی هەیه. غیرەتی وەبەر خۆ نا. دەبووپێی بلێ. یەکێک بەلایان دا تێپەڕی. ئەلغبەگ قسەکەی گێڕاوه به نابەدڵ هەنگاوێکی هەلێناو بە شلی خۆی رەکێش کرد: رەنگه ئێستا زووبێ. پیاو هەمیشه دەتوانێ پێشنیار بدا. ئەوڕۆنا رۆژێکی دی، درەنگ نابێ.

خەبەر گەیبۆ قەبان خانی. ئەویش به پەله بەرەو دمدم گەڕاوه. دەرکی داخراوی قەلاجەرگی تەزاند. قەلا به شوورەی بەرز و گرانەوه لەبەر دمی چەقیبوو. ئێستا چار چ بوو؟!خێوەتی هەلدا. پیاوی نارده ولاتان و داوای یارمەتی کرد. سەد و پەنجا کەس له کوردەکان‌دەهاتنه یارمەتی ئەلغبەگ له رێی‌یه تووشی سوارەی سولتان موقەدەم هاتن و شەڕ قەوما.سوارەکانی سولتان زۆر بوون.کوردەکان دەرەقەتیان نەهاتن بە سانی شکان و رایان کرد.سولتان لەشکری کۆ کردەوه و بەرەودمدم کەوتەوه رێ و هاتە هانای قەبان خان و خۆیان‌بۆ هێرش ساز کرد.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

حەوشەی قەلا لە ژێر نووری مەشغەڵ و چۆلە چراکان رووناک دەچـوو. مێشوولە وپەپوولەکان لە ژێـر نـوور، دەهـارووژان، خۆیـان بـەم لاولادا دەدا. پەپوولەیەک بالی گرت،خۆی بە دیواری دادا. ئەلغبەگ چاوی دەگەڵ گێڕا لە بن دیواری کەوت. بە پەلە بالیدەکوتا، نەیتوانی هەستێتەوە: «پەپوولـە بـاڵ رەنگینەکان، چەندە دەژین؟! کێ دەزانێ لەکەیوە لێـرەن؟! هـەزاران سـالە دەفڕن، لە سەر سوورە گوڵ و مێرگۆلان باڵ لێـدەدەن،دەنیـشن، وەدەزانـن ئەبەدین چونکی لە مێژە هەر لە ئەزەلەوە، هەر کات یەکێک دەمرێ،پێـشتر بە عیشقەوە گەرای ژینێکی نوێ دادەنێ. ئینسان چـی؟! دەبـێ و دەمـرێ، یەکرۆژەیە، ئەوە ئینسانە تەنیا رۆژێک دەژی نەک پەپوولە. چ شتێک قوولتر لەو وێنەیەی ژین،کە رادەبڕێ، بە پەلە دەکـشێ بـێ وەی هەسـتی بکـەی. گەورە بوون، ئاشق بوون، ئەوجارپیری و مەرگ. ئەوانە تەنیا لە چاوترووکانێک دا رادەبڕن. تەنیا ئەو کاتە لە ژین رەنگی هەیەکە یـەکی دی خـۆش دەوێ. ئەگینا ژین تەنیا کێشەیەکە، تا سەرکەوتن لەودا بۆوی چەنـدەگرینگ بـێ؟! چۆنی پێ بلێم؟! بلێی ئـەویش مـنی خـۆش بـوێ؟! بـە نابـەدڵ هـەنگاوی هەلێنا.بە لای هۆدەکەی پەریزاد داتێپەڕی. لە دەرکێ تووشی هات. خاتوون بە دیتنی وی سەریداخست و خۆی بە ژوورەکەی داکرد: بـۆ گـەڕاوە دوا؟! شەرمێ دەکا، یا نایەوێم؟! بۆچی بەدیتنی من سەردادەخا؟! نا بێ گومان منی خۆش دەوێ؟!»

ئیدی بە جارێ حەجمینی لێ هەلگیرابوو. قەدەرێک بوو. ژین بە سپایی هەلدەکشا،هێدی و هـێمن، شـەو و ورۆژی رانـەدەبوارد، بـەدیتنی دەبزرکـا. خاتوونیش هەستی بەوئەوینـە کردبـوو. بۆیـە کـە تووشـی دەهـات سـەری دادەخست. نەدەبوو بێلی کار بگاتە پێگوتن. دەبوو هەر لە سـەرچاوە دا ئـەو ئەوینە ویشک بێ، دەگەروو دابخنکێ. ئەلغبەگ نەدە حەجمی. دەبـوو هـەر



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پێی بلێ: «هەر چی دەبێ با ببێ! دەبێ خاترجەم بم» بەرەوحەوشەی گەورە هەلکشا. شەوانە تا درەنگ ژن و پیاو بۆ بیستنی گۆرانی و مەقامەکانیشوانە لێک کۆ دەبوونەوە. ئەویش پیرە شمشالی دەگرتە دەست، دەیژەنی. هەوا ومەقامەکۆنەکانی بە کۆنە شمشالەکەی دەگوتەوە. بە سیحری دەنگە خۆشەکەی دلی دێنانەجۆش. بنەمالەکەی دەنگ خۆشی بێ وێنەی تێدا هەلکەوتبوو. خەلکی ناوچە لەوەتا لەبیریان بوو، بنەمالەی حەمەدی شەنگ ئاغا، خوشخوان بوون. شوانەش ئەو گۆرانی ومەقامە کۆنانەی لە باب و باپیری بیستبووی بەو پیرە شمشالە دەیگوتنەوە. سەردەمیحوکماتی ئەمیرخان، شوانە لە قەلادا دەژیا. کە شەڕ گەورە بوو، بێ ئاوی کەوتە نێو قەلا.رۆژێک هاوڕێی شەڕنەکەر و ژن و مندال و پەک کەوتە لە قەلا هاتەدەر. شمشالە پیرەیدەست دایە، لە تاریکی شەو دا بە سپایی خوشی. وەکوو ڕێوی دەبەندەنێ هەلبوو، خۆیدەرباز کرد.

چەند وەختان ئەم دێ و ئەو دێی کرد و بە گوتنی گۆرانی بژێوی دەست خست. کەخەبەری گیرانی ئەو جارەی دمدمی بیست، هاتەوە و لە دەرکێی دا. قەلانشینەکان بەرووخۆشی بە پیریەوە هاتن و بردیانە ژوور. گەرچی شارەزای شەڕی دمدم بوو. بەلام هەر لەبیری دانانی ئەو بەیتە نەبوو. رۆژێک خۆش خوانێکی قەرەج لە دیوەخانی سێلان ئەوبەیتەی بۆ کوت. شوانە بە بیستنی واق ما! کێ ئەو بەیتەی داناوە؟! شایەری ئەو بەیتەحەماسییە، باسی ئازایەتی و جوامێری وا بە سۆز دانابوو، فرمێسکی دێنایە چاوان.ئەوەکێ بوو؟! خۆزگە ناسیبای. ئێستا لە حەوشەی قەلایە دەیگوت:

دمدم بەردی لە نەزاریلێیان دا تۆپی هەوشاری
حەوت شەو و رۆژان ئاور باریخەبەر چوو لە بۆ هەوشاری



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

* * *

دمدم بەردی لە بەردیلێیدەن بە تۆپی نەبەردی

تا رۆژی مەردی و نامەردی

ئەلغبەگ سەری وەدەستی کردبوو، کەوتبۆ خەیالات. دەگەڵ سەر و ژێری بەیتەکەدەگۆڕا. خوێنی هەلدەچوو. غیرەتی دەبزووت، پەرەی دەستاند. ئازایەتی و جوامێری لەپێش چاوی گیانی گرت. کە هەوای بەیتەکە گۆڕا، ئەویشی بەرەو کۆپلەیەکی دی برد.

خاتوونێک دێتە مەیدانێلە دلی خانێ دەدا تانێ

لێت حەرام بێ جێی کابانێئاو نیە پێی بکەین شێلانێ

* * *

خاتوونێک دێ و دەبەزیخانە رەبی مارت گەزی

لێم رەش بوون سەر و کەزی

جەماوەرەکە دەگەڵ حاڵ و هەوای بەیتەکە دەگۆڕان. خەیالە ناسکەکانی شایەر وشێعرە حەماسییەکە ئەوانی بەرەو دیمەنی ئازایەتی و مرۆفایەتی، دیمەنی شەڕ وئازایەتی، دیمەنی جوامێری، تەنانەت خەیانەتی حەمەبەگی کاسەلێس و خۆفرۆش،نامووس و حەیا و ئازایەتی شێرە ژنانی دمدم و تراژدی خۆکوژی و مەرگی بەهەرەوەزیان، دەبرد. شوانەش بلوێرەکەی دەست دایە و کەوتە ژەندنی پاییزەیەکی خۆش.دیمەنی زەرد و سوور و رەنگاورەنگی دارستان و مێرگی رووتەڵ بۆنی ویشک و تالی گەڵو گیا. پاییزێکی درەنگ وەخت، دوور کەوتنەوەیەکی بە زۆری، جیابوونەوە و لێک دابڕان.بێ دەستەلاتی و مەرگی ئاوات، مەرگی ئەوین. وەخۆ کەوتنێکی درەنگ، دلتەزێن وجەرگ بڕ، گڕی دە هەناوان بەردەدا و تۆزی نەمانی بە سەر ئەو ئەوینە دەکێشا. بارانی بەخورمژن و رێژنە، بەهارێکی سوور و شینی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەخستە یادان کە تازە نەدەگەڕاوە. زوڵم و زۆربە تـەواوی خـۆی دەنوانـد و شـــینکی گەرمـــەلان چ هێلانـــە و باوەشـــێکی بـــۆ دەربـــاز بـــوون ورزگـــاری نەدەدۆزیەوە و هەوهەوی سواران بەرەو مەرگی ژین و ئەوینی دەبرد. پـاییزە وپـاییز وەرزی لێـک دابڕانـە «تـا ئێمـەش وەدرەنگـیَ نەکـەوتووین و لێـک دانەبڕاوین دەبیَ پێی‌بلـێم». چـاوی لـە شـوانە کـرد. دیـتی شەمـشالەکەی وەلاناوە و قەنەیەکی تیَ کردووە. قەنەی بەدمێوە نا و چەند مژی توندی لێدا. ژن و پیاو خەریکی وت و وێژ بوون. خاتوون لەبەرپەنجەرەی هۆدەکەی گوێی بۆ مەقامەکانی شوانە راگرتبوو. لە مێژ بوو دیبـووی، جاروبارەسـیلە چـاوێکی دەدایە و پێی دا دەڕوانی. رووی کردە شوانە و گوتی:- کاکە شوانەگورانیکی دلداریشمان‌بو بلی. شوانە گوتی: ئەی بە سەرچاوان بەگم.

تێی هەلکرد:

خالان ئاخێز بوون، پیرۆزە گوم بووگەوهەر لە شاران قیمەتیان کەم بوو

خالانم دەبژارد سەدو بیست و نۆهیچ خالم نەدی وێنەی خالی تۆ

هەر وا چاوی لە پەنجەرەکەدا قەتیس مابوو. ئیدی بـە جارێـک ئـاگری گرتبوو، پرزەی‌لیَ بڕابوو. دەبوو هەر ئەم شەوە پێی بلیَ، هەرچی دەبیَ باببیَ. پەریزادیش لەو خەلکەداتەنیا ئەوی دەدی کە دەستی وەبـن چەنـەی هەلـدا بوو. چاوی لە پەنجەرەکەی وی بڕیبوو.دەیزانی یەکتریان خۆش دەویَ. بەلام نەیدەویست باوەڕ بکا، نەیدەهێشت خۆشەویستی‌وەبەر بیَ. لەبەر پەنجەرەکە لانەدەچوو، دەتگوت پێیان بە عەرزەوە سندم کردووە. «بەراستی چم دەویَ؟ ئەوینی ئەلغبەگ و پیَ گەیشتنی یا یاد و بیرەورێکانی خان؟! نا من‌ئێستا لە یادم نەکردووە، من بە خان وەفادارم. ئەدی بۆ وام بە سـەر هـاتووە؟! نـا.... ناتوانم.بەلام ئاخر خۆ دۆستایەتی دەگەڵ مردوو ناگیریَ. هەسـت نـانێژریَ. منیش بە شەرمهاوبەشی ژینم دەویَ. دلێکم دەویَ بۆ یەکی‌تر بکوتیَ. بەشەر



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەر دەگەڕێ و لەو گەڕانەدابە دوای چیدا؟ کوێرە دێیەک نەک بۆ حەسانەوە، بەلکوو بۆ حەول و تێکۆشان و گەیشتن‌بە بەختەوەری. بەلام خۆ بیابان چمان ناداتێ تراویلکە نەبێ. تراویلکەیەکمان پێشان دەدا وئێمە دەچین بە دوای دا، دوور و دوورتر. بێ هیچ ئاکام و ئەنجامێک. تەنیا تراویلکە وتراویلکە. بـۆ زۆر کەسان ئەوە بەهەشتە و بۆ زۆرانیش حەسانەوەیەکی ئەبەدی، بۆهێنـدێکیش مەرگی هـەر جـۆرە ژیانێـک. بـەلام ژیـان دەم و سـاتی وای تێـدا پـڕاو پـڕ لەخۆشەویستی کە هەر ئەو ئاوایانەی بەختـەوەرین. لـەو دەشـتە کـاکی بـە کـاکی‌یـە کـە قـەت‌چمـان لـێ دەسـت ناکـەوێ. گرینـگ پێوانـە، نـەک وەگیرکەوتن. پیرە زەوی سەدان سـالە دەگەڵـهەر زسـتان و بـەهار خـولان ئەدەی، دەگەڵ شنەی نەورۆز دەژییەوە. وەرزی سوور و زەردو سپی، ماندوو نـابی. سـەدان، هـەزاران لاو چـاک و گـەورە پیـاوی وەکـوو ئـەمیرخانت گرتۆتەباوەش کە چی تێر نابی، چاوت پڕ نابێ. پێم بلێ کەی نۆرەمـە؟! ئـەو گوڵ ئەستێرانەی بەئاسماندا تیژ تێدەپـەڕن و رادەخوشـن. خۆزگـە منـیش یەکێ لە وانەبام. خان دەمرێ، عـەلی،دەکـووژرێ، مـن دەمێـنم! بـۆ ژیـان بەختەوەری بەشی من پێ ماوە؟! خان دەیویست من‌بژیم، لەبەر و بووی ژین بخۆم، تامی بەختەوەری بچێـژم. بـەلام.... سـەری هـەلێنانۆرەدارانی سـەر بورجی قەلایە هاتبوونە سەر دیوار و شوورەی بورجان. شوانە دەنگی‌هـەلێنا، گورانییەکەی بێدەنگی شەوی شکاند. ئاهەنگێکی کـۆن، هـۆرەی دەشـت و دەران‌بوو. کێ دەیزانی ئەو شێعر و ئاهەنگانە کێ دایناون، لە کەیەوە هاتوونە دی، چەندیان‌گۆڕان بە سەردا هاتووە؟! گۆرانییەکە هێند لە دلەوە هـەلقولی تەواوی کێو و دەشتی‌داپۆشی. ئاسمانی شین و ساو پڕ لە ئەسـتێرە دەنگـی داوە. جەماوەرەکە نوقمی خەیاڵببوون. ئاوازەکە هەراو بـوو، پـەرەی سـەند، دلەکان هاتنە جۆش. دەگـەڵ سـەر و ژێـری‌ئاهەنگەکـە شـەپۆلیان دا. ئـەو



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەنگەی با دەگەڵ خۆی دێنێ، لە کێو و بەندەنان‌دەزرینگێتەوە. ئەو گۆرانی و ئاهەنگانەی دەگەڵ تەپ و تۆزی رێ و بانان تێکەلاوە، دەگەڵشینایی چۆم و دەشــت. هــاورێی خــورە خــوڕی رووبــارە. دەگــەڵ بلــوێر و شمــشالی شوانان‌هاودەمە. چیها گۆرانی و مووسیقا خولقاون، لە ناوچوون، گۆڕاون. بەلام نیزیکترین وراستەوخۆترین مووسیقان کە دەگەڵ ژیـانی بەشـەر تێکـەلاون. هەر لە هەوەلی ژیان وسەرەتای دنیا فرچکی پێ گرتوون. مووسیقای ژیـان، شادی و مەرگ. مووسیقا بۆ هێوری‌شەپۆلی وێلی زرێبـار و گـۆل و چۆمـان، مووســیقای هــاوڕێی کەلــەک و گــەمێیان، مووچــە ومــەزرا و گــەمێوانان. مووسیقای یاد و بیرە کۆنەکان، مووسیقای دەشت و کێو. ئەوی گیانی‌تینووی ئینسان هەمیشە داخوازیەتی. دەگەڵ سەر و ژێری ئاهەنگ و شێعر دەچێتـە پێش،دەگری و پێدەکەنێ، هەلدەپـەڕێ و دەکەوێتـە سـەما. مووسـیقا ئـەو هاوزادەی ئیسنان،هەست دەبزوێنێ و رووح بەرەو فڕین و بـاڵ گـرتن دەبـا. جەماوەرەکە لە سەر بالی خەیاڵفڕین و بالیان گـرت، گەڕانـەوە سـەر زەوی. شوانە بێدەنگ بوو، سیحرەکە شـکا. خـەلکی‌وەجـم و جـۆڵ کـەوتن. شـەو درەنگ ببوو، بەرەو خەو کەوتنە رێ. ئەو گۆرانی‌یە دلدارییەئەلغبـەگی بـردە دنیایەکی دی، دوورتر لە ژینی شەڕ و هەللا و بـۆنی خـوێن، مەسـتی کـرد. لەژێر سیحری دەنگەکە بەرەو دیـوی خـاتوون کـشا. ئـەوە ئـەو نـەبوو کـە دەرۆیشت، سیحری‌گۆرانیەکە بوو. لە دەرکی هۆدەکە ئـەغیار بـۆوە. دووڵ بوو، غیرەتی نەبوو لە دەرکێ بدا.ماوەیەک هەروا ماوە. دلی وەخـت بـوو لـە قەفەزی سینەی بێتە دەرێ. دەستی بۆ دەرکە برد،هێـزی وەبـەر خۆنـا، لـە دەرکــەی دا. خــاتوون چــاوەڕێی کــەس نــەبوو، پێــی ســەیر بــوو: کێیــە بەودرەنگییە؟! دەرکەی کردەوە بە دیتنی ئەلغبەگ بزرکا، سـوور هەلگـەڕا. ئەلغبەگ دەستی‌بەلاشیپانەی گرت:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- ببووره، بێ وەختە....

قسەکەی بڕی وەپتەپت کەوت. چاوی پڕ لە خۆشەویستی و ئەوین بوو. چاوی لەچاوی بڕی:

- خاتوون ناژیم، بەخودای بێ تۆ هەناسە نادەم. وەختە لە سویێیانت شێت بم،چەواشە بم. ڕۆژ و شەوم لێ تێک چووە. تو خوداکەی تا کەنگێ دەنگ نەکەم، تۆ بلێ منچ بکەم؟!

پەریزاد چاوی لە عەرزەوە بڕی: «نا نابێ بزانێ، نابێ.» ئەو سەری دایخستبوو هەڵی‌نەهێنا: «نا نابێ دلخۆشی کەم. دەبێ لە خۆمی بتۆرێنم، بیرەنجێنم. من تا هەم مێردی‌ناکەمەوە. دەبێ بە توندی جوابی کەم، نابێ بزانێ خوشْم دەوێ. کێ دەزانی ئەویش چی‌بە سەر دێ؟! من قەرەبەختم، هەر چی منی خۆش بوێ شتێکی بەسەر دێ. ئەوە نەریتە.دەبێ لە خۆمی ناهومێد کەم، بیتۆرێنم. گوتی:

- ئەوە دەڵێی چی، تۆ برای منی. من تۆ بە کەسێکی خۆم دەزانم، ئەو قسانە چیە؟!

- بەلام تۆ خوشکی من نی. سەرت هەڵێنە و ئەو قسانە بکە.

سەری هەڵێنا. دەتگوت کێوی سەهۆلە. وەکوو تەواوی سەهۆلەکانی سولەخانەی لەنیگای دا کۆ کرابێتەوە . گوتی:

- تۆ برای منی، من قەت دڵ لە تۆ پیس ناکەم. من تا هەم مێردی ناکەمەوە.

ئەلغبەگ ئیدی گوێی لە قسەکانی نەبوو، دوور کەوتەوە. سەری دەبەرە خۆ نا بوو.دەنگی لاقی لە دوورەوە بێ واز دەهاتە گوێ. دەرکەی پێوەدا قەدەرێک هەروا ماوە. گریان‌ئەوکی گرتبوو. وەخت بوو بخنکێ. تا مردنێ هەر دەبوو بە خان وەفادار بێ. چراکەی‌کووژاندەوە، چۆ سەر پەنجەرەو



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

روانی. ئاسمان رەش و بێ بن، ئەستێرەکان کز و مات وبێ گرشە بوون. خەیالی تێکەڵ خەم و پەژارەی ئەوی بەرەو ژینێکی سارد و بێ گرشە وسۆ دەبرد......

ماوەیەکی ئەلغبەگ خۆی لە دیتنی پەریزاد پاراست. نەدەبوو ببینێ، دەبوو لە یادی‌بکا. ئەو تا مردن بە خان وەفادار بوو. ئەوە بەشی تەواوی ژنانی مێرد مردووی ئەوسەردەمەیە. دەبێ ئاوات و ئارەزۆکانیان بنێژن، ئەویش دەبوو لە یادبکا: ئەوین،بەختەوەری، ئەوانە هەموو ئەفسانەن. ئێستا کاری نەکراوی زۆرمان هەیە، ئەرکی‌ئەوڕۆمان زۆر قورستر لە جارانە. ژیان ماوەیەک لە بێدەنگی دا رابرد. بەیانێک کە لە خەوهەستان دەور و پشتی دمدم گیرا بوو، دەرزیت هەلاویشتبا وەعەرزی نەدەکەوت. هەزاران‌چەکدار و تفەنگچی قزلباش بە چەک و چۆلەوە، شەوەکی لە دەوری قەلا بارگەوبنەیان‌خستبوو. هەتا چاو هەتەرەی دەکرد، جەماوەر. دەتگوت مێشە و شلغەی داوە. ئەلغبەگ‌بە پەلە خۆی گەیاندە بورجی قەلا و روانی: دەرەقەتی ئەو عەزیایە دێین؟ ئەو لەشکرەچۆن گەیوەتە ئێرە؟! ئێمە دەقەلا خزیوین و ئاگامان لە هیچ نیە. دەبێ خێرا هێرش بکەینەسەر قەبان‌خان، بەلام ئێمە رادەمان کەمە. بلێی کەس بێتە یارمەتیمان؟ کەس دێتەهانامان؟! بەلام دەبێ راوەستین و قەلا بپارێزین. خێرا چۆ لای هاوڕێکانی. دەبوو وەخۆکەون. شەوانە هێرشەکانیان بۆ سەنگەرەکان زیاتر کرد. پەلاماریان دەکردە سەنگەران ودەگەڕانەوە قەلایە. چیهایان قزلباش و قۆرچی کوشت مەگەر خوا بزانێ. هەرچی باڕووتی‌هەیان بوو دەکاریان کرد. بارووت لە کەمێی دا. کەوتنە تەنگانە. وەستایان نەبوو بارووت‌دروست کا. لە دەرەوەش را کەس نەهاتە هانایان. خەبەر گەیبۆوە قەلایە ئەو سوارانەی‌دەهاتنە هانایان لە رێیە تووشی سولتان موقەدەم هاتوون و شکاون. بەو خەبەرەش زۆرتێک چوون.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەگەر قەلا بە جێ بێلن دەبنە پەند، هەتا هەتایە عالەم سەرکۆنەیان دەکا. ئەگەربمێننەوە بێ چەک و چۆل و ئازووخە چەندە دەوام دێنن؟! قۆرخانە کەوتبۆوە نەبوونی.گوللە و barووت لە کەمێی دابوو. بە جیرە باڕووتیان بە سەر پیاوەکان دادەبەشی. چار چبوو؟! دەبوو تا ئاخر کەس بە شەڕ بێن. شەوێک لە قۆرخانەی، ئەلغبەگ باڕووتی بە سەرتفەنگچیان دادەبەشی. ئاگری کزی چۆلە چراکە، ئەو دیوە تاریک و تنووکەی رووناک‌نەدەکرد. ئەلغبەگ گوتی:

- ئەو چرایە نیزیک کەنەوە.

یەکێک لە پیاوەکان چۆلە چراکەی نیزیک خستەوە. ئەلغبەگ بە پێوانە barووتی‌لەهەگبەکە دێنایە دەر و دەیدا بە تفەنگچێکان. چۆلە چراکە باش نەدەسووتا، دووکەلی‌دەکرد. لە نەکاو پریشکێک کەوتە هەگبەکە، گڕی لێ بلیند بوو. دەگەڵ پڕیشک، هاوار لەئەلغ بەگ هەستا و دیوەکەی لەرزاندەوە. هەرا و هوریا کەوتە قەلا. هەر یەکە بە لایەکداهەلات. پیاوەکان خەجلان، دەستیان تێک هالا. چڕە دووکەڵ و تەپ و تۆز دیوەکەی‌پڕکرد. دوو کەس ئازایانە خۆیان بە ژوور داکرد. پیلی ئەلغبەگیان گرت و لە قۆرخانەیان‌دوور خستەوە. ئەوانی دی هاتنە خۆ خەریکی کووژاندنەوەی ئاگرەکە بوون. ئەلغبەگ‌دەینالاند. سەروچاوی رەش وشین، خوێن و بەزی تێکەڵ ببوو. چەرمی بە سەر چاویداشۆڕ ببۆوە. چاوێکی بە جارێک شڕ و شپرزە ببوو. لێی دەترسای. خێرا حەکیمیان لە سەرحازر کرد. بە دیتنی زانی چی لە دەست نایە. لایەکی چاوی پەکی کەوتبوو. کوا تازە ئەوەدەبۆوە چاو. چەرمەکەی هەلپاچی ئەو جار خاوێنی کردەوە و هێندێکی هەتوان بۆ گرتەوەو لە سەری دانا. خاتوون کە ئەوەی بیست وەکوو شێتانی لێ هات بە سەری خۆی دادا:

- هەک سەلام لێ رابوو.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

به گریان و ڕۆڕۆ خۆی گەیاندە بن سەری. فرمێسکی سێ ڕێز و چوار ڕێز هاتنەخوارێ، هەرچی کردی و کراندی خۆی پێ ڕانەگیرا، وەخت بوو بخنکێ. سەری بەهەنیسکانەوە دەچوو: خودایە، ئەوە چ بوو؟ ئەو بەدبەختێ چ بوو شانی گرتین. مەگەر هەربۆ خۆی بزانێ ئەوەش قەزا و قەدەری خۆیەتی. دەبێ رازی بین بە رەزای وی. دەردەکانهێند زۆرن نایەنە ئەژمار، چیها چەرمەسەری و چارەرەشی دەبینین بێ دەواو دەرمان.ئەدی بۆ دەلێن هەر دەردەی دەرمانێکی هەیە. ئەدی کوا تازە چاوی ئەلغبەگ چادەبێتەوە؟! نای پیرە زەوی خۆزگە بە تۆپێکی گران لە ڕووپەڕی مێژوو پادەبوویەوە.دەتگوت تازە مەیتی خۆشەویستێکی بۆ هاتۆتەوە. هێند گریا خوێنی  لە چاوان هات.ئەلغبەگ لە سەر رەقی پشتێ لێی کەوتبوو، ئاگای لە خۆی نەبوو، بێ هۆش و ئیختیار. بەسەر سامییەوە چاوی لێدەکرد. ئێستا چۆن دەبێ و چمان بە سەر دێ. دوژمن نابێ بزانیئەگینا هەر ئەم شەوە قەلا دەگیرێتەوە. تازە کوا یەکێک وەکوو وی دەتوانێ قەلاداریێ بکا؟!لە پڕ یەکێک لە پیاوەکان هاتە ژوور و گوتی:

- خاتوون وەرە دەر کاریان پێتە.

خاتوون هەستا سەرپێ و بێ واز، ماندوو، دڵ بە خەم چۆوە دەر. پیاوەکان لە دەرێتەگبیر و رایان دەکرد. چەند کەس پێکەوە راوەستابوون یەکیان گوتی:

- تەواوی بارووتی قۆرخانە ئاگری گرت. ماڵ نەبوو میوان رووی تێکرد لەوەندیدی بوو.

ئەوی دی گوتی:

- داخوا ئاگرەکەیان بۆ کووژاوەتەوە؟!

گوتی: بەلێ کووژاندیانەوە.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

خـاتوون لێیـان نیزیـک بـۆوە. فەرهادبـەگ بـە مـاتی ڕاوەسـتا بـوو. فەرهادبەگ یەکێک لەخزمەکانی ئەلغبەگ بوو، دۆستی نیزیکی ئەلغبەگیش بوو. ئەو کاتەی لە ئەشکەوتیئەنهەر دەگەلی بوو، لە هەمووان پتری پـەرۆش بوو. بە دیتنی خاتوون پیاوەکان لێیان بڕێوە.پەریزاد گوتی:

- کارتان بە من بوو؟!

فەرهاد بەگ بە خەمباریەوە گوتی:

- خاتوون دەبێ قەلا بەجێ بێلین. ئـەوڕۆ و سـبەینێ قـەلا دەگـیرێ. باڕووت وئازووخەمان نەماوە. قەلایـەکی ڕە و ڕووت. چـۆن دەرووەسـتی ئـەو هەموو شەڕکەرە دێین.هەرچی حەولی داومانە لە خـۆڕایی بـووە. کەسـیش نایەتە هانامان، دەبێ پاشەکشێ بکەین‌و تا درەنگ نەبووە بڕۆین.

خاتوون گوتی:

- یانی ڕاکەین؟!

- مانەوە یانی خۆ بە کوشت دان. پیاوی شەڕمان کەمە. ئازووقەمان لێ بڕاوە. ئەدیچ دەکرێ؟!

خاتوون بە خەم و حەسرەتەوە چاوی هەلبـڕی، جـوابی نـەداوە. بـەرەو حەساریقەلایە کەوتە ڕێ. دەبوو خۆی بۆ جێ هێشتنی دووبارەی قەلا تەیار کا.

خەمی ئەلغبەگ لە لایەک و بێ دەرەتانی و نەبوونی بـاڕووت و هێرشـە سەختەکانیقەبانخان تەنگی پێ هەلچنی بوون. بـۆ دەرەقـەتی ئـەو لافـاوە دەهاتن؟ بەو چەنـد کەسـە چدەکـرا؟ لـە هـاتنی یارمـەتی ناهومێـد بـوون. لەشکرەکە مۆنجی دەدا. وەکوو مارێکی ڕەش‌دەخوشی و دەهاتە پێش. چـار چ بوو؟! خۆ مریشکە کوێرێکیش نەهاتـە هانایـان. دەبـوو قەلابـە دەسـتەوە بـدەن. چـوار پێـنج شـەو بـوو ئـەلغبـەگ وای بەسـەرهاتبووە. شـەوێکی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕەشهەرچی توانیان لە ولاخانیان نا و تەرمی برینداری ئەلغ بەگیان هاویشتە سەر پشتی ئەسپیو لە دەرفەتێک دا دەروازەیان کردەوە و هەلاتن. خاتوون نابەدڵ ڕەگەلیان کەوت. بە چاوی‌پڕ ئەسرینەوە چەنـد سـووکە ئـاوڕی داوە. دمدمی دوور و دوورتر دەهاتە بەرچاو، هەتا بەجارێ لێی ون بوو. بە دلی بـە خەم رووی کردە ئەنهەر لە مێژ بوو تەمری نەدیبوو. وەخت‌بوو لـە سـوێیانی شێت بێ.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

( ٩ )

ڕۆژ دەهات ئاوا بێ، ئێوارە بوو. ئێوارێکی درەنگ. زەوی لـە ژێـر سمـی ئەسپەکان کەوتبۆ نالەنال. سوارە دەهاتن، یەک بـە دوای یەکـدا. سـوارە لـە ئـاوایی نیزیـک دەبوونـەوە.تەقـەی سمـی ئەسـپەکان و پـشووی کەحێلـە ڕەسەنەکان تێکەڵاو ببوو. لەم سەر ئەو سەری کوردستانەوە میـوان دەهـات. ئەوانە پیاوی شایی بوون. لە شـنۆ و سـەلماس و گاودۆڵـەوەدەهاتن تـا لـەو شـایلۆغانە بەشـدار بـن. هـەرچی بانگیـان کردبـوو، بـە بارگـە و بنـە و خێوەتەوەهاتبوو. تا بەشێک لەو داوەتە بگێـڕێ. سـوارە خێوەتیـان خـست. بارگە و بنەیان دابەزاند.پاشاخان بە خۆی و خزم و کەسەکانیەوە بەرەو پیریان هـات. داوەت گیرابـوو، سـەروبنیدیـار نـەبوو. خێـوەت پڕاوپـڕ بـوون لـە حەشیمەت. کە ڕۆژ بۆوە، گۆوەند و ڕەش بەڵەک بوو،هەتا بەتلێک لـە شـەو دەچوو. دوور و نیزیکی خێوەتان بۆن و بەرامەی شێوی کەپۆ و لووتیپڕ کرد. بەلای پۆلە چنارەکەدا هەلکشا. خشپەی گـەلا چنارەکـان و هـاژەی چـەم، گیانیماندووی حەساندەوە. سواری هێندێکی ماندوو کردبوو. لە خێوەتەکان رابۆ نێو دێمەودایەک نەبوو. لە گۆڕایی بەرمالان خێوەتیان هەلـدابوو. بـەلای دارسـتانەکەدا ڕۆیـی.ولاتێکـی تاریـک و بێـدەنگ، جـێ جـێ بـە نـووری مانگەشەوەکە ڕووناک دەچوو. نسێ لێکدەکرانەوە. تاق و لۆ چرای نێو مالان ترووسکەی دەهات. بە کۆلانێک دا داگەڕا. چەندئافرەت بۆ لای دەهاتن. بـە تریقەتریق و پێکەنین خۆی لە تاریکایی داحەشاردا. ئەویان‌نەدیتبوو. لە ژێـر تریفەی مانگ یەکیان هەستی بۆ لای خۆی راکێشا. دلی وە کوتەکوت‌کەوت:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەوە کێیە؟! کیژەکە بە کنی دا تێپەڕی. ڕاوەستا هەتا هێندێک دوور کەوتنەوە. ئەوجار بە دوایان دا ڕۆیی، بەرەو ماڵە ئاغای ڕۆیین، تا دە دەرکێی کردنەوە لەویّ ماوە. ئەوجار کە تارماییەکان ون بوون ڕۆیی. هەستی بە خەفەت دەکرد. تەنیاییش چی لێ نەکرد.گەڕاوە لای خێوەتەکان. لە نێو خێوەتان بازاری نەردێن و جۆرابێن گەرم بوو. لەو داوەتەدۆست و دوژمن پێک شاد و شوکر ببوون. لە گۆڕایی بەرماڵان داوەت دەگەڕا. کیژ و کوڕبە بەرگی ڕازاوە، گەڕی ڕەشبەلەکیان دەنەخشاند. شەو داوەت گیرابوو. لە پێش‌خیوەتەکەی دانیشت قەدەر زەمانیک لە دنیای شەوی ڕوانی. جوانی شەو هەمیشەهەستی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. هەتا خەو لابەلای کرد هەر لەویّ دانیشت ئەو جار بەرەوحەجمین و هێمنی بوو. کزەی با، سەرمای بەرەبەیانی پاییز، تەزووی دەخستە لەش. بن‌ئاور و قەراغ ئاگردان خۆش ببوو. زەردە تازە لە سەرانی دابوو. میوان لە خەو هەستا بوون.خەلکی ئاوایی بەرەو کار و تێکۆشان و میوان بەرەو بەرچایی خواردن و بەشداری کردن‌لە شایی و دیلان بوون. بۆ لای کانی ماڵان تێهەڵ بوو. خەلک لە هات و چۆی دەست پێبوونی ڕۆژێکی نویّ دا بوون. هەریەکە کارێکی لەستۆ بوو. لە لایەک گیسک و بزن‌دەکووژرانەوە، لەو لاوە خەریکی خاوێن کردنەوەی ولات بوون، هێندێک خەریکی‌ئاوپڕژێن کردنی جێ داوەت بوون. هەتا لای چێشتانێ هەربە نێو دێ دا خولاوە و دەگەڵئەم و ئەو دوا ئەوجار کە تەقەی دەهۆڵ و زوڕناکە هاتە گوێی بەرەو داوەتەکە چوو. تاوێک‌بوو لە قەراغ داوەتێ ڕاوەستا بوو، وازی لە هەلپەڕین نەبوو. پۆلێک ژن و کیژ بەرەو داوەت‌دەهاتن. خورپەی کەوتێ، دلی وەکوتە کوت کەوت. هەو بوو، هەر ئەوی شەویّ دیبووی.سەرنجی ڕاکێشا، بەرگێکی پەمەیی لەبەر بوو، فیستانێکی ئاڵ دوورەنگی جیاواز،هەوری سەری بە گولینگی ڕەش و دراوی زێڕ ڕازاند بۆوە.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کەمەرەیەکی زێڕ نێو قەدەتەنگەکەی توند گرتبوو. گەردنییەکی زێڕی سوور تـا سـەر سـینگی پۆشـیبوو. پەرەنگـەکانیسـەری لـە ژێـر تیـشکی هـەتاو دەبریسکانەوە. بـۆ خۆشـی لـە ڕێـزی کیـژ و ژنـەکان وەکـوو ئەوپەرەنگانـە تروسکەی دەهات، لە نێویان دەدرۆشی: بلێی لە نیزیکەوەش وا جوان بـێ؟ بۆلای چوو، لێی خورد بۆوە. چاوەکانی دەتگوت گۆمی مەندی ئێوارانن لە ژێر سێبەریپۆلە بییان، شین و گەش. کەپۆی کورت و چەنەی خڕ بوو. برژانگی درێژ و پڕ،ڕوومەتەکانی مەیلەو ئاڵ. گەنم ڕەنگ و بەژن زراو بـوو. یـەک بـە یەکێ گوتەنی دەتگوت:بەندەی بێ عەیبە. نەیتوانی چاوی لـێ بتروکێنـێ. لەبەرگ و لیباس و هەلس و کەوتی رادیار بوو کچـە بـەگ و ئاغایـە. دەبـوو کچی خانەخوێ و میواندارەکە بێ، بۆیە هاتۆتە داوەتێ.کیژەکە هەستی بـەو نیگایانە کرد. سەری هەلێنا. بۆ ماوەیەکی کورت نیگایـان تێـک ئالقا،گیـانی یەکتریان دیت، رووت، هەروا مانەوە. ئەوە کیژەکە بـوو. نـەیتوانی چـی دی چاوی لێکا و سەری داخست. خۆ ئەویش لاوێکـی ناشـیرین نـەبوو، خـاولاو، شۆخ و شەنگ. بۆخۆشی دەیزانی دەتوانـێ زۆر دلان وەختۆکـە خـا. چ بـوو شەرمی کرد؟! بە دەوری داوەتەکەدا سووڕا و گەڕاوە جێی خۆی. بەژن بلیند و کەلەگەت بوو، پشتێنی گرێ چن بەستبوو.پەستەیەکی ڕەنگ نەباتی لەبەر بوو. سـۆرانی سـپی هـەلکردبوون شـەدەیەکی ڕەشـی لەسـەر بـوو. لفکـی بەردابۆوە. سەر و سکەی پیاوانە هەلکەوتبوو. سمێلێکی ڕەش و قەترانیپشت لێوە باریکەکانی نەخشاندبوو. چاوی هێندێک درێژوکە هەلکـەوتبوو. شـێوە وئاکاری لە گەورە پیـاوان دەچـوو. سـەرچۆپی داوەتی دەگێـڕا، دەسـرە بـە دەستەوە لاقـەکانیڕێـک و پێـک دەکـرد. کیـژ و ژن زۆر کـەم دەرەقـەتی پیاوەکان دەهاتن و دەیانتوانی پێ بە پێیوان ئەو داوەتە بگێـڕن. یـەکی زۆر لێ هاتوو و زانستی دەویست داوەتی وای پێ بکرێ.بـەرەو داوەتەکـە چـوو.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کچە سێرەی لێ گرتبوو. بە فیزەوە هەلدەپەڕی، ماندوویی‌نەدەناسی. بە تایبەت کە ئەو کچە جوانە چاوی لێدەکرد. ئەو جار هەوای داوەت گۆڕا،داوەت بوو بە شێخانی و پیاوەکان هێندێک هاتنە دەر. ئەویش وێڕای وان لە داوەت هاتەدەر. لای نیوەڕۆیە داوەت بەربوو. جەماوەر بەرەو نان خواردن و حەسانەوە بوون. ئێوارێئاسمان گرژ و مۆن بوو. هەورە رەشەکان پێشی هەتاویان گرتبوو. دەوری هەورەکان‌دەتکوت بەزێوی سپی تەنراوە. دووسێ باوەش تیشک لە نێو هەورە بۆر و چلکنەکان‌هاتبوونە دەر. سووچێکی ئاسمانی‌یان روون کردبوو. ئاسمان چلکن وبۆر بوو. هەوایەکی‌ناخۆش، دەتگوت وازی لە بارینە. بەلام تەنیا چەند پڕیشکی دا، بە حالٚ عەرزی تەڕکرد ونەکرد. بۆنی بارانە ولاتی داگرت. زەوی هەستی بەو تەڕی و بڕییە نەکرد. داوەت بەربوو.هەوا ناخۆش و سارد بوو. خەلک بەرەو ئاگر و کوچک ئاوران بوون. شەوێ دیسان داوەت‌ساز بوو. لە ژێر نووری مەشغەلٚ و ئاگردانان داوەت دەگەڕا. هەتا بەتلێک لە شەو چوو،کاتی خەو هات. ئەو حەوت رۆژە بۆ تەواوی خەلک کاتی هەلپەڕین و داوەت بوو.هەرچی ژن و پیاو و هەرزەکار بوو خەریکی هەلپەڕین و داوەت بوون. پیاوە پیر و بەسالاچووەکان خەریکی نەردێن و جۆرابێن و راوێژ و وت و وێژ بوون. لای قاوەلتوونێداوەت گیرابوو. داوەتەکە بەکرخان بوو. یەک دوو ژنی لێ زان و بە گورد هاوڕێی پیاوەکان‌هەلدەستان و دادەنیشتنەوە. هێندە لە زەبر هەلدەپەڕین دەتگوت گوڕمی لەمەشکەی‌دەدەن.ئەو لە لای سەرچۆپی هەلدەپەڕی. هەستی کرد یەکێک دەستی لێک دەکاتەوەسەری هەلێنا. کیژە چاو کالەکە بوو. پێی سەیر نەبوو بێتە دەستی. تەنیا لەشی گەرم داهاتو روومەتی سوور هەلگەڕا. هەستی بە گەرمای روومەتی کرد، دەستی گرت. دەستێکی‌نەرم و بچکۆلە، دەتگوت یەسکی تێدا نیە. هەستی بە بەختەوەری کرد و خۆشییەک



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

زایەگیانی. تەماشای کرد، کیژەکەش سوور هەلگەڕاوە. دەتگوت پەنجەی بە خوێنیان بەرووومەتێوە ناوە، چاوی بڕیبوە عەرزی. تازە گەڕێک هەلپــەڕیبوون شایەر پێی هــەلاکوت.چەنـد دراوی لـە بـەڕەکی کەواکـەی دەرێنـا و بـۆی هاویشت. کیژەکە زانی ئەوە کێیە دەگەلیهەلدەپەڕێ بەلام تەمر نەیدەزانی. دەبوو لێی بپرسێ، ویستی دەستی بکوشێ، بەلامجـوابی چ بـوو؟! بلێــی لـە دەستی نەچێتە دەرێ؟! لە سەر خوای، دەستی بە سـپایی تونـدکرد. کچـە دەتگوت هەستی نەکرد. وەهای ئـەو دەســتانە پـێ ئەسـپارد بـوو دەتگـوت بۆئەبەدە. چاوی لە چاوەکانی بڕیبوو ویستی شـتێکی لـێ وەخوێنــێ. بـەلام چاوی چیناخۆشی تێدا نەبوو. بۆیە وەزمان هات:

- جوانێ کچی کێی، نێوت چیە؟

گوتی: کچی پاشا خانم، نیوٌم ئەسمەرە.

گوتی: - کچی وا هەر لە خودای بە زیاد بێ.

ئەسمەر بزەیەکی هاتێ بـە شـەرمەوە سـەری داخـست. گـەڕێکی دی هەلپەرین ویستیبچێتە دەرێ، تەمر دەستی بەر نەدا:

- جارێ زوویە، بۆ دەرۆی؟!

ئەسمەر چاوی بە چاوی کەوت شل بۆوە. دەستیان تێک ئالقا، گرێ درا. ئـەو جارشــتێک بـە هێزتـر لـە گـەڕی داوەت لێکــی گـرێ دەدان. مانـدوو نەدەبوون، سەرخۆشهەلدەپـەڕین. ئـەوین هێلانـەی لـە دلی دا کردبـوون. داوەت لە کورتێی دا. تەپلەکە بێدەنگبوو. شایەر لێی بڕێوە، داوەت بـەربوو. نابەدڵ لێک هەلبڕان. گەرچی کچی خان و بەگانبەندی تالار و بالەخانــەن. بەلام کاتی داوەت و هەلپەرکێی برا و کەسیان وێڕای ژن و کیـژیگونـدی و ئاســایی هەلدەپــەڕن، و میوانــداری دەکــەن. ئەسمــەریش لـە داوەتی تاقـە براکەیئیزنی بوو، وێڕای ژنـانی دی هەلپــەڕێ. ئەسمــەر بــەرەو ئەنــدەروون



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کەوتە ڕێ تەمریش‌مات و حەیران بە تەنێ ماوە. نیو سەعات پتر لە خێوەتەکەی دا ڕاکشا. نەدەحەجمی، ئەم‌دیو ئەو دیوی دەکرد. بەلام بیرێک ئازاری دەدا. دەبوو قسەیەکی لێ بزانێ. دووسبەی‌بووک دەهات. ئێواری خەلک بلاوەی دەکرد. بەلام کێی لێ ڕاسپێرێ و چۆنی پێ بلێ؟!بەرەو نێو دێ کەوتەرێ. لە دەرکی مالێک ژنێکی گەڕاوە، جەڕەی لە سەرشانی، لە کانی‌دەهاتەوە. تەمر داوای ئاوی کرد. ژنە چۆ ژوور کاسەیەکی گلی پڕ کرد لە ئاو بۆی هێنا.ئاوەکەی وەرگرت و خۆی بە خواردنەوەی مەحتەڵ کرد:

- پووری ئاوێکی فێنک و خۆشە ئەوە ئی کام کانی‌یە؟!

- کوڕم چت دەوێ؟! ڕاستیم پێ بلێ.

- جا چووزانی شتێکم لێت دەوێ؟

- ڕۆلە خۆ ئەو سەرەم لە ئاشی سپی نەکردووە. لە خۆ گنخاندنت ڕادیارە، ئاوخواردنەوە بیانوویە.

- ڕاستیت دەوێ، چەند پرسیارم لێت هەیە. ئەگەر جوابم دەیەوە.

- جا ئەگەر بزانم و لە دەستم بێ بۆ جوابت نادەمەوە؟

- پووری وەک بزانی ئەسمەری پاشاخان چۆن کیژێکە؟ کەسی خۆش ناوێ؟مێردی دەکا؟!

- ڕاوەستە یەک یەک، جوابت دەدەمەوە. ئەسمەر کیژێکی زۆر باشە، زۆریش بەحەیا و ناموسە. گەرچی داواکاری زۆرە. پاشاخان دلی نایە بیداتە کەس، وەکوو من بزانم‌دلی بە کەسەوە نیە. ڕۆلە تۆ کێی ژن خوازی؟!

- پووری گیان بزانە قسەیەکم بۆ لێ نازانی.

دەستی دەبەر پشتێندی ناو کیسە دراوەکەی دەرێنا. ژنەکە چاوی لە کیسە دراوەکەکەوت. دلی خۆش بوو. بزەیەکی هاتێ. تەمر مستی پڕ کرد لە دراو و دەکۆشی ژنەی کرد.ژنە خێرا هەلیگرت و لە باخەلی نا. گوتی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- کوڕە لای کەس باس نەکەی. بێت و خان بزانێ کەلاکم داوێتە پێش سەیان. کامدەپێستی سەری داخنێ.

- نا دلنیا بە کەس لێم نابیسێ. زوو بۆم پێ بلێ. دووسبەی بووک دێ و بلاوەیدەکەین. با من شتێکی لێ بزانم بە بوون و نەبوون.

- نێو نیشانەی خۆتم بدەیە و سبەینێ بۆ جوابەکەی وەرەوە.

تەمر نێو و نیشانی خۆی دایە و بەرەو خێوەتەکان بوو، شەوێ، شەو داوەت گیرابوو.دەهۆڵ و زوورنا بۆ ساتێک بێدەنگ نەدەبوو. لە ژێر نووری سوور و زەردی ئاگردانەکانمات و کز دەیڕوانی: نەکا دایکم بەو کارە رازی نەبێ؟! بەلام نا ئەو ئاواتی بەختەوەری منە.جا بووک لەوەی باشتر هەیە. خۆزگە لێرە با و هەلبژاردەکەمی دیبا. بەلام بلێی پاشاخان بەوکارە رازی بێ؟! هەتا لای بەیانی لەبەر فکر و خەیاڵ خەوی لە چاوان نەکەوت. هەر بە نێوخیۆەتەکان داخولاوە هەتا وردە وردە ولات رووناک بوو. بەرەو خێوەتەکەی خۆی کەوتەرێ و درێژ بوو. ماندوو بوو، خەوی لێ کەوت. لای چێشتانێ وەخەبەر هات. بەرەو مالانکەوتە رێ. بیری تەنیا لە لای دوو چاوی کاڵ و نەخشین بوو. بەرەو نێو دێ بوو. دلینەدەسرەوت: بلێی جوابی چ بێ؟!

ژنە لە دەرکێ چاوەڕێی بوو. تەمر چاوی لە زاری بڕی و خێرا گوتی:

- دەی خێرا کە بلێ چی گوت، مێردم پێ دەکا؟!

ژنە پێکەنینی دەهات گوتی:

- هەک خودا مالێکتە خۆ دەلێی حەوت مانگانەی بۆ وا بە پەلەی؟!

- دەتۆ خوداکەی پێم بلێ. خۆ شەوی ئەم شەو خەوم نەهاتۆتە چاوان.

- دەلێ جا لەو باشتر مێرد بە کێ دەکەم. بەلام من لە سەر دلی باب و دایکمم. هەرکەسی ئەوان پێیان باش بێ من مێرد بەو دەکەم.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەو قسانە نیشانەی رەزا بوون. بەلام بەردێکی دی کەوتە بەر پێی. بلێی پاشاخانئەسمەری بداتێ؟! دلنیا بوو دەیداتێ. لە خۆڕا هەستی بە دلخۆشــی کرد. دەبوو بیبینێ. لەنیزیکەوە دەگەلی بدوێ. هەستی بکا. گوتی:

– ئێمە هەر ئەورۆ و سبەمان لێرە ماوە. دەبێ چاوێکم پێی بکەوێ. بلێ دلنیا بێ هەرئەم شەو دەنێرمە لای بابی.

مستێکی دراو دەرێنا و دەبەری دەستی نا. ژنە بە خۆشیەوە گوتی:

– چاوەڕێ بە، بزانم چۆن دەبێ. ئەگەر هات لە دارستانەکەی ئــەو لای دێچاوەڕێبە.

تەمر گوتی:

زۆر باشە.

قسەیان بڕێوە و هەر یەکە بۆ لایەک رۆیشت. ئەسمەر بە بیــستنی ئــەو قسەیە وەیاددایکی کەوت کە دەیکوت: کیژ دەبێ بە حەیا و شەرم بێ. نابــێ بە سانی بۆ کەس بچێتەژوان. کیژ دەبێ خۆ گران کا و...

بەلام، نەیدەتوانی: ئەو قسانە پڕ و پووچن. ژن بە خۆیەتی. هەر دەچم، خۆ بابمبزانێ دەمکووژێ. حەیاتی رەشم لێ دەبڕێ. کــەلاکم داوێتــە پــێش سەیان. بەلام ناتوانمنەچم. خودایە چ بکەم؟!

هەتا لای بەیانی خەوی لە چاوان نەکەوت. چاوی لە بەری میچی بڕی، بێ وەی چاولە سەر یەک دانێ: بۆ نابێ بزانێ منیش دەمەوێ. بۆ نابێ بیبینم، هەستی بکەم، دەگەلیبدوێم؟! بە خودای سبەینێ داد ئایشێ دەبەم و دەچم. داد ئایشێ سەرسپی دایکی بوو.لەوەتا لە یادی بوو دەگــەڵ دایکــی  دەچــۆ سەفەران، ئەو کاتەی دایکی خۆی بۆ چوونەمالەبابی ساز دەکــرد، دادئایــشێ پێش وی بارگەوبنەی تێک دەنا. جیا لە دایکی دەگەڵئامۆژنەکانیشی دەچــۆ جێیان. بەلام دەگەڵ وی دەهات؟! ئەگەر نەهات بە دایکی نالــێ؟! لەوانەیــە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جوابم نەداتەوە، ئەگەر نەهات چی؟! دایکم بەو قسەیە بزانێ دەمکووژێ، ئابڕووم‌دەبا. بەلام بە خودای هەر پێی دەلێم هەرچی دەبێ با ببێ. چۆ لای و گوتی:

- دادئایشێ گیان....

قسەکەی بڕی دەستی دەستۆی کرد، سەری بە سەریەوە نا. بێدەنگ بە خەمباری‌چاوی لێکرد. دایە ئایشێ زانی قسێکی پێیە. گوتی:

- چ بووە؟! ها چت دەوێ؟! چت لێ قەوماوە؟! بۆ وام چاو لێدەکەی؟!

بەشەرمەوە گوتی:

- دایە ئایشێ گیان. کارێکم پێتە.

- رۆلە روحم بخوازە.

بەبیستنی ئەو قسەیە هێندێک گەشاوە و دڵ خۆش بوو. رووداوەکەی بۆ گێڕاوە.

دایە ئایشێ بزرکا، ئەوە دەلێ چی؟! چی بە دمەوە؟! بە تووڕەیی گوتی:

- ئەیەڕۆ! ئەوە دەلێی چی؟ بە تەمای چی؟ چت لە بن سەری دایە. بە خودای بابت‌دەمکووژێ. ئەو سەرە سپێم دەتاشێ و سواری کەرێم دەکا. ئەوە خەریکی بە کوشتنم‌دەی؟! ئەسمەر دەستی گرت و گوتی:

- بە خودای هەر بە تۆ دەکرێ. ئەوە دلت دێ بێ دلێم کەی؟! تۆ بی و ئەو خودایەوەرە هانام. بە خودای چ ناکەم شەرمەزار بی. هەر ئەوەندە چاوێکمان پێک بکەوێ. کەس‌نازانێ زوو دەگەڕێینەوە.

دایە ئایشێ دلی نەرم بوو. ئەویش ئەمیرخانی باش دەناسی. دەیزانی چ کەلە پیاوێک‌بوو. تاریفی ئازایەتی و لێهاتوویی تەمری زۆر بیستبوو. رۆژ نەبوو باسی شەڕەکانی تەمرنەگاتە ئەو لایە. لەوەتا کەلبەلی ئەفشار بە خۆی و عێلاتەوە هاتبۆوە سەلماسێ، تەمر بۆبەرگری و پاراستنی ناوچە باسکی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هیمەتی هەلمالی بوو، لەشکرێکی گەورەی ڕێکخستبوو. دیارە پیاوی وا ئازا و دلێر کیژی پاشاخانی قابیلە. پاشاخان هەر بە کراسی بەریدەیداتێ، هەر لە سەر دەستان. بەلام بێت و بەو کارە بزانێ، دەیکووژێ، حەیاتی ڕەشی لێ دەستێنێ. ڕاستە زاوای چاکتر لە تەمری نابێ، بەلام ئەوەی بە خەیانەت دەزانێ و بەداوێن پیسی و نەنگ. ئەسمەر وێی هەلرووسکا، دەستی بە ماچ کردنی کرد. بە قوربان وسەدەقەی دەبوو دەیلێستەوە قانەقدی دەدا. دایە ئایشێ هەناسەی لێ بڕابوو. سوور وشین هەلگەڕابوو. گوتی:

– باشە بەسە، بەرم دە. ئەیەڕۆ بۆ ئەوەندە بێ شەرمی؟! ئای لەو ئاوری قودرەتێ بۆوا دەکا؟!

ئەسمەر لە باوەشی گرتبوو. سەری بە سینگەوە نابوو، بەری نەدەدا گوتی:

– کچێ خان بزانێ هەرتکمان دەکووژێ، پێستمان دەگوورێ. کەلاکمان داوێتە پێشسەگان. کامان دەپێستی سەری داخنێ. نا هەر دەگەڵ سەی دەچالێمان دەکا. نابێ پێبزانێ. باشە ئێستا بەو غەلە باییە باب ئاگای لە کوڕی نیە. بۆیەش کەس لە ون بوونمانئاگادار نابێ. کچێ کەس نەزانێ دەنا بابت دەمانکووژێ. ئەسمەر خاترجەمی کرد. سەر لەنیوەڕۆیە خەریکی ڕازاندنەوەی خۆی بوو. دەستێکی بەرگی سەوز لە ڕەنگی شینکە وسەوزێکانی دم چۆمی بارانـدێزێ کردەبەر. مێخەک بەندێکی شامیلە و مووررووی شینیلە یەخەی دا. خرخالێکی قزڵ منجقی تێکەڵ بە موورووی ڕەشی لە پێی بەست. مێخەکبەندێکی شەوە و زەردوویی و چەور و شیرینی پڕ گۆی زێڕی لە ملی کرد. زولفەکانی بەهەورێکی ڕەش پۆشی. بسکی لە بن هەورێ ئاوریشمەکەی هێنایە دەر و لە سەررووومەتی لوولی دا. هێندێکی عەتری بۆن خۆش بابی لە ئیسفەهانەوە بۆ هێنابوو، بڕێکیبە یەخەو بەرۆکی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

وەرکرد. ئەو جار کە دیتی سازە و کاری نەماوە بیکـا، کەوتـە خـەیالات.دلی سوار بوو، نەدەحەجمی. لە لایەکـەوە شـەرم لـەولاوە ئـەوین تـەنگیان پـێ هەلچنی بوو،نەیدەتوانی نەچێ. ئەوە چارەنووسی بـوو ئـەوی بـۆ لای خـۆی دەکێشا؟! نـا دلی بـوو. ئێوارێدایەئایـشێ رەگـەلی کـەوت. ئەسمـەر سـوور هەلگەرابوو. ترس و خۆفیش هێندێکی هەنگاوپێ شل کردبوو. نیـوەی رێیـە پتر هاتبوون ویستی بگەڕێتەوە. لاقی لە دوو نەدەهات، دلیرۆیشتنی نـەبوو. تەمر لە مێژ بوو لەوێ چاوەنواڕیان بوو، نەدەکرا بگەڕێتەوە. لەوانـە بووئەگـەر نەچێ ئەو کارەی بە گالتە بزانێ و نەنێرێتە لای بـابی. راوەسـتا، دایەئایـشێ تێگەیی وبزەی هاتێ:

- رۆلە ئەوە بۆ شل بوویەوە؟!

- دایەئایشێ بە خودای وەختە شێت بم. دەلێم بگەڕێمەوە. دەترسـێم بابم بەو کارەبزانێ، ناتوانم نەش چم، چ بکەم؟!

- رۆلە بۆ خۆت دەزانی، چت پێ باشە وا بکە.

هێندێک دانیشت دەستی وەبەر چەنەی هەلدا، بـیری کـردەوە. بـەلام ئاخری ئەوەدلی بوو سەرکەوت. هەستا و وەڕی کەوت. دارستان بەرگی سوور و زەردی رنی بوو.بۆنی گەلا و ویشکەڵ دم و لووتی پڕ کردن. خشپەی گەلا لە ژێر پێیان و ئاسمانی ساو وشین لە ژوور سەریان. بەرەو کەندەکە تێهـەڵ بوون. تەمر زووتر لەوێ چەقی بوو. دوور ونیزیک دایەئایشێ گوتی:

- رۆلە من ئەوە لێرەم. بەلێنەکەت لە یاد نەکەی، زوو بگەڕێوە.

- من تەنیا ناچم، تۆش دەبێ بێی.

- ئەوە دەلێی چی؟! رۆلە من لێرە یەشکێ دەکێشم. نەوەکوو یـەکێک بەو لایە دا بێ.بە شەرمەوە بۆ لای چوو، تەمریش بۆ لای هات و سلاوی کرد.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەسمەر بە شەرمەوەجوابی داوە. تەمر بە بزەیەکی شیرین چاوی لێدەکرد. ماوەیەک بێدەنگ دەبەر یەکتریان‌هەلڕوانی. تەمر وەزمان هات:

– ئەسمەرگیان ئەوە ئەتۆی؟! بڕوا ناکەم. بە خودای لە تاوانت نەماوم، کچێ تۆ بۆهێندە جوانی. هەرتک دەستی گرت. ئەسمەر سەری داخستبوو. تەمر دەستی توند توندگرتبوو. رێکی دەکوشی. ئەسمەر هاواری لێ بلیند بوو:

– ئای...

تەمر وەخۆ هاتەوە:

– گیانە بە خودای شەوی ئەم شەو خەوم لێ نەکەوتووە. بلێی بابت رازی بێ؟ هەرئەم شەو دەنێرم. پێت وایە جوابی چیە؟!

ئەسمەر گوتی:

– جا چووزانم. منیش زۆر نیگەرانم.

تەمر کەوتبۆ خەیالات، ئەسمەر چاوی لە عەرزی بڕیبوو، بە بزەوە دەیڕوانی. قەدەرزەمانێک هەروا مانەوە تەمر وەقسە هات، باسی ئاوات و ئارەزۆکانی خۆی بۆ کرد.ئەسمەر گوێی بۆ داخستبوو. ئەویش تازە سەری قسانی کرابۆوە. ئەسمەر هەستی بەدرەنگی کات کرد. کوتی:

– دەبێ بڕۆم درەنگ دەبێ.

تەمر گوتی:

– نا زووە، کێ بە نەبوونمان دەزانێ خۆ باب ئاگای لە کوڕێ نیە. خۆ نەمدیتی.سبەینێ بلاوەی دەکەین. دەستی گرتەوە. ئەسمەر گوتی:

– دلم ناسرەوێ، بەرم دە دەبێ بڕۆم تا کەس نەیزانیوە.

ژوانەکەیان دوایی هات. ئەسمەر بە هەلاتن چۆ کن دایەئایشێ. ئەویش دەستێکی بەپشتی گرت و هەستا سەر پێیان. تەمر بە چاو بەرێی کردن.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هێندێکی دی دانیشت.دارستانەکە چۆل و بێدەنگ بوو. ئاسمان شین و شینتر دەچوو. ئەوجار بەرەو خێوەتەکانکەوتە رێ. دار و بەرد جوان و هەست بزوێن بوو. راست چۆ خێوەتی حەمەد بەگ وداواکەی خۆی پێ گوت. حەمەدبەگ بە بیستنی ئەو خەبەرە گەلێک شادبوو. گوتی:

– قەت کار لەوە باشتر نیە. جا کچ لە کچی پاشاخان باشتر هەیە. هەر ئەم شەو داوایدەکەین.

شەوێ لە مەجلیسێدا حەمەدبەگ داوای ئەسمەری کرد. پاشاخانیش هەر لەوێپیشکەشی کرد. حەمەدبەگ بە شادیەوە مزگێنی بۆ تەمر برد. تەمر هەتا شەو شە بووخەوی لێ نەکەوت. بیری هەر لای دایکی بوو. ئەوەی زانیبا چی دەگوت؟! بەیانی کە ژیانکەوتە سەر چەرخی رۆژێ، بە پەلە خۆیان ساز کرد. زۆر زوو بووکنچی کەوتنە رێ. لاینیوەڕۆیە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دەهات. ئەوانی لەدێ مابوونەوە بەرەو پیری بووکێچوون. دەهۆڵ و زوڕنا دەیکوتا چۆن. بە دووان قۆلی بووکیان گرتبوو. ئەوانی دیخەریکی رمبازێن بوون.. لەبەر دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا نەبایە بووکی هەژار لەو هات وهاوارە زەندەقی دەچوو. پۆلێک ژن و کچی ئاوایی بە شل و مل گوتن بووکیان بە خێرهاتنکرد. ئەسپ دەسلەمینەوە. سوارە جلەویان لێ توند دەکردن و لغاویان دەکێشا و ئەهوەنیاندەکردنەوە.

دوو سوار لە مەیدانی دێ تەقلەیان دەکرد. تەقلە و جلێت سواری ئازا و لێهاتوویدەویست. جاری وابوو دەگەڵ داریان دەوەشاند سوارەکەی دی راست نەدەبۆوە وحەیانی رەشی لێ دەبڕا. هەو هەوی سواران تێکەلاو ببوو. سوارە گەیشتنە نێو دێ، تەمروەپێش کەوت. لەبەر پەنجەرەی بالەخانەی مالە پاشاخانی سەرێک دیار بوو. زانی ئەوەئەسمەرە. ئازای لەشی تووشی سستی یەک هات، ئەسمەر هاتبۆوە سەیری بووکنیان.تەمر بە فیزەوە بەرەو جلیتەکە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بوو. دەبوو خۆ بنوێنێ. سەری ئەسپی وەرسووڕاند. ئەسپدەستی بە هەڵتۆز هەڵتۆزێ کرد، ملی نەدەدا، رکێفی لێ توند کرد، دەستی بە سەر و ملیداهێنا. یەکێک هاتە پێش. تەمرلەبەری هەلات و سوارە داری داهێنایە. دارەکە لە پشتکلکی ئەسپەکەی کەوت. تەمر دارەکەی دەست دایە، چاوێکی لە پەنجەرەی باڵەخانەکرد. سوارە لە پێشی هەلات، تەمر وەدوای کەوت. دوور و نیزیک سێرەی لێ گرت وداری وەشاند. راست لە نێوەڕاستی پشتی دا و گەڕاوە دواوە. سوارە وەدوای کەوتن.گەیشتەوە ئەولای مەیدانێ بەڵام کەس نەیگەیشتێ. هەر کەسە لەبەر خۆیەوە:

- هەک بژی، چاوی سەرم بی. خودا ئاگادارت بێ.

- هەک لە چاوی چلکن بە دووربی.

حەمەدبەگ مستێکی دراو دەسەر گێڕا، هەڵی هاویشت و کردیە سەدەقەی سەریتەمر. ژن و پیاو وردکە تێی هاڵان. بوو بە فڕێن فڕێن. تەمر سەی هەڵێنا، منداڵە وردکە وهەرزەکار وا لە سەریەک کۆ ببوونەوە دەتگوت هەرشتەن. ئەسمەر هەرلە بەر پەنجەرەراوەستابوو. زەرد و سووری کیژۆڵە و شاژنان تێکەڵاو ببوو. بە چەپلەڕێزان و سەمابووکیان بەرەو ماڵێ دەبرد. لە دەرکی ماڵێ بووکیان بە دوو کەسان قۆڵ گرت و دایانبەزاند وبەرەو دەرکێ کەوتنە رێ. بە چەند کەسان بووکیان زێرەوشان دەکرد. ئەسمەریش هاتبۆوەبەر هەیوانێ. ژن و پیاو و گەورە و چووکە خەریکی کۆ کردنەوەی پارە بوون دەتگوت گوێپڕووسکێنەیە. یەکتریان رادەکێشا. پێچ و کڵاو خوار دەبوون، پشتێند شل دەبۆوە. زاواسێوێکی بە دەستەوە لە سەربانی راوەستابوو. بە چەند کەسان بووکیان دەپاراست. بووکگەیشتە دەرکی حەساریێ زاوا سێوەکەی پێدادا. تەمر سێوەکەی لە حەوای گرتەوە وەدەباخەڵی نا. داوەت لە دەرێ دەگەڕا، بەڵام ئەسمەر ئیزنی نەبوو بێتە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەرێ. ئێستا کە داواکرابوو نەدەبوو بێتە دەرێ و بچێتە داوەتێ. هەتا ئێواری درەنگ داوەت دەگەڕا. ئەو جاربلاوەیان کرد و هەر کەسە گەڕاوە مالە خۆی.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

( ١٠ )

پاش نیـوەڕۆ بـوو، بـا هـەوری رەش و شـینی وەبـەر شـێلاقان دابـوو، دەیهێنان و دەیبردن.هەوا تەپ و تۆزاوی و ناخۆش، گژەبا و گێژەلووکە بوو. هەر سەر لە بەیانیەوە هەواناخۆش بوو. هەوری بـۆر و چلکـن دەور و پـشتی کێوەکانی تەنی بوو. لە پڕ بوو بە گۆپاڵـباران، بـاب ئاگـای لـە کـوڕی نـەما. جووتێر و گاوان و شوان چوونە بن بەردان. هەر کەس لەدەرێ بوو خۆی لـە پەسێوێک حەشاردا. سێلاو هەستا. کەنداو کەند، باقە گژ و گیای دەگەڵخۆی رامالی، کاو کۆتی هێنا. دەتگوت لە کەوی دەدا، گێژەوی پێ دەکرد. ئەوی لە سەررێی بوو رایمالی گوێلک، بزنە گڕوێ، مەنجەڵ، سەوەتە، باقەگیا.

پەریزاد لە پشت پەنجەرەوە ئەو لافاوەی دیـت، هـەرچی لەبـەری بـوو رایمالی ودەگەڵ خۆی برد: «ئەگەر پێشی کەلبەلی نەگیرێ ئێمەش وەکـوو ئەو شڕ و شالاتانە رادەدا ولە دۆڵ و دەران ئاوارە و دەربەدەرمان دەکـا ولـەو ناوچەیە راومان دەنێ، دەبێ وەکوو بەندپێشی بگرین. ئەگەر هەموو پێکـەوە بین دلنیام ناتوانێ چیدی زەوی و زارمان داگیرکا.لەودێ و دێهاتە بێ دەرک و دەروازەیە دا بە سانی دەروەستمان دێ. دەبێ رێیەکبدۆزینـەوە. دلنیـام رێیـەک هەیـە. بـەلام کێهـە رێ و چـۆن؟!» بـەرەو دیـوی تـەمر کەوتـەر رێ.ئەسمەر لە ژوورێ سەری دادێنا. بە دیتنی خەسووی خێرا دەسمالەکەی بە سەری دادا وراست بۆوە. پەریزاد گوتی:

– رۆلە دانیشە سەرت بهۆنەوە، فەرقی من و دایکت چیە.

ئەسمەر بە شەرمەوە چاوی لێکرد:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- چۆن شتی وا دەبێ!

پەریزاد قەت ئەوەندەی پێ جوان نەبوو. ئەو کاتەی حەمەدبەگ مزگێنی دایە لەخۆشیان چاوی پڕ بوو لە ئاو. ئاخر ئەوە تاقانەکەی بوو بووکی سووری بۆ دێنا.

بە بەختەوەری تەمز بزەی شادی کەوتە لێوان. دەیدی تەمر و ئەسمەر چەندەیان یەکتر خۆش دەوێ ئەویش وەیاد خۆشەویستی و ئەوینە ناکامەکانی خۆی دەکەوت. لەمێژ بوو لە ئەلغبەگ بێ خەبەر بوو، تاکوو عێلات دژی کەلبەلی ڕێک کەوت ئەویش وێڕای‌وان باسکی هیمەتی هەلمالی و جاروبارەش دەهاتە ئەنهەر و میوانی حەمەدبەگ دەبوو. تائێستا چاویان پێک نەکەوتبوو. بەلام جاروبارە خدر دەهاتە لای و باسی دەکرد. خدرماوەیەک بوو لە ئەنهەر بوو. ئیدی دەست و دووی جارانی نەمابوو و زۆر پیر و کەنفتببوو. بە کۆمەکۆم دەستی بە پشتی دەگرت و دەهاتە لای پەریزاد. لە دیوەخانێ و لە لای‌مەیتەر و خولام گیرسابۆوە و خاتوون گەلێکی ڕێز لێدەنا و قەدری دەگرت. ئەویش وەکووتەمر یادگاری ئەمیرخان بوو. پەریزاد لە ئەسمەر دا سەتحی مابوو. ئەویش بە شەرمەوەسەری داخستبوو. روخساری شلک و ناسکی هەر شەبەقی لێ دەبۆوە. دەتکوت‌خونچەی تازە پشکووتوویە و بزەی لە سەردەمە. یەک بە یەکێ گوتەنی دەلێی مەلاییکە دمو چاویان بۆ شوتووە. وەیاد حجێلی خۆی کەوت. ئەودەمی تازە بووک بوو، ئێستا گەردی‌پیری لە سەر قژی نەباریبوو. هەوێکانی ئێرەییان پێ دەبرد. هەر ئەوان نا سەرپاکی ژن وکیژی قەلایە. ڕۆژ نەبوو تانە و تەشەری لێ نەدرێ و قسەی تاڵ و سوێر نەبیسێ.چەندەیان نوشتە و سیحر لێدەکرد. زۆر جار دوعا و نوشتەی دەدیتەوە بۆیان لە ژێررێسمەی دەرکەی دەخست، لە سەر دەرانەی. بەقای بەو شتانە نەبوو. هێندەی خان‌خۆش دەویست و خوشەویست و نازدار بوو



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئیدی جێیەک بۆو شتانە نەمابۆوە. زۆریان‌نوشتەی ڕەشی بوون. دەیبردە لای خان ئەویش دەیکردەوە و بزەی دەهاتێ:

- ژن بەقای بە چ نیە!

دەیانگوت ئەگەر نوشتە بکرێتەوە بەتاڵ دەبێ. بەلام خۆشەویستی نوشتەی‌نەکراوەشی بەتاڵ دەکرد. چاوی لە ئەسمەر کرد. شانەکەی هەر بە دەستەوە بوو. زانی‌شەرمێ دەکا، چۆ دەر. لەو ماوەیەی ئەسمەریان خواستبوو، تەمر شەو و رۆژێ پڕ لەشادی و بەختەوەری بوو. چەند وەخت بوو لە شەڕ و هەلا دوور کەوتبۆوە. پەریزادیش‌دەیزانی گەنجالی و براکەی تا ئەو ناوچەیە نەگرن دەست هەلگرنین. ئێستاش لە قەلاتی‌ورمێ نیشتەجێ بوون لە تەڕی دەیانخوارد و لە ویشکی دەنوستن. بن قوونیان باش گەرم‌داهاتبوو. بە تێکڕایی خەریکی قەلاداری بوون. مووچە و مەزرای خەلکیان بە بەرەوەداگیر دەکرد و خەریکی کشت و کاڵ بوون. بەلام دەکرێ هەر دەست لە سەر دەست دانێن‌و دەنگ نەکەن؟! دەبوو قەلایەک بدۆزنەوە و تێی‌دانیشتەجێ بن، هەتا هەموو رۆژێدەگەڵ شەڕ قەوما ناچار نەبن ماڵ و حالیان بەجێ هێلن و رابکەن. دەبوو جێیکیان بێ بەپشت ئەستووری لەوێدا بژین و بەشەڕ بێن. تەمر لە دیوەخانێ بوو. پەریزاد لە دوای نارد.ئیدی ئەو شاعەبباسی زالم و خوێن رێژ دەستەلاتی جارانی نەمابوو. شاعەبباسی زالم،دل رە و بێ بەزە، ئەو کە روحمی بە کوڕەکانی خۆشی نەکرد. ئەو کە سێ کوڕی خۆی‌کوێر کرد و کوشتنی. ئێستا پیر بووە لە دەست و دوو کەوتووە. ئەوە دنیایە دەوور گۆڕاوە.هەر جارە بە مرادی دلی یەکێک دەسووڕێ. هەر ئەوڕۆ و سبەیە یەکی دی جێی وی‌دەگرێتەوە. تەمر وەژوور کەوت بە دیتنی دایکی دەستەو نەزەر راوەستا. تەمر ئیدی بۆخوی پیاوێکە،



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئازا و بوێرە، دوڕ ناس و دلێرە، نەبەزە، دەتوانــێ بــە ســانی دمــدم بگرێتــەوە وتۆلەی بابی بکاتەوە. دەتگوت کەلی کۆتانە لەوێ راوەستاوە:

- دایە گیان خێرە لە دووت ناردووم؟!

- کەسم گیان، خێر دەبێ بە هومێدی خودای. ویــستم بێــی هێنــدێک پێکەوە بدوێین.رۆلە زۆر لە مێژە بیدەنگی. کەلبەلی قــەلاتی ورمێــی داگــیر کردووە و خەریکی کشت و کالە.دەزانم رۆژێک دەگاتــە ئێرەکانــە. ئێمــەش ناکرێ هەتا شەڕێک قەوما ئاوارەی ولاتان بین.دەبێ تا درەنگ نەبووە کارێک بکەین. تەنیا بەو هێرشە جاروبارانە دەرەقەتی نایــەین. دەبێجێیــەکمان بــێ تێیدا بژین و کەس زەفــەرمان پــێ نــەبا. جێیــەک وەکــوو دمــدم، قــایم بــە شوورەیبەرز و گرانەوە. تەمر قسەکەی بڕی:

-بەلام دایە گرتنی دمدم وا بە سانی نیە.

- رۆلە بۆ کەسێکی جارێک لە گرتنی دابەشدار بووە و شارەزای کەلێن و قوژبنیەتیزۆر سەخت نیە. رێیەک هەیە، بلێی نەتوانین؟!

- دایە منیش گرتنەوەی دمدم بە کارێکی پێویــست دەزانم. بــەلام تــا بیرورایحەمەدبەگ و ردێن سپێکانی عێل چ بێ. من دەبێ دەگــەڵ وانــیش بدوێم. هەر ئێستا دەرۆمو کۆیان دەکەمەوە. خواحافیزی لــە دایکــی کــرد و بەرەو دیوەخان وەڕێ کەوت.

حەمەدبەگ بە بیستنی قسەکانی گوتی:

- خێرا وەلام بنێرە خزم و کەسان دەبــێ تــەگبیری لــێ بکــەین. مــن دەگەڵ تۆم و ئەو کارەبەباش دەزانم بزانین ئەوان دەلێن چی.

سارمبەگ پیرێکی بە سالاچووی پڕ تەمەن بوو. مووی سەر چۆکی لەبەر پیریان سپیببوو. کاتی قسە کردن دمی دەلــەرزی. گوچانەکــەی دەعــەرزی کوتا:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- من گرتنی دمدم پەسند دەکەم.

بەگە کوردەکان بە ئیحترامی سارمبەگ هیچیان ورتەیان لێوە نەهات گەرچی بەتێکڕایی لە سەر گرتنی قەلا سوور بوون و ئەو کارەیان بەدڵ بوو. حەمەدبەگ گوتی:

- هەرکەس ئەو کارەی پێ باش نیە قسە بکا.

هەموو سەریان راوەشاند و گوتیان:

- وەللا زۆر کارێکی باشە.

ئەو جار کە هەموو هاتنە سەر ئەوە. مابوو کە چۆن بۆی بچن و لە چ رێیەک زەفەریپێ دەبردرێ و کێهە رێ باشترە. سارمبەگ بە سەرهاتی کۆنی زۆر لەلابوو، پیێ وابوو بەگێڕانەوەی ئەو کارەساتە رێیەک بۆ گرتنی دمدم دەدۆزێتەوە گوتی:

- وەک بستوومە زۆر پێش هاتنی ئیسلام هەر لە جێی ئەو دمدمە قەلایەک هەبوو کەدەستی رۆژگار خاپووری کردووە. ئەمیرێکی سەر بزێو لە و قەلایە دەژیا و وەخت وناوەخت هێرشی دەکردە سەر گوندەکان و تالان و برۆی خۆی دەکرد و ئالای سەر بزێویهەڵ کردبوو. خەلکی سکالایان بردە بەر حاکمی ئەودەمی و گوتیان: ئەو زالمەمان لە کۆڵکەوە. حاکم لەشکری بردە سەری، بەلام هەرچی کردی دەرەقەتی نەهات. دەخزێ دەقەلایە و دەرکی داخراوی قەلا پێشی حاکم و لەشکرەکەی دەگرت. رۆژێک سەردارێکچۆ خزمەت حاکمی و گوتی: من ئەو کارە دەکەم بەو شەرتەی هەرچی من دەلێم بیکەن.بەگەکان گوێیان بۆو بەسەر هاتە شل کردبوو، تەواو کەوتبوونە نێو کات وساتی بە سەرهاتەکە. سارمبەگ دەستە لەرزۆکەکانی بە گوچانەکەی گرت و هەستا سەر پێیان:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- حاکم دەستووری دا کەس دەستی وەبەر دەستی نەهێنێ. لەو ناوچەیەپیرەدارێکی گەورە هەبوو. بە چەند کەسان دەستیان پێک دەگرت لێی نەدەگەیشتنەوە.ئەمری کرد بیبڕنەوە و راستەوپاستەی کەن. ئەو جارە کەندڕی دە دارەکەی خەن،سەدکەسی هێنا و دارەکەی پێ راکێشان. هەلگرتنی ئەو دارە بە سانی نەبوو. بۆیە دەیان خستەسەر چەند ئالوودار و دەیان کێشا. جێ دەستیان لێ دروست کردبوو. کەندڕەکان زوو زوودەپسان، ناچار دەستیان پێدەگرت و شانیان وەبەردەدا. لەشکر هێرشی کردە قەلایە.دارەکەیان هەروا رەکێش دەکرد و لە سەرەوە را ئەوانەیان وەبەر تیر و رمبان دابوو.لەشکری حاکمیش لە خوارێ را جوابیان دەداوە. ئەو دارەیان بە دەرکی قەلا دا دەدا.هێندەیان ئەو دارە پێدادا هەتا دەرکە شکا و چوونە ژوور و قەلایان گرتەوە.

ئەلغبەگ هەلیدایە:

-بەلام سارمبەگ ئەوانە ئەفسانەن. قەلای دمدم چ رێی بۆ گرتنی نیە. چونکی قەلاتەنیا دوو دەرکەی هەیە. یەکیان بەرەو باشوور دەکرێتەوە و لە گۆڕایی نیزیکترە و لەدەروازە رابۆ عەرزی رێیەک هەیە کە بە زەحمەت سوارێکی تێوە دەچێ. ئەوی دیشیان لەپانایی قەلاوە لای رۆژ هەلات، پالی وەبەرزایی چیا داوە و شوورەیەکی گەورەی بۆکێشراوە و بورجی بلیندی هەن و دەروازەیەک هیچ کامیان بە سانی ناگیرێن.هەر ناناگیرین. دیارە گرتنی قەلا بەو شێوەیە کە سارمبەگ دەلێ یەکتر ناگرنەوە. دەبێ رێیەکیدی بدۆزینەوە. من کە بۆ خۆم جارێک لە گرتنی دا بەشدار بووم و لە نیزیکەوە ئەو قەلایەمدیوە و ماوەیەک تێیدا ژیاوم دەزانم لە دەرێ را زەفەری پێ نابەین و ناکرێ.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بێدەنگ بوو چاوی لە تەمر کرد. تەمر دەستی بە سەری گرتبوو.دە بیران‌ڕۆچووبوو:گرتنەوەی لە لای ڕۆژهەلات را ناکرێ لەبەر بەرزی و بلیندی کەس وێی راناگا.بەلام لە لای باشوورەوە ئومێدێک هەیە. بەلام چۆن؟! شکاندنی ئەو دەرکەیە و چوونەژوور. بەلام خۆ سوارە ناگەنە دەرکی قەلا. دەبێ هێرشەکان لە لایەکانی دی را زۆر بن وکەس ئاگای لەوێ نەمێنێ و کارێک بکەین ئەو دەرکەیە ئاگر بگرێ. بۆو کارە پیاوی زۆرئازامان دەوێ.

حەمەدبەگ دیتی تەمر کەوتۆتە خەیالات. عاملاوی دەستی خۆی بوو باشی‌دەناسی. گوتی:

- ها تەمر چیە؟! ئەتۆ دەلێی چی؟!

تەمر پێشنیارەکەی خۆی بە وردی تێ گەیاندن. هەمووی ئەو کارەیان پەسند کرد. ئەوجار خەریکی لەشکر وەخرکردن بوون. هەر کەس دەستی شیری گرت، گەورە و بچووک‌بۆ گرتنی دمدم کەوتنە ڕێ. بە شیر و مەتال و زرێ و خوودەوە، سوار و پیادە، تیر هاوێژ وشیر بە دەست. دەور و پشتی قەلایان گرت و هێرشیان کردە سەری. لە سێ لاوەپەلاماریان بردێ. هێرشی بێ وچان، قەلایان وەبەر تیر و تفەنگاندا. لە ژوور قەلاوەخەریکی بەرگری بوون. هێرشەکان لە سێ لاوە بێ ئەمان بوو، وای لێهات ئاگایان لەدەروازەی باشوور نەما. چەند پیاوی ئازا باروتیان بە هەگبان بۆ دەرکی دەروازەی دەبردلە سەرێ را دەست ڕێژیان کردنێ و هیچیان دەر نەچوون. ئەو جار چەند کەسی دی‌جێیان گرتنەوە. هەتا گەینە دەرکی قەلا و هەگبەکانیان لە دەرکێ دانا و گەڕانەوە. بەمەنجەنیق دیوار و دەرکەی قەلایان داگرت، بەلام دەرکەکەیان بۆ نەنگێودرا. تەمرمەشغەلێکی ئاگردا. هەرچی حەمەدبەگ و سەردارەکانی دی پێیان گوت جوابی نەداوە.زۆریان گرت بایەکی دی بچێ گوتی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- نا هەر بۆ خۆم دەچم. ئەوە هەر کاری منە.

مەشغەڵەکە لە بەر هەڵاتن لەوانە بوو بکووژێتەوە. دەبوو بە سپایی بیبا هەتانەکووژێتەوە و ئاگاشی لە خۆی بێ نەنگێودرێ. ناچار سەبرسەبر دەڕۆیی و ئاگای لەئاورەکە بوو نەکووژێتەوە خوارە و پێچکەی دەکرد، دەڕۆیێ هەتا تیری وێ نەکەوێ. خۆیلە پالی گابەردان حەشار دەدا و بە بەردانەوە دەنووساند. حەمەدبەگ وەخت بوو لە تاوانشێت بێ. دەستەو دوعا دەپاڕاوە:

ئاگای لە شەڕەکە نەبوو تەنیا چاوی لە تەمر بڕیبوو. دەپاڕاوە، تەمر هەروا ڕۆیی تاگەیشتە دوور ونیزیکی قەلا و مابوو بگاتە دەرکی قەلا دەبوو مەشغەڵەکە وا باوێنەکووژێتەوە و ڕاست بکەوێتە سەر هەگبەکان و بۆ خۆشی خێرا دوور کەوێتەوە. دەناباڕووت گرتبای ئەویش ڕزگاری نەدەبوو. زەینی خۆی دایە هەگبەکان و هاویشتی. وهەرچی هێزی دەلاقی دابوو کۆی کردەوە و هەلات. دەگەڵ گڕ لە باڕووت بلیند بوو خۆیلە عەرزی دا. دار و بەرد دەنگی داوە و گڕ هەستا. تەپ و تۆزێکی زۆر بە ولاتی وەربوو.چڕە دووکەڵ و تەپ و تۆزێک بوو چاو چاوی نەدەدی. حەمەدبەگ لە تاو تەمری، بەهەڵاتن بەرەو دەروازە هەلات. تەماشای کرد تەمر هەستاوەتەوە و ئازای گیانی خۆڵ وخاکە و بۆ لای دێ. لە چاو ترووکانێک دا دەروازە کراوە و هەتا قەلانشینەکان وەخۆهاتنەوە پیاوەکانی تەمر چوون دە قەلاوە و دەگەڵ قەلانشینەکان دە گژ یەک ڕاچوون وهەرچی کووژرا کووژرا. ئەوی دیيان بە دیل گرت. چەند سوار بەرەو دمدم ئەسپیان لینگدابوو، دەیانئاژوا. یەکیان چاوی لە ئاسمان بڕیبوو. پۆلێک کۆتری باڵ ڕەنگین بە ئاسمانیقەلادا دەخولانەوە، شاد و سەرخۆش دەفڕین و بالیان دەگرت و دەگەڕانەوە. پیرە پیاوەکانبەیتی دمدمی فەقێ تەیرانیان دەگوێ دا دەزرینگاوە:

ڕەف ڕەفا قاز و ئوردەکان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دفڕن لە دەر و کولەکان
حەیفا منە لوان چاو بەلەکان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com